# دەربار

خوسرەو جاف

٨

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی هەشتەم

ناوی کتێب: دەربار - بەرگی هەشتەم
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٦٠
نووسیاری - تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

خـەیمەگـای پەنابەران هـاتوچۆ لەناو خـۆیدا بەئـازادی دەکرا. هـەزاران چادر برێکی ڕیز و برێکی کۆمـەڵ کۆمـەڵ لە تەنیشـتی یەکـەوە بەپێی تیــرە و خــزم و خــوێشـــەوە دوورو نزیکی یەکـدی هـەڵدرابـوون. نە دەرمـانگایەک نە تیمـارسـتـانێک نە پزیشـکێک هیـچ جـۆرێ کـاروباری خـزمــەتگوزارییـەک لـەو خـەیمەگـایە بیـست هـەزار جـۆرە کـەسـیـیـە نەدەبینرا. لێـپـرسـراوانی دەوڵـەتی ئێـراق لایان خـۆش و ڕوویـان تێ کردوون لە قووڵایی دەروونیـاندا نەیان دەتوانی بەدۆسـتیـان بزانن و لە ڕیزی دوژمـنـانـی سـبـەینێـیـان دانابوون. بـەپێـی ئایدەلـۆژیەتـی پـان عـەرەبیـسم، ڕەگـەزی ئێـرانی سـا کـورد بێت یا عـەجـەم بەدۆست و هـاوپلەی خـۆیان نازانن. هـەروەک سـەردەمی ئەمەوییان تیان دەنوارِن.

هیـچ کـەسـێک لـەو پەنابەرانـە بێ پسـوولـەی دەزگـای مـوخـابەراتی ئێـراق ئەگـەر لە نەخـۆشـیـدا بمردا نەیدەتوانی ڕوو لە هیـچ شـارێک و هیـچ دەواو دەرمــانێک کــا. بەبۆنـەی پســوولەی هـاتوچـۆی شــارانی دەوروبەر و دوورەوە، دەزگـای ئەمن و موخـابەرات توانیبوویان چەندین سـیـخورِ و جاسـووس و چاوسـاقێک لەنێو خـەیمەگـادا بەدەست بهێنن چەند سـیـخـــورێکی نـاســراوی کـــوردی ئێـراقی دەڵال ئـاســا بـەنـاو خــەیمـەگــاکـــەدا ڕۆژانە جــرت و فــرتیــان بوو. ئـەوانە پێــوەندییــان بەخــەڵکێکی کــوردی خـۆفـرۆشــەوە بوو. لە دەســتگـای مـوخـــابەراتی ئێــراقـدا باوەڕپێکراو بڕین و دووریـنی بەدەســتــەوە بوو بەنـاوی "ئەبو

مـازن"؛ جانـەوەرێک بوو بۆخـۆی. خـەڵکی ئوردوگـا زۆربە زۆرینەکـەی خـێڵ و عـەشـایەرو لادێیـەکانی دەوروبـەری سنوور و تاک و تەراکـیش سـەربازی ڕاکـردوو وردە سـیـاسی و پەیڕەوانی حـزب و کـۆمـەڵە چەکـدارەکـانی لە دەوڵـەت یاخـی بوون. ئەوانـەی وزەو توانای شـەڕو بەربەرەکـانـیـان لە خـۆدا نەدەدی، بڕێکی دیش هـەژاری و ئاشـوفتـە بازاڕی دەوروبەری سـەری پێ هەڵگرتبـوو بەئوردوگـای پەنابەری ڕازی بووبوون. فـەرهـاد و کـۆرش بـەپەنابەر ناو نـووسـرابـوون. هەر لە ڕۆژی یەکـەمـەوە لـەلایەن دەڵاڵـەکـانـی "مـوخـابەرات"ەوە خـرابوونـە ژێر چـاودێرەوە. بـەدوولا بـۆی دەچـوون تـرسـی ئـەوەیـان هـەبـوو لـەلایـەن دەسـتگای سـاوامـای سـەر بەئێـران نێـراوبن، لەلایەکی دیکەیشـەوە تەماحگیری کار پێسپاردنیـان پێ هـەبوو. بەمەرجێ کار ئەنجامدانیان تیـا دەبینی، شکڵ و شـەمـایلیـان لە عـەشـایەر جـیـاواز و بۆ کـاری موخابەراتی و خراوکاری دەستیان دەدا.

– هـەرچۆنێک بووە دەمەوێ سەرێکی شاری سولەیمانی بدەم.

– منیش دێم.

– لێگەڕێ با ئەمجـارەیان بەتەنـهـایی بڕۆم و بزانم وەزعی خزمـانم چۆنن. ئەگەر بەدڵم بوو زانیم شـیـاوە هـاتنت، لـەگەڵ خـۆمت دەبەم، بۆ جاری دووهـەم.

– زۆر دەمێنیتەوە؟

– ڕەنگە.

– ئەی من؟ بێ من پێت دەکرێت؟

– لێم مەترسە.

– دەبێ موخـابەرات نامەت بۆ بنووسن وانا؟

– با، دوێنێ یەکێک لە کوڕە موخابەراتییەکان قسەی لەگەڵم کرد و چۆنی و چاکی کەوتە نێوانمانەوە. وتی:

– هەر کار و بارێکم هەبێت ئەنجامی دەدا.

– کەواتە نانت لە ڕۆندایە. ئەوانە خۆیان بەهەمەکارەی ئەم ئوردوگایە دەزانن و لە ڕاستیدا زۆر شتیان پێدەکرێت.

– منیش لام سەیرە چۆن وا بەگەرمی لەگەڵما دوا؟

– ڕەنگە ئەویش وەک برادەران نیازی کارێکی تایبەتی پێت هەبێت.

– قسەی حیز مەکە. بڕیارم داوە لەم دەور و بەرەدا ئەگەر سوێم بوەتەوە نە بدەم و نە بکەم.

– ئەی خۆمان تاوڵی دەکەین یا دۆمینە؟

– هەتیو ئەوە خۆماڵییە. مەبەستم دەرودەشتە.

– ڕاست دەکەی. خەریک بووم زووتر پێت بڵێم دوایی ناومان دەزڕێ و شار بەدەرمان دەکەن، نایکەن؟

– ناگاتە ئەوە. بڕیارەو داومە.

– جا داوتە؟

– لە تۆ زیاتر نەء . بۆچی خۆت نازانی؟

– بەقوربانت بم هوشیار بە. تۆ بۆ سولەیمانی دەڕۆیت دەڵێن لەو شارەدا لە هەزار مەترییەوە حیز دەناسن. نەکا ئەداو ئەتوار وەدەر بهێنیت، دوایی بەئێوارەوە گایراوی.

– بەخوا بەخوا جۆرێک ڕەفتار دەکەم هەر کەسێک بمبینێت دەبێ بڵێت ببێ و نەبێ توخمی فەتح عەلی شای قاجارە.

– جا خانە خراپ! دەڵێن فەتح عەلی شا هەزارو دووسەد ژنی

هەبووە؛ بەو حیسابە نیوەی ئێران توخماتی ئەون و شازادەن.

– کورە ئەو نا، سەگبابێکی دی. لەو هەموو شا خوێڕیانەی لە ئێراندا حوکمیان ڕانیوە.

– ئەشهەدو ئەم قسەت شەکەرە. ئەوە شا نازانم کێیەو ئەوە شا سولتان حوسەینی سەفەوی و ئەمەش لەم دواییەدا حەمە ڕەزاشای پەهلەوی کە لە هەموویان خوێڕیتر بوو.

یەشتا ئەمەم لا نەدرکاندووی، باوکم سەروکاری لەگەڵ ساواکدا گەرم بوو. بۆ خۆیشی کەللەشەقێکی ناسراوی نێو شار بوو. ڕەنگە ناوی "ڕەحمان ملکی"یت بیستبێت.

– وەڵا خۆ سەدجار. بۆچی تۆ کوڕی ئەویت.

– یانی نەتدەزانی؟

– وەهەرچی ئیمام هەیە ئەمەم نەزانیوە. قەور هەڵت نەتەکێنێت ڕەحمان.

– لێگەڕێ، جا لەم دوا دواییەدا لەپی بەلەپدا دەداو خۆی دەخوارد و لە شا تووڕە دەبوو:

– دە بجوڵێ، دە کارێک بکە. هێز و گارد و ماردت بۆ کەی؟ دایکم وەڵامی دەدایەوە: خۆ خوێڕیەتی لە خوێندایە. پێشینان ڕاستیان وتووە سەد ڕەحماتیان لێ بێت! عەیبە نایڵێم. باوکم ئاڵۆز دەبوو دەیوت: یا سەرەتا نەتوتبا یا وتت تەواوی کە.

ئینجا دایکم بەشەرمەوە دەیوت:

– کابرایە سواری کابرایەکی دی بووبوو، خنجەرێکی بەبەرۆکەوە بوو. لێی پرسی:

– ئەو خنجەرەت بۆ چییە؟

– وتی: بۆ ڕۆژی تەنگانە.

وتی: جا حیزباب تەنگانە لەمە تەنگانەتر.

– باشە باوکت چی بەسەرهات؟

– کوشتیان.

– کورە ئەم دەوڵەتی مەلایەنە شەرەفیان نییە.

– هەقم بەوەی نییە هەیانە یا نا... ئەوان نەیان کوشت.

– ئەی چۆن؟

– کابرایەکی کوشتبوو. کوڕەکەی لە تۆڵەی باوکیدا کوشتی و تەواو.

– حەقی ناسێنیت؟

– ئەوەلەن بەحەق کوژراوە و دووهەمی من کەی ئەوەندە بەغیرەتم هەروا لە خۆڕا پیاوم پێ ناکوژرێت، باوکمیشی کوشتبێت.

– ئەی تەماحت بخەنە بەرچی؟ پیاوت پێ دەکوژرێت؟

فەرهاد تۆزێک تێ ڕاما و لەسەرخۆ وتی:

– بیرم لێ نەکردوەتەوە نازانم، تۆ چی؟

– من بۆ پارە زۆرشت دەکەم و بەئاسانی پیاویشی بۆ دەکوژم.

– پارەت بدەنێ، دەمکوژی؟

– ئەوی تۆ بکوژێت بێ وژدانە. تۆ فرە ئازادی... لە ڕادە بەدەری.

خەڵکی ڕیزیان بەستبوو تا سواری "قفە" بوون و لە ڕووباری سیروان بپەڕێنەو. ئوردوگایان لەو دیوی سیروانەوە پا بەرجاکردبوو. بەچوار دەوریدا خاڵی چاودێری جۆرا و جۆریان دروست کردبوو. فەرهاد دووسێ کەسێکی ڕەت کردو ویستی لەویتریش تێپەڕێ کابرا بازووی گرت و وتی:

– کاکە لەسەرخۆت. ڕاستە هەر کەس دێ و پاشێلمان دەکاو دەبێت فەرمان بەرداربین، ئەی تۆ بۆ؟ لای خۆی هاوڵاتیمانی؟

– ببوورە برا.

– نەش بوورم چیم لەدەست دێت؟ بۆچی وەک مرۆڤ هەم تا بتوانم ببوورم. یا نەء؟

– دیارە زۆر ئاڵۆزی؟

– بوومە ئاگر کوێ دەسووتێنم؟

چوار پێنج سەربازی چەک بەدەستی سەر بەموخابەرات دوو لای ڕێڕەوی ڕیز بەستووەکانیان گرتبوو، بەداوی بچووکترین بیانودا دەگەڕان. ڕەنگ و ڕووی فەرهاد سرنجی ڕاکێشان، یەکێکیان تێی خوڕی:

– وەرە پێشەوە.

فەرهاد لەبەر دەستیا ڕاوەستا.

- هەبە مۆڵەت نامەکەت.

باوەک فەرهاد لە عەرەبی تێنەدەگەیشت، بەڵام ئەوەی تێگەیشت کە پسووڵەی "موخابەرات"ی دەوێ. لە گیرفانی وەدەری هێناو دای بەدەستیەوە.

فەرهاد چۆنیەتی خاڵە پشکنینەکان و ڕەفتاریان و جێگەکانیان هەمووی لەبەر کردبوو لەوێ وەدەر هات وتی:

- ئەمە یەک... و لەولاترەوە سواری جێبێکی ڕووسی بوو بەرەو شاری دەربەندیخان. دەنگی تەیارە هات لێخوڕەکە لای دا و لەبەر خۆیەوە وتی:

- ئێرانی بوون.

فەرهاد پرسی:

- چۆنت زانی؟

- دیارە. لە ڕۆژهەڵاتەوە هات دەنگەکەشی دەناسم. فڕۆکەی ئێراقی لەیراوە ناگەڕێتەوە. لێخوڕەکە دای بەسەر فەرمانی ماشینەکەیدا مەغروورانە وتی:

- گاڵتەیە، وەهەرچی پیر هەیە بەئەندازەی عەقیدێکی ئاسمانی لێی دەزانم. بڵێم تەیارەش دەزانم لێخوڕم درۆم نەکردووە.

یەکێک لە دواوە دانیشتبوو هەڵی دایە:

- ژاوە ژاو. هەم فشە فشت دەست پێ کردەوە.

- سالە قوت هەم خۆتت تێ هەڵقورتانەوە. لە دینی محەمەد بێوەر بم نەگبەتیی تۆ شەڕی ئێراق و ئێرانی هەڵگیرساندووە. گەوادێک نییە بتکوژێ و ئەم شەڕە ببڕێتەوە. دیسان لە خاڵی پشکنیندا ڕاوەستان کابرای "ئەمن" سەری لە پەنجەرەی ماشینەکە هێنایە ناوە:

- بۆ کوێ دەڕۆن؟

شوفێر وەڵامی دایەوە:

- سلێمانی و نەیهێڵا گرفتاری دروستکا پاکەتێکی جگەرەی "ڕۆسمان"ی خستە نێو لەپییەوە. بۆی دەرچوون.

فەرهاد هیچ جۆرە ئاگادارییەکی دەربارەی ماڵی پووری نە هەیبوو نە دەیزانی. بیستبووی کوڕو کچێکی هەیە بەناوی "تاڤگەو شالاو". ئیتر چ کارەن و لە چ توێژو چین و کۆمەڵێکن گلاڵەی نەدەکرد. دەیزانی دایکی کچە لادێییەک بووە وەک باوکی و بێگومان پوورەکەشی هەروەک ڕابوردووی دایک و باوکیەتی. ژمارەی تەلەفۆنی ماڵیانی دەزانی. گەیشتە گەراژ و ژمارەکەی وەرگرت و ئافرەتێک وەڵامی دایەوە:

- فەرموو، کێی؟

- من فەرهادم. دەمەوێ لەگەڵ پوریێ ڕابعەدا قسە بکەم.

- کام فەرهاد؟

- فەرهادی ڕەحمانم، کوڕی سەبری.

- لە کوێنەوە قسە دەکەی؟

- لە گەراژەوە. ماڵتان نازانم.

- کام گەراژ؟

- نازانم با بپرسم.

دەستەی تەلیفۆنەکەی لە گوێیەوە دوورخستەوە لە کابرای پشت مێزەکەی پرسی:

- کاکە ئەم گەراژە ناوی چییە؟

– گەراژی گەرمیان.

– پووریٚ ناوی گەراژی گەرمیانە.

– مەجوولێ ئێستا دەنێرم بەدواتا.

پەنکەیەک بەسەر مێزی کابرای گەراژدارەوە گیڤە گیڤی دەکرد کە خولەکەی تەواو دەکرد سەری دەهاتە لەرزین و دووبارە بەرەو خولی دی. ماشینی دی زۆر ڕاوەستابوون بەتەمای پڕ کردن و بەڕێ کەوتن. هەتاو ڕوخساری نابووە سەر زەوی، پەیتا پەیتا پوی گڕداری لە ئاستی ئێراق و ئێران دەکرد. هەمووان شەلاڵی عەرەق و بێ تاقەت و ئالۆز. فەرهاد پیاڵەیەک چای لەبەر دەستدابوو تانیوەی پڕی شەکەر و کە تێی ڕادا پیاڵە هاتە سەما و نیوەی چایەکەی ڕژایە نێو ژێر پیاڵەکە. چەند مێشێک لە تاوی گەرمادا تەمەلانە جێگەیان بەخۆڕا نەدەگرت. کچێکی بالا بەرزی جوانکیلەی چاو و ئەبرۆ پەیوەست هاتە ژوورا. زۆرتر لە مەعشووقەکانی خەیام و حافز دەچوو ڕوو بەکابرای گەراژدار:

– هاتووم بەدوای کوڕێکدا بەناوی فەرهاد.

فەرهاد گوێی لە قسەکەی بوو هەستایە سەرپا:

– من فەرهادم.

– منیش تاڤگەم.

– ماشائەڵلا!

تاڤگە پێکەنی و وتی:

– دایکم بەپەرۆشەوە چاوەڕوانە بابڕۆین.

– لە بیر و تێفکرینما وای بۆ نەدەچووم.

تاڤگە پەنجەرەی ماشینەکەی داخست و هوشیارانە نیمە ئاوڕێکی لە فەرهاد دایەوە:

– چۆنی بۆ دەچوویت؟

– تێفکرینێکی پچڕ پچڕی تێکەڵاو.

– بڵێم خەتای باوک و دایکمانە یا جەبری زەمان و توندو تیژیی سیاسەت؟

فەرهاد پاکەتە جگەرەکەی دەرکرد و ڕوو بەتاڤگە:

– ناکێشی؟

– نەخەیر.

– قەینا من بیکێشم.

– فەرموو ئازادی.

فەرهاد مژێکی لە جگەرە دا و ئارام وتی:

– هەردووکیان ئەوەسا سیاسەت بەوەشەوە ڕانەوەستاوە دەربەدەری وڵاتانی کردووین.

– سیاسەت کار و کردەوەی پڕ لە دژوارییە و قوربانی دەوێ.

– ڕاست دەکەی بەتایبەت بۆ ئێمەی کورد. ڕوو لە هەرکوێ کەین دیوار و بن بەستە. هەرچیمان بوو خستوومانەتە سەر تای تەرازووی کوردایەتی ماوەتەوە گیانمان لەویش درێخ ناکەین.

– ئێستا لە کوێیت؟

– لە کوێم؟ وەک هەزاران کوردی ئاوارە و دەربەدەر و ناچاری ژیانی نێو ئۆردوگام.

– نەت دەتوانی بەم چەشنە تووش نەبایتا؟

– بۆچی بەدەستی خۆم بوو. کێیە ساڵی چواری کۆلێژی میعماری بەجێ دەهێڵێت، ئەگەر ناچار نەکرابا؟

– وەڵڵا خۆ جێگەی داخە.

– ئەگەر ئەمساڵ دەرفەتیان دا ڕشتەی پەیکەر سازیم تەواو دەکرد...

– حەیف... خەفەتی مەخۆ... هەر تەواوی دەکەی ئەم شەڕە هەر دەبێت ببڕێتەوە.

– بەدیاریەوە ڕاناوەستم، هەر چۆنێک بووە خۆم دەگەیەنمە ئەوروپا.

تاڤگە ماشینی لە دەرگای حەوشی بردە ژوورەوە. دایکی لە تارمەکەدا چاوەڕوان ڕاوەستابوو. فەرهادی لە ئامێز گرت و ماشەڵڵا ماشەڵڵا بردییە ژوورەوە. زۆری نەخایاند دای کورکاند و بەسەر فەرهادا گریانی دەست پێکرد، بەدەم گریانەوە دەیوت: سەیری ڕۆژگار کە چی پێ کردووین. تاکە خوشکێکت هەبێت ئەم هەموو ساڵە نەیبینی. ڕۆڵە من تۆم جێهێلا تازە پات گرتبوو..ئەوەسا شازادەیەکی بۆ خۆت. ماشەڵڵا لەم قۆزی و جوانییە دەمزانی منداڵی سەبە هەر دەبێت وای لێ دەرچێت. ئەرێ خوشکەکەتیش وەک تۆ جوانە؟

فەرهاد سەری داخست و وەڵامی نەدایەوە.

ڕابعە هەڵساو وتی:

– بێگومان برسیتەو لە زوویەکەوە خواردنی خۆشت نەخواردووە وا نا؟

تاڤگە وەڵامی دایەوە:

– دایە کاک فەرهاد پێشمەرگەیە. پێشمەرگەش خواردنی خۆشی لە کوێ دەست دەکەوێ؟

– بەخوا نایەڵم بگەڕێتەوە تا بەچاکی نەحەسێتەوە.

تەلیفۆن زرنگایەوە، تاڤگە هەڵی گرت:

– چۆنی؟

–......

– ناتوانم بێم. پوورزاکەم لە ئێرانەوە هاتووە. تۆ وەرە ئەیرا کە هاتی بڕیاری لەسەر دەدەین.

دایکی لە ئاشپەزخانەوە بەدەنگی بەرز:

– کێ بوو ئەوە؟

–...!!

– بلێ بەکوردە بۆ نان خواردن بێت بۆ ئەیرا.

تاڤگە دووبارە ڕۆیشتەوە لای تەلیفۆنەوە بۆ دەعوەتەکەی دایکی. ئینجا ڕووی کردە فەرهاد و وتی:

– لەوە دەڕوا ژانتاو مانتات پێ نەبێت؟

– کەرکوڵ و بارسووک. ئێمەی ئاوارە ژانتامان لە کوێ بوو؟

– یانی هەر ئەو ڕانەک و چۆخە خاکییەت پێیە.

– بڕیارم دابوو لەیرا جل بکڕم یا هەر نەبێت یەک دوو پارچە قوماش بکڕم و لای خۆمان بەرگ دوورمان زۆرە.

– وەرە با ژووری نووستنەکەت پێ نیشان بدەم. ئەوەش سەرشۆرگەو تەوالێتە.

فەرهاد لە ڕووی نەدەهات هەواڵی باوکی تاڤگە بپرسێت و شالاوی براشی نەدەدی. بڕیاری دا لە دواییدا ئەو پرسیارە بکا. کە ورد دەبوویەوە لە ژیانی ماڵی پووری تێرو پڕ وەدی دەکرد و خودی

"تاڤگە"ی بەکلاس و بالا پەروەردە هاتە بەرچاو، لە ناچاریدا ئەو ڕیزە درۆیەی دەرپەڕاند لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– کێ بەدوای درۆکانمدا دەڕوا. تازە هەر خەڵکە و دەبینم زۆربەی کارو بار و گفتاریان پڕە لە درۆ. چی تیایە منیش چەند درۆیەک بدرکێنم؟ زەرەری بۆ کەس نییە، هەیەتی؟

کاتی نان خواردن هاتبوو تاڤگە و کوردە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون مێزی نان خواردن ڕازابوویەوە. تاڤگە دای لە دەرگای ژوورەکەی فەرهاد:

– وەرە دەرێ نان ئامادەیە.

فەرهاد چاوەڕوانی بانگکردنی دەکرد و ئامادە، کەوتە دوای. کوردە لە بەری هەستا، تاڤگە کەوتە نێوانیانەوە:

– ئەوە کوردەیە قوتابی پلەی ماجستێری ئەدەبی کوردییە و پێکەوە هەردووکمان لە بەغدا دەخوێنین.

فەرهاد و پووری بەرانبەر کوردە و تاڤگە دانیشتن.

دایکی تاڤگە کەوتە خزمەت گوزاری بەتاڤگەی وت:

– کچێ! ئاگات لە کوردە خانم بێت.

– دایە تۆ هەوای کاک فەرهادت پێوە بێت کوردە بۆ خۆی چینەی خۆی دەکا لێی مەترسە.

دووسێ جار تەماشای فەرهاد و کوردە لەیەکیان دا. کوردە لەژێر مێزەکەوە یەک دووجار ژەندییە تاڤگەوە. سەرەتا تێنەگەیشت تا چاوێکی بەرەو فەرهاد هەڵتەکاند، ئەو دەم تێگەیشت. تاڤگە ڕوو بەفەرهاد:

- کوردە خانم بەسەردان هاتووە، ماڵیان لە شاری بەغدایە. مانگی داهاتوو دەبێت دیفاع لە نامەی ماجستێرەکەی بکا. چوار مانگی تر منیش هەروا.

- ماشائەڵا! ئێمە سیاسەت کوشتمانی. بڕێک شت دەستیان دا بەیەکەوەو بەسەرما کۆمەڵی کرد و کوردایەتی، دەوڵەتی ئیسلامی و ململانی ڕۆژانەی نێو زانکو: ئەمانە وایان کرد بەناچاری کۆلێژمان بەجێ هێڵاو ڕاستەوخۆ کەوتینە شەڕەوەو وا پێشمەرگە و دەربەدەرین.

- تاڤگە بۆی گێڕامەوە... خەفەت مەخۆ! هەموو کەس ناگاتە پلەو پایەی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی. ئەوە نییە شالاوی برای "تاڤگە" ئەم دەوڵەتە دڕندەی لای ئێمە بیست ساڵی بۆ بڕیوەتەوەو ئەوەسا لە "ئەبو غەریب"ە من دەعەوەتت لێ دەکەم لە "دیفاع"ەکەمدا ئەگەر ئامادەبیت زۆرم لا خۆش دەبێت و پێی سەرفەراز دەبم.

فەرهاد بەتەمای ئاوا داوایێک نەبوو نەختێک منجە منجی کرد و وتی:

- زۆرم لا خۆشە، بەس نازانم چۆنی چارەکەم. بۆ خۆتان دەزانن بەندە پەنابەرم و ئێرانیشم.

- جا... ئەوە کەی گرنگە. چۆن مۆڵەتیان دای بۆ سلێمانی و ئەوەسا لە ماڵی ئێمەی. واش بۆ بەغدا دەیدەن.

دایکی تاڤگە هاتە نێوانەوە:

- منیش دێم سەر لە شالاو دەدەم.

فەرهاد ڕوو بەکوردە:

– ئەگەر بەقاچاخیش هاتووم، دێم. ئەوپەڕی ئەوەیە بمگرن و تووڕم دەنە زیندانەوە با بیدەن.

تاڤگە چاوێکی بەرەو فەرهاد هەڵتەکاند:

– پێشمەرگە یانی وا.

کوردە چەپڵەیەکی لێدا و وتی:

– یانی OK.

تاڤگە کەڵە پەنجەی مشتی ڕوو بەکوردە بەرز کردەوە بەمانای OK.

فەرهاد کەوتە بیرەوە: دیارە هەموو شت OKـەیە من نەبێت. تەواوی وجودم لەسەر بناغەی درۆ و دەلەسە و کڵاو کڵاو بنیاد ناوە. دەی چی بکەم هەلە و بۆم هەڵکەوتووە، فەرهاد لە دەستی نەدەی.

دانیشتووان دووسەد کەسێک دەبوون لە تەواوی شارەکانەوە نوێنەران هاتبوون. چەند کەسێک نەبێت، ئەندامانی ڕێکخراو هۆی کۆبوونەوەکەیان نەدەزانی. بەنوارِینی یەکدیدا دەیان پرسی:

– تۆ دەزانی؟

ڕێکخراو کۆشابوو کۆبوونەوەکە بەشێوەیەکی نهێنی و دوور لە پڕوپاگندە ئەنجام درێت. فسۆک و خەفیەی دەستگاکانی ئیتیلاعات لە زۆربەی شار و دێکانی کوردستاندا بڵاوبوبوونەوە. وردە وردە جاش و معاشیش لەیراو لەوێ کەوتوبووە نێوانەوە.

دار بەڕووە کۆنە ساڵەکانی سەر کانی "زوڵاڵ" پەل و بۆیان سەریان نابووە یەک. لەیراو لەوێ تیرئاوێژی تیشکی هەتاو پەلەپەل خۆی دەگەیاندە زەوی. لە دەوروبەردا گەرما هێڵەی دەکرد، یەشتا سێوەری ژێر درەختەکانی کانی "زوڵاڵ" ملکەچی هاڵاوی هاوین نەبووبوون.

یاسەمین لە نێوەڕاستی شەش ئەندامی سەرکردایەتیی ڕێکخراو لە سەربنی خەڵکەکەوە لە بەرزاییدا لە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوو. بەپارچەیەک "کلینکس" چاوی دەسڕی. هەمووان دەیاندی ژنە پۆڵایینەکەی ڕێکخراو وا دەگری. گریانی یاسەمین ئەویش بەرانبەر ئەندامانی پلەی باڵای ڕێکخراو بۆ خۆی پەنجەمۆری کارەساتێکی دەکرد، ئەوان لێی بێ ئاگان. هەرچۆنێکی بۆ دەچوون هیچیان بۆ دەرنەدەکەوت. "ئانوش"یش لە تارانەوە خۆی گەیاندبووە ئەوێ.

فـەرامـەرز باری تەندروسـتـی کـەوتبـووە لێـژی. ڕۆژگـاری ئەم دوایەی بەندیخانەی قـەسری قەجـەرو لێدان و گازو تاوەو شکەنجـەی شـەوانەی دەستەو دایەرەی خـەڵخاڵی تەرازووی لەش و ئەندام و پەیکەری تێکەڵاو کـردبوو. گـاڵۆک بەدەست لە تەنیشـت شـەش کـەسـەکـەوە چوارمـشـقی لەسـەر زەوی لێی ڕمـابوو. یاسـەمین لە چاو سـڕینا بـەردەوام، چەندین چەکــدار بەدەورو بـەردا هوشــیــارانە دەیان نـواڕی و ئامــادەی هـەر ڕووداوێک. هـەمووان بێدەنگ و چاوەڕوان. سـەرئەنجام هـاوڕێ "ئانوش" هـاتە قسـە:

- هـاوڕێیـــان! وا دەبیـنن زۆر لـە برادەرانـی ڕێکخــراو لـە ڕێگای دوورەوە بەهـەزار دژواری و مـەترسـی خـۆیان گـەیاندووەتـە ئەیرا . بەندە یەکێکم لەوانە؛ بێ شک ئەگـەر گرنگی ئەم کۆبوونە نەبوایە ئەم هـەمـوو ڕێگە و دژواری و مـەترسـییـەمـان نەدەخسـتـە پێشـتـان. ئاشکەرایە ئەم شــەڕەی وا تیـایداین ئـەمـڕۆ وەسـبـەی نـابڕێتـەوە و درێژا دەکـێشـێت. شـەڕەکـەش خـوێناوییـە؛ ئێمـە وەک ڕێکخـراو ئـەگـەر بەوردەکـارییـەوە ئامــادەی نەبـین زەرەر و زیانـی زۆرمــان لێ دەکــەوێ. ئانوش بـەدەست ئاماژەی بۆ یاسـەمین کرد:

- هەمـووتان ئەو شـێـرە ژنەی دەناسـن؟ یـاسـەمـین نموونـەی تەقـالاو ملمــلانێی خــوێناوی ڕێکخــراوەکــەمــانـە. بەتایبــەتیــوە نمـوونـەی ڕاسـتـەقینـەی ئافرەتانی سـەرتاسـەری ئێرانە. ئەوی لە توانای کـەسانی دیدا نەبووە، ئەو جەربەزانە ئەنجامی داوە.

یاسـەمین سـەری داخستبوو چاوی دەسڕی.

ئێمـەش وەک ئەندامانی بالای ڕێکخـراو دوای ئازادبوونی لە زیندانی شــا بەســەرفــەرازییــەوە بـەبالاترین پلـەی ڕێکخــراو هـەڵمــان بژارد.

ئەشەهەدو لەم ماوەی ڕابوردووەدا بەئەوپەڕی وردەکاری و لێهاتوویەوە ڕێکخراومانی ڕابەری کردووەو کاروباری وەستاکارانە بردووەتە ڕێگەوە. لەسەر داوای خۆی وای نیازە جێگەی ڕابەریەت بۆ کەسێکی دی چۆڵ بکاو ڕێکخراو کارێکی دیکەی پێ بسپێرێت. هەم هەمەو چپ و هوڕ کەوتە نێوانەوە. هەریەکە کەوتە چپە و وتووێژ لەگەڵ بندەستیدا.

ئانوش لەسەریەکە سێ چوار جار:

– هاوڕێیان! هەڤالان! تکایە بێدەنگ.

چپ و هوڕ و هەراوهوریا بەردەوام بوو. ناچار "ئانوش" هەروا ڕاوەستا تا تێکڕا بێدەنگ بوونەوە. دووبارە هاتەوە قسە:

– هەڤالان! منیش وەک ئێوە بەو بڕیارەی ڕازی نیم و کارو کردەوەو لەخۆبوردنی هەڤاڵ "یاسەمین" بەنموونەو ڕەسم و ڕەواڵی بەربەرەکانی ڕێکخراوەکەمان دادەنێم دژ بەیاساو دەسەڵاتە خوێناوییەکانی ئەوساو ئێستای وڵات. بەڵام بۆ خۆتان قوتابی و سوختە و عاشقی زیندەگی دیموکراسییانەن، ئەو مافەی لێی مەسێنن. ئەوە ئێوەو ئەمەش هاوڕێ یاسەمین. تەواوی دانیشتوان بەچەپڵە لێدانەوە هەڵسانە سەر پا، یاسەمین هەر دەستی خستبووە سەر سنگی و چاوی دەسڕی و جارجارێکی سەری تەعزیمی دادەنواندەوە. وردە وردەش چەپڵە بڕایەوەو خەڵکەکە دانیشتنەوە. یاسەمین دووبارە و چەند بارە چاوی سڕی:

– ئازیزان! هاوالانی ڕێگای... دەنگی یاسەمین پچڕپچڕو لەزرۆک دەنوا لەپڕ بەدەنگ بانگی گریانی بەرز بوویەوەو دایکورکان... گوێگران لە ڕێزو حورمەت و ستایشی ئەو گریانەدا مات و بێدەنگ و خامۆش

هەروا چاوەڕوان تا یاسەمین ژیر بوویەوە.

- برایان! داخم یەکجار زۆرە. مەرگی تێکۆشەران و برادەرانی لێهاتووی ڕێکخراوم زۆر دیوە. حەیف ئەو شانازییە نەبووە بەشم و ئەوان ڕۆیشتن و من مامەوە. پلەو پایەی مەرگ لە پێناوی ئارمان و بیروڕادا هێندە بەرزو بوڵەندە بەئاسانی بەدەست نایە. زۆر کۆشام بەدەستی بهێنم. تا من لێی نزیک دەبوومەوەو لە ئامێزی گرم دەیدا لە شەقەی باڵ و دیسانەوە دەمی خستەوە نێو ژینی تاڵ و ململان. شەوگاری پڕ لە ئازاری تاک ژووری ساواک و زیندانە جۆراو جۆرەکانم تاقی کردوەتەوە. ڕۆژ ژماری ژێر سێوەری داری قەنارەم لەگەڵ بێ دەرەتانیدا مانگان چێژاوە. ڕێکخراوە من پێی قەرزارم و پەروەردەی کردووم تا بەئەم ڕۆژە گەیشتووم. ئەوڕۆ جۆری تەقالای ڕێکخراو جیاوازە لەگەڵ سالانی ڕابوردووا. بەندە لەم ڕووەوە زۆر تێفکراوم... گەیشتوومەتە ئاکامێک کەسێکی دی، لە من شایستەتری ڕابەرییە. بەندە ئامادەی مەرگ هەم. بەلام ڕۆژگارێکە بەردەوامی و زیندەگی ڕێکخراو لە مەرگی من گرنگترە. من هەرچی لەیەکم دایەوە بۆم دەرکەوت لە ئاوا هەل و مەرجێکدا کەسێکی لە من بەهێزتر و بەئەزموونتر پێویستە بۆ ئەم جێگەیەی من داگیرم کردووە. جا تکاتان لێ دەکەم ڕابوردووی من و تێکۆشانی من لە بیرکەن و بیر لە ئێستای ڕێکخراو بکەنەوە. بەرژەوەندیی ڕێکخراو لەوەدایە بەندە لە جێگەیەکی دیدا بەردەوام بم. هەر کوێم بۆ دانەن ئامادەم؛ بەلام ئەگەر لە خۆمتان پرسی ئەو دەم ڕەنگە بۆچوونێکی تایبەتم هەبێت. لە ئێستاوە بەندە فەرمان بەردارم نەک فەرماندەر. جا بۆ ئەم مەبەستە هەرکەس بەخۆیدا دەنازێت و پێی وایە توانای ڕابەری تیادایە با هەستێتە سەر پا.

دیسانەوە بێدەنگی باڵی کشایە سەر دانیشتوانی سەر زەویدا. نە کەس هەستاو نە کەس هیچی لەدەم وەدەر هات.

یاسەمین بەدەنگی بەرز وتی:

– ها چیتان وت؟ لە چەندین لاوە دەنگ بەرز بوویەوە:

– تۆ ناوێک هەڵبژێرە.

– هەڵیبژێرم؟

زۆر کەس وەڵامی دایەوە:

– بەڵێ بەڵێ...

– بەندە وەک کەسێک ئەندامی سادەی ڕێکخراوم هاوڕێ "ئانوش" هەڵدەبژێرم.

خەڵکەکە سەرجەم هەستانە سەر پا و یەک دەم هاواریان کرد:

– پیرۆزە! پیرۆزە... پیرۆزە...

ئانوش تا ئەو دەمە لەولای شەش کەسەکەوە لە زەویدا دانیشتبوو. هەستایە سەر پا و چەندین جار سەری تەعزیمی بۆ هەڤالانی دانواندەوەو وردە وردە خەڵکەکە چاویان بڕییە دەمی هاوڕێ "ئانوش". نەختێک زۆرتر ڕۆیشتە پێشەوەو وتی:

– پێم وایە درێژا بەقسەکانم نەدەم باشتر بێت هەر ئەوەندە دەڵێم: لە پێناوی ڕێکخراودا "ئامادەی مەرگم". هەمووان بەنیشانەی باوەڕی بتەو ڕیزی چەپڵەیان لێداو ئەو دەم ئانوش بەهەردوو دەست ئاماژەی کرد تا بێدەنگ بن ئینجا وتی:

– من پێشنیاز دەکەم هاوڕێ یاسەمین و هاوڕێ فەلامەرز ڕەوانەی وڵاتانی ئەوروپا کەین تا ڕێکخراوەکەمان لەوێڕا بۆ بەڕێگەوە بەن... ڕازین بەوە؟

هەر هەمووان یەک دەنگ وەڵامیان دایەوە:

- بەڵێ.

- خاڵێکی دی ماوە. ئێمە ئەگەر هەر ئەوڕۆ ئەوانەی وا لەملاو لاوە هاتوون بڵاوەی لێ نەکەن، لە گەڕانەوەدا دووچاری گیروگرفت دەبن؛ چونکە دەنگ و باسی ئەم کۆبوونەوەیەمان هەر دەگاتە لای دوژمن. چاکتر وایە هەرچی زووتر بگەڕێنەوە بۆ هەوارگەی خۆیان. ئەمە بەیەکەمین فەرمانم دابنێن. دیسانەوە درا لە چەپڵە.

فـەرهـاد لـەژێر چادردا گـەرمـا بەتـەنگی هێنـابوو. بەڕانەک و فـانیلەوە ڕاکشـابوو، بەڕۆژنامـەیەک باوەشـێنی خـۆی دەکرد. ڕێچکەی عـەرەق دەتکایە سـەر پارچە مـۆکێتـەکەی ژێری. کۆرش لە نێو گـەرماو خـەودا وەک بووراوە بێت هـەردووکیان دەستیان وەبینی نابوو.

یەکـێک لـە زرتە زەلامـەکـانی "مـوخـابەرات" لە چەقی چادرەکـەدا ڕاوەستاو وتی:

– فەرهاد ڕەحمان!

فەرهاد ڕاپەڕی:

– بەڵێ ئەوە منم.

– وەرە لەگەڵم لە دایەرە بانگت دەکەن.

فەرهاد خۆی پۆشتە کردەوەو کەوتە دوای. هەرچی دەیبرد و دەیهێنا پەی بەو بانگکردنە نەدەبرد. لەملاولای ڕاڕەوی دوو ڕیزی چادرەکانەوە خەڵکی تەماشایان دەکرد. ئەو جۆرە بانگکردنەیان بەلاوە ئاسایی بوو.

– لەوێڕا دانیشە تا دێمەوە بۆ لات.

دووکـەسی دیکەیش پێش ئەو لە سـووچێکدا کـز هـەڵهـاتبـوون پەنکەیەک بەبنمـێـچـەوە دەسـووڕا. وێنەی "سـەدام" بـەدیوارەوە هەڵواسرابوو. پەردەیەکی چڵکنی کورتە باڵا بەسـەر پەنجەرەکەوە شۆڕ بووبوویەوە. کابرا هاتەوەو ئاماژەی بۆ فەرهاد کرد.

گـوێرەکـە ئاسـا کـەوتە دوای. ڕاڕەوێکی تاریکیـان تێـپـەڕاندو دەرگایەکیان لێ کردەوە. کابرایەک لە پشتی مێزەوە دەینووسی سەری بەرز نەکردەوە وتی:

– دانیشە.

کـابرا هـەر بەنووسـینـەوە خـەریک بوو. جگـەرە خـۆرێکی کـێـشـا سەرئەنجام هاتە قسە:

– ئێ کاک فەرهاد! شاری سولێمانیت پێ چۆن بوو؟

– قوربان! زۆرم لا خۆش بوو.

– ماڵی پوورت بەئاسانی دۆزییەوە؟

– قوربان ژمارەی تەلیفۆنی ماڵیانم پێ بوو.

– با ئەم لاو لا نەڕۆم و بڕۆمە نێو چەقی باسەکەمەوە. ئێمـە وای بۆ دەچین ئەگـەر هاوکـاریمان لەگـەڵ بکەیت، بۆ دوولامـان سـوودبەخش دەبێت.

– چی بکەم؟

– هاوکاری.

– یانی چی بکەم؟

– تۆ بڕیاری هاوکـاری بدە ئەو حـەلە ئێـمـە ڕێگەو ڕەسـمی هاوکارییەکەت بۆ دابین دەکەین.

– دەترسم پێم نەکرێت یانی دەمـەوێ بڵـێم ڕەنگە لە وزەو توانامـدا نەبێت.

– ئەوەیان لەسەر ئێمە. ئێمە پیاوی خۆمان دەناسین و دەزانین چی لە دەست دێ و چی لە باردایە.

فەرهاد تۆزێک تێڕاماو لەبەر خۆیەوە وتی: شتێکت هەیە لە دەستی دەی؟ هەرچی دێت لێگەڕێ بابێت. ئەمە ژیان نییە منی تێکەوتووم.

– باشە، بەمەرجێک جۆرێک بێت خەڵکی نێو ئوردوگا پێم نەزانێت.

– جا ئەگەر بزانن ئیدی هیچت لە دەست نایە. ئێمە ڕێنماییت دەکەین و بەرنامەت بۆ دادەنێین و وردە وردە کار لە سەری دەکەی.

– تێکڕا دەتانەوێ چی بکەم؟

– دوو جۆر کارمان بۆ داناوی: یەکەم دەنگ و باس و ڕاز و نیاز و پێوەندی نێوان ئوردوگاو دەوروبەری و ئەوانەی سەر بەدەوڵەتی ئیسلامین و بەناو بوونەتە پەنابەر و لە ڕاستیدا پیاوی دوژمنن. دووهەم دەنگ و باسی ناو ئێران و سوپای پاسداران و سوپاو بیروڕای خەڵکی لەنێو ئێراندا. ئەمانە سەرجەمی ئەو کارو بارانەیە پێت دەسپێرین... بێ شک لەو ڕووانەوە یارمەتیت دەدەین. ئامادەی هەیت، وا نا؟

– ئامادەم.

– زۆر باشە. بۆ متمانە و دوور لە گومانی دووسبەی دیسان دەنێرمە دواتا بەبەرچاوی خەڵکەوە کەلەبچەت دەکەن و دەت هێنین بۆ لامان. دوو ڕۆژت زیندان دەکەم تا لە شوبهەو گومانەوە دوور بیت. چاکە؟

– هەرچی جەنابت بەچاکی دەزانیت.

– لە چەکمەجەی مێزەکەیدا سەد دیناری دەرکرد و وتی:

– جارێک ئەمە وەرگرە تا دوایی. شتێکی دی ماوە [ئاماژەی بۆ کتاوێک کرد بەسەر مێزەکەیەوە دانرابوو] دەبینی؟

– بەڵێ قوربان!

– ئەوە قـورئـانی پیـرۆزە. وەرە دەسـتی پیا دە کـە ڕاسـتگۆ بیت لەگـەڵمـاندا، خـیـانەت لە سـەرۆک "سـەدام" نەکـەیت. وەرە پێـشـەوە. فەرهاد لەبەر مێزەکەدا ڕاوەستا.

– دەستت بخە سەری و بڵێ:

– بەم قـورئانە پیـرۆزە تا مـاوم بـەرانبـەر "سـەرۆک سـەدام" وەفـادار دەبم.

فەرهاد سوێندی خوارد و هەروا ڕاوەستا.

– باشـە بڕۆرەوە. وەک وتم دووسبـەی بەو شێوە دیسان دەتهێننەوە، نیگەرانی نەبیت.

– نەخـەیر قـوربان! بـەڵام پرسـیـارێکم بۆ پێش هاتووە، دەتوانم بەخزمەتی بگەیەنم؟

– دەی.

– دەتوانم پێوەند لەگەڵ خەڵکی نێو ئێرانا بگرم؟

– وەک وتم ئـەوە یەکـێکە لـە کـارەکـانت، بـەڵام دەبێت پێـمـان ڕاگەیەنیت.

دەنگی فـڕۆکـە هاتە گـوێ. لە پڕ دوو تـەقـینـەوە ڕووی دا ساخـتـمـەنەکـەی لەرزاندەوە. پەلە پەل هەمـووان لە سـاخـتـمـان وەدەر چوون. دوکـەڵ لە کـەوانـەی ئوردوگـاوە چـوو بەئاسـمـانا. فـڕۆکـەکـە چەرخێکی بازنە ئاسای خوارد و بەرەو ڕۆژهەڵات گەڕایەوە. ئوردوگا ئاشوفتەو هەراسان و پەرێشان لە چادرەکانیان دوور کەوتووبوونەوە. لە ئاکـامی تەقـینەوەکـەدا دوو کـەس کوژراو حـەوتیش بریندار. دوای

سـەعـاتێک شـیـرەی ئەمـبـولانس هـاتە گـوێ. کـوژراوەکـان بـووبوون بە چوار.

کۆرش لە بەردەمی چادرەکەدا چـوارمشقی لەسەر زەوی دانیشـتبوو، فـەرهادی دی وا دێتـەوە. هەڵسـایـە سـەرپاو نەخـتـێک بەرەو ڕووی ڕۆیشت و ڕاوەستاو دووبارە گەڕایەوە لای چادرەکەیان.

– ها خێر بوو؟

فەرهاد وەڵامی نەدایەوە ڕۆیشتە نێو چادرەکەوە.

– دە پێم بڵێ شەقم برد.

– چیت پێ بڵێم؟ ڕەنگە تەسلیمی ئێرانمان کەنەوە؟

چی؟

– وەک وتم.

– جا خۆ تیربارانمان دەکەن.

– دەزانم. بەگـونیـانـەوە، هەزاری وەک ئێـمـە بکوژرێت. فـەرهـاد لە گیرفانی بیست دیناری دەرکرد و وتی:

– ها ئەوە بگرە، دوایی لە سیرەوە تا پیازت بۆ باس دەکەم.

باش دەزانی ئەوەندە باوەڕم بەعشق و هێزی عشق نەبووە، بەڵام باوەڕ بکە ئەوەتەی فەرهادم دیوە بۆ ساتێک شێوە و ڕوخساری لەبەر چاوم ون نابێت. کورە دەڵێی جادوو کراوم.

تاڤگە قاقا چوو بەپشتدا.

– کورە ئەوە بۆ پێم پێ دەکەنی؟ چارەم کە، چی بکەم؟

تاڤگە پچڕ پچڕ بەپێکەنینەوە:

– جا ئەوە بەمن چۆن چارە دەکرێت؟

– دە باشە شتێک بڵێ شەکەرێک بشکێنە.

– چ بڵێم؟ ئەم جۆرە گرفتارییانە دەوای دەردەکەی بەلای خودی کەسەکەوەیە نە خەڵکی دی.

– سەرەتا کە لە ماڵی ئێوە دیم... دڵم داخورپا... خۆمم لێوە کەڕ کرد وەک دەزانی مەسەلەکە لەخۆ وەکەڕ کردنا نەماو بووم بەخولیام. تۆ هەر بەگاڵتەت دەزانی.

– من ئێستاش لەوە دڵنیا نیم.

– کچەتیو پێم ڕادەبوێری؟ دوێنێ شەو دایکم هاتبووە لامەوە دەیوت: چییە ئەوە نەخۆشی؟ پەرێشانت دەبینم. ناشێ نیگەرانی نامەی ماجستێرەکەت بیت؟

– ئیدی چیت وەڵام دایەوە؟

– چ بڵـێم؟ بموتبـا عـاشـقـی کـابرایـەک بووم دووجـاران ئـەویش هـەر جارێک سەعاتێک دیومە؟

– خـۆ هـەر دەبێت بیـدرکـێنیت یا لـێی گـەڕێیت و بەهـەوەسـێکی زووگوزەری دانێیت.

– قسەی قۆڕ مەکە، تۆ بڵێی بێت بۆ بەغدا؟

– قەرارە لەگەڵ دایکمدا بێت؟

– نەهات چی؟

– کابرا پەنابەرە. نەهات خۆمان لە قوڕە ڕەشەی دەگرین.

– وتم گاڵتەم پێ مەکە.

– تۆ دەڵێی بەڕاستەو لە کانگای دڵتەوە دەڵێیت؟

– باوەڕ بکە ئەوڕۆ لە دوێنێ خراوترو دوێنێ لە پێرێ چاکتر بوو بم.

– جا بیرت لێ کردوەتەوە؟

– جا ئـەوە بیری بۆ چییە؟ کـابرا نیوە مـوهـەندسێکەو لەبەر ئارمـانی میللەت و کوردایەتی ئاوارەی دەشت و دەر و ئوردوگاکان بووە. ئەمە بەلای منەوە نەک بەکەم و کورتی دانێم بەڵکو... بەڵکو مایەی شانازییە. تەلیفۆنێک بۆ دایکت ناکەی؟

– دوێنێ شەو کردم. وتی قەرارە ئەوڕۆ فەرهاد بێت.

– دە دەی وەرە با بڕۆین بۆ تەلیفۆنخانە.

– هەر بڕۆین، بڕۆین؟

– کـوردە دەسـتی تاڤگەی گـرت و پەلەکێشی کـرد. لە کـۆلێژی ئاداب وەدەرچوون بۆ لای ویستگای ماشینەکان. ئێرکۆندشنی ماشینەکەی خـسـتـە گـەڕ لە دەرگـای سـەرەکی وەدەرچوون. کـوردە ژەندیە لا ڕانی تاڤگەوە:

– بەغدا بەبێ عشق ئاگرە، دەوەرە گڕی عشقیشت تێ بەربێت.
تاڤگە دیسان قاقای لێدا...

– کچە بەقورئان لە دەستی تۆ خۆم لەم ماشینە فڕێ دەدەمە خوارەوە، مەگەر تۆ بەرهەمت خۆش ناوێ؟

– با، خۆشەویستی من و بەرهەم لەپڕ پێک نەهاتووە. کاتێکی زۆری ڕاکێشا تا گەیشتە ئەم ڕادەیەو... یەشتا سەد کۆسپمان لە پێشە.

– ئەی گاڵتە بە من بۆ دەکەی؟ مەگەر عەریزەتان بۆ یەک دەنووسی.

– گاڵتە ناکەم، ئەوەیە عشقەکەت گەلێک کوتوپڕی دێتە بەرچاوم. دەترسم بەهەمان تیژیش لێی پاشگەز بیتەوە، ئاخر...

– ئاخر چی؟

– هەرچی دەیبەم و دەیهێنم بەیەک ناخۆن و نەشیاون بۆ یەک. بۆچی بیروڕاو بۆچوونی باوکت و بنەماڵەکەی خۆتت لەبیرچووە. بەتایبەت بابت چەندە شانازی بەباو و باپیرانییەوە دەکا. ئایا بەئاسانی لەو کۆنگرە زێڕینەی خۆیە دێتە خوارێ؟ کاتێک دەربارەی باپیران دەدوێ شانازی و فەخر لە دەمی دەبارێت، هەرایەکی زۆرت بەدواوەیە.

– خۆ من ئەوەی دەزانم ئەم عشقی منە سەد گۆبەن و گرفتاری لە پێشە. دەزانم بابم هەواو هەوەسێکی دیکەی لە بیردایەو پەیوەستە دەڵێت "باز لەگەڵ بازدا کۆتریش بۆ کۆتر" من بەتافتەی زەڕبافتە دەزانێ.

– جا ئاوا تێفکرینێک ئاوا بەرزە فڕییەک دەگونجێت لەگەڵ ئەم عشقی تۆیەدا. قەینا فەرهاد پوورزامە، بەلام بەلای باوکتەوە بەکابرایەکی نەناسراوی بێ ڕەگ و ڕیشەی کەس نەناس دێتە چاو.

دایکتیش لەم ڕووانەوە لە باوکت کەمتر نییە، هەیە؟

– نا، نییە. بەڵام ئەمنیش هەموو منیش منم... ئەوە بیروڕای ئەوانە. خۆ سنووق و کەرەویتەو دۆلابی نێوماڵیان نیم، هەم؟

– نا نیت، بەڵام ئەمە کودتایەو دەیکەی. سەرکەوتنی ئاسان نییە، هەیە؟

– وای لێ مەکە. عشق بەو جوانی و زەرافەتە بۆ وا خوێناوی دەکەی؟

– کام کودتا بێ قوربانی بووە؟ بنەماڵەیەکی چەند سەد ساڵەی ناسراوی دەوڵەمەندی کوردی پابەندی ڕەسم و ڕەواڵی دەسەڵات و فەرامین و بیگرەو بەردەی خان خانی و بۆچوونی خێڵەکییانە، هەروا بەئاسانی لە عاستی سەرەڕۆیەکی وەک تۆدا سەری تەسلیم دادەنوێنێتەوە؟ نەیخۆی تاڵە.

– ئەم قسانە هەمووی بەفلسێکی سوور ناکڕم. تاڵ بێ و کاڵ بێ بڕیاری خۆم داوە. تەواوی ڕێگەیان لە یەکەمین هەنگاوەوە دەست پێدەکا، نایکا؟

گەیشتنە دایەرەی پۆست و تەلیفۆن. ناویان نووسی و لە گۆشەیەکەوە ڕاوەستان. زۆری نەکێشا بانگیان کرد:

– سلێمانی کابینەی سیانزە.

کوردە لەژێر لێوەوە وتی:

– بۆ سیانزە؟

– دایی! چۆنی؟ پێم وابوو بەڕێگەوەن؟

– فەرهاد هەمووی سەعاتێکە گەیشتووە... کوردە گوێی نابووە دەستەی تەلیفۆنەکەوە، تاقگە ژندییە کوردەوە.

– باشە کەی وەڕێ دەکەون؟

– خوا بیکاو ئینشائەڵا بەخێرەت سبەی سەعات حەوتی بەیانی دەکەوینە ڕێ.

– باشە چاوەڕوانین. خوا حافیز. لای کوردەوە دڵت ئارامی گرت؟ ئاسوودە boویت؟

کوردە لا ڕوومەتی تاڤگەی ماچ کرد و دووقۆڵی لە تەلیفۆنخانە وەدەرهاتن و کوردە ماشینی خستە گەڕ و بەکرەیەکی خستە سەر. ئارام بەپەنجە دەیدا بەسەر سووکانی ماشینەکەیداو لەپڕ لای کردە لای تاڤگەوە:

– دەترسم.

– لە چی؟

– من بەم شێوەم و ئەو وا نەبێت چی؟ لای تۆ هیچی نەدرکاندووە.

– ئاخر تۆ سەیری. کابرایەکی لێقەوماوی ئاوارەی وەک فەرهاد، مەگەر یەکجار ڕوو هەڵمالاو بێت و پڕ تەماح و جەربەزە، باسی عشقی خۆی بکاو خەیاڵی تۆ لە خولیایدا بپەروەرێنێت.

– ئەو چەند ڕۆژە هیچی لات نەوت؟ هەر هیچ؟

– با، چەند جارێک دەربارەی تۆ و بنەماڵەتانی پرسی. منیش ئەوی ڕاست بوو پێم وت وتی: ئەوەندە دەوڵەمەندن؟

– دەبوا وات نەوتبا کابرات خراو تۆقاندووە.

– ئەوە بۆ کوێم دەبەی؟

– ئەمشەو نارۆیتەوە بۆ بەشی ناوخۆیی. پێکەوە لە ماڵی ئێمە دەبین.

– کورە دوایی لەوێرا ڕاوم دەنەن، خۆیان بەترێک بەنن.

– دەلاچۆ، ڕاوم دەنەن. مەگەر هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ شەقولقەمەر

بکەی دوومانگت ماوەو پایان نامەی ماجیستێرەکەت تەواو دەکەی. خەمی ئەوەی مەخۆ.

کوردە لەبەر دەرگادا ڕاوەستاو دەستی نا بەسەر هۆرنی ماشینەکەیدا، دەرگا کرایەوە. بەرەو بەر تالارەکە لێی خوڕی و بەدەوری حەوزچەو ئاونماکەدا سووڕایەوەو ماشینەکەی ڕاگرت و دەستی تاڤگەی گرت و بردییە ماڵەوە. دایکی لە هۆڵدا پا لەسەر پا دانیشتبوو. کوردە لا ڕووی ماچ کرد و دایکی سەرسامانە نواڕییە کوردەو تاڤگەی هاوڕێیدا خوی پێڕانەگیراو ڕوو بەتاڤگە:

– ئەرێ تو پێم ناڵێی ئەم کچی منە چی لێ قەوماوە؟ دوومانگە تێکەڵاوە؛ دەمێ غەمگین و دەمێک ئاڵۆز و دەمێک ئارام و... ئیتر هەم من و هەم باوکی گێژو وێژ کردووە. تۆ شتێکی لێ دەزانی؟

– وەڵاهی پووریێ منیش هەر ئەوەندەی تۆی لێ تێگەیشتووم. دایکی دوولەپی بەیەکدا داو لەژێر لێوەوە:

– ئەی دادی بێداد! بەخوا لێی قەوماوە، چییە؟ نازانم. ئەمن کچی خۆم بەباشی دەناسم.

– چیتە دایە لەبەر خۆتەوە دەبۆڵێنی؟

– دەبۆڵێنم؟ یا تۆ خەریکی لە خشتەم دەبەی. با ڕاستت پێ بڵێم، باوکت بەتەمایە دوای پایان نامەی ماجیستێرەکەت بتبا بۆ ئەوروپا تا لە مەزاج و خوو و خسڵەتی ئەم دوایەت دڵنیابێت.

– حەیاحەی! چەندی بەچەندە؟ خلە بار ئەکا بلە شار ئەکا.

باوکی لە ژووری کتاوخانەکەی وەدەرهات. بۆنی عەتری تووتنی پایپەکەی پێش خۆی گەیشبتووە هۆڵەکە، ڕوو بەتاڤگە:

– ئەتۆ نەتوت پایان نامەی ماجستێرەکەت دەربارەی چی نووسیوە؟

تاڤگە ڕەنگی سوور هەڵگەڕاو شەرم گرتی و سەرئەنجام گوڕی دا بەخۆی و وەڵامی دایەوە:

- بەرئاورد لە نێوان ئەدیبانی سۆفیگەری کورد و میللەتانی دیدا.

د.تالیب ئاغا مژێکی خەس و خۆڵی لە پایپەکەی دا و تۆزێک تێڕاما:

- ئەم باسەی هەڵتبژاردووە گەلێک بەربڵاوە. ئومێدەوارم تیادا سەرکەوتووبیت. لەمنەوە بەڵێن بۆت لەچاپ بدەم.

- زۆر سوپاس قوربان!

- بابە! تا بڵێی باسەکەی چڕو پڕە. من ئاگاداری هەوڵ و تەقالاکەیم.

- نالی هاوڕاز و هاونیازی باوە گەورەمان بووە، پای لە دیوەخانی نەبڕیوە. لەبەر ئەوەش بووە هەر دەبێت لەچاپی بدەم. کێ مامۆستای ڕێنماتە؟

- دکتۆر کەمال.

- بەه! بەه! دکتۆر کەمال خۆی ناکاتە خاوەنی پایان نامەی بێ کەڵک و بێ باس. بێگومان سەرکەوتوو دەبیت.

- بابە دوایی خۆت لە بەڵێنەکەت کەڕ نەکەیت و لە بیری خۆتی ببەیتەوە.

- تۆ وەبیرمی خەرەوە.

- ئەوەندەت پێدەڵێم وەڕست دەکەم.

ڕابیعە ژانتایەکی بچکۆلانەی دەستی یەدەک ڕادەکێشا، تاڤگە چەند هەنگاوێک لە پێشەوە دەڕۆیشت. خەڵکەکە بێ دەنگ مێرووله ئاسا بەدوای یەکدیدا ڕێچکەیان بەستبوو. هەموو شت بەچوار دەوری زیندانی "ئەبو غرێب"دا قەدەغە کرابوو. هەتاوەکو ڕێوڕۆیشتن دەبوا لەسەر ڕیتم و ڕەواڵێکی تایبەت بایە. یەکێک خوانەخواستە پەلەی کردبا یا ڕایکردبا دوای پرس و جۆی زۆرو زەبەنەو وتەی ناشرین لە چاوپێکەوتنی بەندییەکی بێوەری دەکراو دەیان گێڕایەوە. ڕۆژانی دووشەممەو چوارشەممە بەڕۆژانی "ئیعدام" ناسراو بوو. کەس نەیدەزانی بۆ لەو دوو ڕۆژەدا هەرجار سی و یەک کەس لە قەنارە دەدرێت، بۆ سی نا یا بۆ سی و چوار یا چل نا. تاڤگە لای کردە لای دایکییەوە:

– ئەگەر ماندویت با ئەو ژانتایەش هەڵگرم؟

– تۆ بۆ خۆت بارت قورسە.

چەند سەربازی چەک بەدەستی ڕەشتاڵەی چاو دەرپۆقیو لە نزیک یەکەوە ڕیزیان بەستبوو. پەنجە لەسەر پەلەپیتکەی چەک ئامادەی پەلاماری نارەوایی. تاڤگە قۆڵی ڕووت کرد و یاسەوڵی یەکەمین خاڵی پشکنین مۆری لە بازووی دا و ئاماژەی کرد تا بڕواتە ژووره گچکەلانەکەوە بۆ پشکنینی لەش و ئەندام. تاڤگە دەستی دایکی ڕاکێشا بەرەو ژووری پشکنین و نیوە ئاوڕێکی لە دایکی دایەوەو

دووجار لەسەر یەکە وتی:

ده زووکـه دەی من ئەمـڕۆ زۆر ناتوانم بمێنمـەوه؛ دەبێت بگەڕێمـەوه لای کوردە و فەرهاد چاوەڕوانم دەکەن.

دایکی شـەلاڵی عـەرەق بـووبوو. گـەرمـا تەواوی زەوی و دەر و دیواری تاو پێ سـەندبوو. چۆلەکەکان زمـانیـان لە دەنـووک دەرهێنابوو. کۆترە برجـیلەکـان لە تاوی گـڕی گـەرمــادا پەنایـان هێنابـووە تارمـەکـان و تەمـــەڵانە نیـــو باڵ دەفـــڕینە ئەولاترەوە، کـــاتێک جـــووڵانەوەیەکی کوتوپڕانەیان بدیبا. زەردەواڵە و سیرەمۆزەی تیر لە شیرەی خورما... لە ترسی باڵ ســووتاندا خـۆیـان بەکــوشت دەدا و لە هـەتاو وەدوورو بەخەڵکەوە دەنیشتن. بڕێک چاو بەگریان و نائومێد دیداری ئازیزانیان بۆ کـەوتبـووە قـیـامــەت. ئارام هـەنگاویـان دەنا و بەرەو ســەر جــادە کەساسانە دەگەڕانەوە.

لە بێ دادستـانی "ئەبو غرێب"دا ڕەش سـواری مـەرگ پرتاو دەهات و دەچوو. داسـی مـەرگ و مـیـرو لەناو بردن هەفـتـانە دووجـار دەکـەوتە درەوی میرخاسانی وڵات. هاوارەکانیان نەدەگەیشتە هیچ کوێ. جارەو بار ژمـارە دەق بەسـتـووەکـەی "سـی و یەک" دەبـووە سـەد کـەس؛ ئەو دەم دووسێ گـەورە تاوانبـارانی دەسـەڵات بۆ خـۆیـان دەهـاتن و چای و قـاوە بەدەست بـۆ تۆمـارکـردنی وەفـایان بـۆ سـەرکـردە پەتی قـەنـارەیان لە گەردنی بێتـاوانان دەخست و تیـری سـەرفەرازییـان لە کەللە دەتەقاند. شـاری بەغدا و شـەوەکـانی، ئاسـمـانـی شـەڕی تیـا نەدەبـینرا دیسکۆ و کابـارەو یانەکـان تا بـەربەیان بەردەوام لە ئاهـەنگی شـەوانەدا خـەڵکی خـومار دەکرد و ڕووباری خوێن و پەلامـار و کوشتن و بڕینی شـەڕی لە بیـر خـەڵکی دەبردەوە. ڕسـتـۆرانـی "فنجـان" هەوارگـەی عـوشـاقـان

چاکترین خواردنەوەو نان و خوانی دەخستە بەر میوانان. مۆسیقای ئارام و گۆشە و قوژبنی نیوە تاریک ڕاڕەوی پێچ پێچ و باریک هانی تاک کرنەوەی کچ و کوڕانی شاری دەدا. کوردە و فەرهاد لە گۆشەیەکەوە دانیشتبوون:

– دەبوا دوێنێ بهاتبان، کەوتینە دڵەڕاوکێوە شتێکتان لێ نەقەومابێت.

– هاتنی بەغدا بۆ ئێمەمانان سادە و ئاسان نییە، دەبێت درۆی شاخدار بکەین تا بەچاوساقانی موخابەرات بسەلمێنی هاتنەکەت پێویستە. منیش دوژمنی درۆو دەلەسەم. ئەساسەن نایزانم تا بیکەم، ڕقیشم لە درۆزنە. ئاخری یەکێک هانی دام و وتی:

– بڵێ دەمەوێ بڕۆم بۆ زیارەتی غەوزی گەیلانی. دەست ناخەنە ڕێی ئەو داوایە. ناچار ئەو درۆیەم کردو باش بوو سەلماندیان.

– جا دەڕۆی بۆ زیارەت؟

– مادام گەیشتوومەتە بەغدا بۆ نا؟ نەزریشم کردووە هەر دەبێ بڕۆم.

– من و دایکم جار جارێک دەڕۆین بۆ زیارەت، بەڵام بەبۆنەی پایان نامەکەمەوە زەمانێکە نەڕۆیشتووین؛ باوکیشم دەهات. فەرهاد یەک دوو پەنجەی تەقاند و خۆی نیگەران نیشان دا.

– چییە شتێک ڕووی داوە؟

– ناوی باوکت هێنا باوکم کەوتەوە بیر.

– دەی هەموومان دەمرین. مەڕۆ بیری مردن و تراژیدیاوە.

– ڕاستە هەمووومان دەمرین. بەڵام باوکم بەشێوەیەکی ناجوامێرانە

شەهیدیان کرد؛ هەتاوەکو مۆڵەتی پارێزەرو لێکۆڵینەوەو لەخۆ دیفاع کردنیان ساتێک پێ نەدا. برێک دەڵێن هەر لەژێر ئەشکەنجەدا شەهیدکرا و نەڕۆیشتە ژێر ناوهێنانی ڕێکخراو و هاوولاتی.

– جا قارەمانی وا خەفەتی پێ دەوێ. ئەو جوامێرانە، مایەی سەرەکیی ململانێی ڕاستەقینەی میللەتەکەمانن، نین؟

– بێگومان... بەڵێنیان پێدابوو... ئەگەر ناوی هاوکارانی بڵێتەوە ئازادی کەن. مەرگی هەڵبژارد و نەڕۆیشتە ژێر.

– زۆر نییە ئەم میللەتی ئێمەیە گەیشتووەتە قۆناغی دیتنی ژیان لە مەرگ و قوربانیدا.

– دەوڵەتی لای ئێمە بەمیکروسکۆب کون و قوژبنی دڵیان بگەڕێی بەزەیی و ڕەحمەتی تیا نابینی.

– خۆ ئەمانەی لای ئێمە بەهەمان میکروسکۆب بگەڕێی دڵیان نادۆزیتەوە. ئەوی نەیان بێت شتێکە بەناوی دڵ و بەزەیی. لێگەڕێ لەو خەم و خەتورانە تەواو نابن، با باسی دڵ بکەین.

هەردووکیان پێکەنین. کوردە سەیرێکی کاتژمێری سەر مەچەکی کرد و وتی:

– تاقگە زۆری ماوە. ئەرێ تۆ ئاگاداری شیعرەکانی "حافزی شیرازی" هەیت؟

فەرهاد وەک دووپشکێکی پێوە دا لە ناخیدا ڕاچەڵەکی. بەچاکی زانی لەمەیاندا درۆ نەکا بۆ تاقیکردنەوەی کونکۆر بەناچار چەند شیعرێکی لەبەر کردبوو؛ ئەمما ئاگاداری "حافز" بێت خەیر؛ بۆیە وتی:

– شتێکی لێ دەزانم، ئەمما ئاگادار بوون لە "حافز" بەو ئاسانییە نییە.

– من فـارسـی تێـدەگـەم... ئەمما ناتوانم قـسـەی پێ بکەم. تاڤگە بەباشی دەدوێ. چۆن خۆی فێرکردووە... نازانم.

– ئینشائەڵڵا فێر دەبی؛ یانی دەمەوێ بڵێم بتەوێ فێری دەبیت.

– وەڵا خۆ زۆرم لا خۆشە فێری بم؛ ئەگەر خوا بیکا هەر فێری دەبم.

فـەرهـاد چاوی بڕیبـوویە نێـو چاوانی کوردە، ڕاسـتگۆیی و تۆزەکێک شـەرمی تیـا وەدی کرد و گوڕو باوەڕ بەخـۆی لە ناخـیدا زۆرتر کرد و لەرزۆکانە دەست و پەنجەی گرت، با وەک تالارەکە فێنک و شنەی بای ساردی "ئێرکۆندیشن" شەپۆلی دەدا دەسـت و پەنجەی کوردە گەرمی گەرم و تۆزەکیش نمداری عەرەق بووبوو.

– سـاتـی یەکەم لە مـاڵی پوورمدا چاوم پێت کەوت، دڵم خورپەی کرد و داکـەوت. کـە هەل و مـەرجی خـۆمم دەدا لـە تەرازوو لـەگـەڵ تۆدا بەراوردم دەکـرد دەمـزانی لەمـەشـدا بووم بەقـوربانی. ئـەمـجـارەش بازووی سیاسەت وەک هەمیشە ئارەزووەکانمی لە بێشکەدا تاساندەوە تۆ لە کـوێ و من لە کـوێ. بەسـەر ئەو مـەرجـە دژوارانەشـدا دڵداری خـۆمم دەدایەوە فـەرهـاد لێی مـەگـەڕێ عـشق کوێر نییـە؛ عـشق هـەزار چاوی هەیـە و هەر چاوێکی زەڕەبینە، هـەمـوو شت بینـە، عـشق تەنـهـا خۆنەبینە.

کوردە سەری داخستبوو. دەستی ڕەهاو بەرەڵا کردبوو لەنێو دەستی فەرهـادا. وتەکانی فەرهـادی بەخۆشترین نـەوا و وشـە دەزانـی:

– منـیش وەک تۆ دوژمنـی درۆ و دەلەسـە و دووفلیـقـانەی بیـروڕاو بۆچوونەکـانم. جـا درۆت لەگەڵ ناکـەم، ئەمنیش لەو دەمـەوە بیـرت لێ دەکەمەوە. پرسیارێکت لێ بکەم ڕۆک و ڕاست وەڵامم دەدەیتەوە؟

فـەرهـاد نەختێک پەشـۆکاو دیسانەوە هـاتەوە سـەرخـۆی و لەسـەرخـۆ

وەڵامی دایەوە:

– گومانت لە قسەکانمە؟

– وای لێ مەکە، مەبەستم شتێکی دیکەیە. ویستم بزانم ئاگاداری سیحر و جادوو و تەلیسم هەی؟

– سیحر و جادوو؟

– ئاخر وا دیارە جادو کراوم؛ بۆیە وا کەمەن کێشت بووم. فەرهاد ئەو دەم تێ گەیشت و بەدەم پێکەنینەوە دەستی کوردەی ماچ کردو پچڕ پچڕ وتی:

– کوڕە بابە من لام وابوو تۆ کچی شای پەریانی و ئەمنیش سەر سوپوردەو خوڵامی ئەڵقە لە گوێتم.

کوردەو فەرهاد هێندە هۆش و فیکر و زکریان بەیەکەوە تێکەڵاو بووبوو تاڤگە تا دەستی نەخستە سەرشانی کوردە بێ ئاگا لە دەوروبەربوون؛ بۆیە ڕاچەڵەکی و نازدارانە وتی:

– ترساندمت.

تاڤگە لە تەنیشت کوردەوە دانیشت و لووتێکی هەڵقرچاند: سووتام، یەکپارچە عەرەقم. بەغدا دەڵێی پرسگەی دۆزەخە. ئەم "ئەبو جەعفەری مەنسوور"ە لەوەلاتر بڕوا بۆ خاتری حورمەتی پەیامبەر، ئەمە شوێنە هەڵیبژاردووە و کردوویەتە پایتەخت؟

– بەڕای من کابرا باشترین شوێنی دابین کردووە بۆ پایتەختی عەرەبێکی خەڵکی ئەو بیابانی عەرەبستانە کە لە ژیانیدا ڕووباری نەدیوە ئاوی تیادا هەڵهەڵە بکاو کشپەی بێ و دارو درەختی فراوان بەدوولای ڕووبارا، کە ئەم وڵاتەیان بەناوی ئیسلامەوە داگیرکردو بوونە خاوەنی سەر و ماڵی ئەم وڵاتە...

ئەو "ئەبوە"ی وا وتت بەردی بناغەی بەغدای دانا بەحیسابی خۆی ڕووزەردی دەدا بەڕووی "تیسفون"ی پایتەختی دەسەڵاتی ساسانییەکاندا؛ بۆیە لە نزیکیدا ئەم شارەی بونیاد ناوە.

فەرهاد لە قووڵایی وتەکانی تاڤگە و کوردە تێنەدەگەیشت. سەواد و ئاگادارییەکی وای نەبوو تا لە قسەکانیاندا بەشداری کا تاڤگە هەستی بەوەی کرد فەرهاد لە تەنگەبەریدایە بۆیە وتی:

- لە گەرما گەڕێن، گەیشتینە کوێ؟

کوردە وەڵامی دایەوە:

- گەیشتینە قلیاسان.

تاڤگە دای لە چەپڵە:

- جا گەیشتوون؟

- لێمان مەترسە.

فەرهاد چاوەڕوان، تاوتاو سەیری سەعاتی سەر دیوارەکەی دەکرد. چرکەژمێرەکەی بەسەر ڕوخساری وێنەی سەدامدا چرک و چرک دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە. زۆری نەخایان "ئەبو مازن" لە ژوور هاتە دەرەوەو دەستی فەرهادی گرت و دیسان چوونە ژوورەوە. کابرایەک پشت بەمێزەکەی لە ناوەڕاستی ژوورەکەیدا ڕاوەستابوو. هەر چوونە ژوورەوە دەستی بۆ فەرهاد درێژ کرد و تەوقەی لەگەڵا کرد بە ئەبو مازنی وت:

پێی بڵێ: ئێمە ئومێدێکی زۆرمان پێی هەیە، بەتایبەت بۆ ئەم بەرنامەیە. ئەگەر بەو گوێرەی وا داڕژێراوە ئەنجام درێت زۆر کاروباری بۆ دەڕەخسێنین.

ئەمە بەڵێنی بەڕێوەبەری گشتیی دەستگای موخابەراتی عیراقییە. فەرهاد ڕوو بەئەبو مازن:

– پێی بفەرموو ئێمە شتێکمان نییە لە دەستی بدەین سەرمان نەبێت. یا سەرمان دەڕوا یا ئەم کارە ئەنجام دەدەین.

– ئێمەش لە یارمەتیدانتاندا درێغی ناکەین. دووبارە تەوقەی لەگەڵ هەردووکیاندا کرد و ئەبو مازن و فەرهاد لە ژوور وەدەر هاتن و یەکڕاست سواری ماشین بوون و لە شاری "کەرکوک" بەرەو ئۆردوگا وەڕێ کەوتن. ئەبو مازن نەوارێکی عەرەبی خستە گەڕو چەند ساتێک بێدەنگ گوێی لێ گرت و دیسان خامۆشی کرد و ڕوو بەفەرهاد:

– ئەو پیاوەی وا بەخزمەتی گەیشتی، بەڕێوەبەری گشتیی ناوچەی سەرەوەی ئێراق بوو. گوێت لێ بوو چ بەڵێنێکی پێت دا؟

– گوێم لێ بوو. لام نییە هیچ تەگەرەیەک لە کارو بەرنامەکەدا بێتە پێش. بەوردەکارییەوە بیرمان لێ کردوەتەوە. دووکەڵ و گڕی ئاگرە هەمیشەیییەکەی باوە گوڕگوڕ بەشێکی ئاسمانی دوکەڵی و تاریک کردبوو. لە کەرکووک وەدەر هاتبوون.

ئەبو مازن پلەیەک بای ساردی ماشینەکەی زۆرتر کرد و وتی:

– لە ئێستاوە بیری خۆت بکەیەوە چی و چی داوا بکەی.

بەتوندی دای بەسەر فەرمانی ماشێنەکەیداو بەدەنگ وتی:

– ئەمەیشت لەبیر نەچێت؟

فەرهاد سەرسامانە لای کردە لایەوە. زانی لە مەبەستی تێ نەگەیشتووە: مەبەستم ماشینە، ماشینێکی وا.

– یانی ماشینێکی وام دەدەنێ؟

– ئەڵبەتە.

– خۆ بەباشی لێخوڕینی دەزانی؟

– وەک دەزانی کۆرش لێخوڕێکی باشە و منیشی لە سوپادا فێرە لێخوڕین کرد و بۆ خۆی لێخوڕی فەرماندەرەکەمان بوو. بەدزییەوە ماشێنەکەی دەدا بەدەستمەوە.

– هەموومان وا فێرە لێخوڕین بووین. کەم کەس لە فێرگەو لە ڕووی بەرنامەوە بوو بەلێخوڕ، مەبەستم وڵاتانی لای ئێمەیە. گەیشبوونە سەر ڕووباری سیروان. خەڵکی ڕیزی بەستبوو تا ماشینەکەی بپەڕێنێتەوە.... ئەبو مازن ماشێنی تاو دا و نۆرەبڕ خۆی گەیاندە سەر "قفە" و بەتەنهایی قفەیان بۆ تەرخان کرد و پەڕییەوە.

چیای بەموو دابڕاوی سەرتەک وەک زامێکی سەر لەش دەیدا لەچاو. گەرما تاوی گرتبوو، ئەبو مازن ماشینی ڕاگرت و وتی:

– ئەمەشەو پێش بەرەبەیان دەکەونەوە ڕێ. ئێوە وەرن بۆ لای دایرەکەم ئەودەم دەتانخەمە ڕێ.

فەرهاد لە ماشین دابەزی، لەبەرخۆیەوە کەوتە بیر لێکردنەوەی پرۆژەکەوە هەڵی دەسەنگاند و لەیەکی دەدایەوە:

– هەر تۆزێک وردەکاری و ئازایی بەکار ببا و جەربەزەیی بنوێنێ نانمان دەکەوێتە ڕۆنەوە. وەنەزەرم کۆرش ئەو ئیشەی پێ دەکرێت. بۆخۆی داووتەلەب بووە. کەس زۆری لێ کردووە؟ خەیر. تازە ئەو کارە ئەوەندەش گران و پڕ مەترسی نییە، شتێکە من کوڕی ئەو کارانە نیم. زۆر نییە؛ حیزانە پەروەردە بووم. ئەوەی بەو دەکرێت بەمن ناکرێت. خۆمانین ئەوی بەمنیش دەکرێت سەد ساڵی دەوێ تا ئەو پەی پێی ببا و بتوانێ بیکا.

پەنجەی شایەتمانی نا بەلای سەریەوە:

– گاڵتەیە؟ پڕە لە مێشک، پڕە لە بیرو بۆچوون و پڕۆژەو بەرنامەی جۆراوجۆرە. ئاخ! خۆزگە ئەوەند حیز نەباما.

– فەرهاد گەیشتبووە دەم چادرەکەیان. دوو چینکۆی لەژێر دوولای چادرەوە خرابووە سەر چوار بلۆک و هەر یەکە یەک دوو بەتانییایان بەسەریدا ڕاکێشابوو. شوئلەیەکی نەوتی لە دامێنی چادردا. چرا نەوتییەکە بەتیری ناوەڕاستی چادردا هەڵواسرابوو. فەرهاد پا لە زەوی بەسەر چینکۆوە دانیشتبوو. ئاماژەی بۆ ناو چادر کرد و وتی:

– یە وەزعە ئیمە دیرین. سەگ وەی زندەگیە نەوت؟

کۆرش وەڵامی دایەوە:

– یە شت تازەیی نییە، شت نەو بیشەرام. چە کردی؟

– چە کردم؟ ئەگەر یە کەم عەقڵ و یە کەم غیرەت وە وجودمانا بوت ئەرا حەوت جەدمان زندەگیمان وە وەجهێ ئەحسەن گوریمن و دروستکەیمن. من عەقلی دیرم، مەنیەتە سەر غیرەت، من نەیرم. تو ئامادەی؟

– کەر کوڵ و بارسووک... چە دیرم خۆم و گونم.

– مەنزورم لەنەزەر ڕوحیە، ڕوحت چە؟

– ڕوح. ڕوحت چییە؟ کاورایەک سەگ ڕوح وەک من، ئەی قسانە ولایەو مەسخەرەس. چە دیرم وەدەستی دەم یە ڕوح ئامیختەی دەردەسەر بچت و وەدەستی دەم، سنە خاپور وت؟

– باریکەڵا! من زانم تو مەرد ئەی کارانەی. یە جوری بەرنامە ئەرات دروست کردمە بایتەو تەواو دەردەسەرمان خەینە لاوە. ئەمشەو چیمن. من تا سەر جادە وەلتا تیەم. دەوڵەت ئیشت تو وە شار کرمانشاە مەعروفیەت دیریت، ئەرا قایمکاری نەبایەت وەلتا بام. وەلی تو زانی من زات ئەو کاریەلە نەیرم. فەرهاد هەستاو لە ناکاو پەتی دەرگای چادری بەست و خۆی خزاندە باوشی کۆرشەوە:

– بیلە یە ماچ حساویت بکەم ئەی کاریەلەش من لە تو خاستری زانم، نا؟

– ئەلحەقو وەلئینساف کەس وەپیت نیەڕەست. ترسم پوول موول وەدەست باری لە ئیمە تەوار بیت، نیویت؟

هەردووکیان شەلاڵی عەرەق بووبوون، پچڕ پچڕ وەلامی کۆرشی دایەوە:

– قسەی موفت مەکە، ئەی مەردانەگیە وەلای کیەو دوێنم تا دەس لە لەیت هەڵگرم. بنوڕ بنوڕ چە دیریت؟

نەڕە نەڕ لە دەرەوە دەبیسرا . دووکەس لەسەر نۆرە ئاو بووبووە شەڕیان. تاریک داهاتبوو. چرا نەوتی لە زوربەی چادرەکاندا دەگڕا . فەرهاد نازدارانە وتی:

– ورسیت نەویە؟

– تەوحم توریایە.

– جەهد فرەی کردینە. توای خایە و ڕوین ئەڕات دروست کەم؟

– ئیشتیها نەیرم.

– وەنەزەرم شتیک بخویت تا وەر دڵت بگریت خاسترە. ئاخر ئەگەر وەڕا نەوسیەی یەکسەرە تا تاران فرە وەنەفع کارەکەس، مەگەر نا؟

– وەئومید خدا سارەشەو ڕەسمە تاران و ئەی وەختە ڕەسیمەنە هەدەف.

چادرەکەی فەرهاد و کۆرش کەوتبووە باکووری ئوردوگاوە. دەمی ڕوو بەچیای بەمۆ ئاوڵەکرابوو. ئاگر بەربووبووە پووش و پەلاشی چیای بەمۆ. زنجیرەیەک ئاگر لە تاریکیی شەودا لە دوورەوە دەبینرا .

فەرهاد سەیری کاتژمێری سەر دەستی کردو وتی:

– بچیمن.

– وەنەزەرم زووە.

– تا ئەرەسیمنە ئەورا دروست سەر وەختە. ئوردوگا کش و مات تەنها لە چادرێکەوە دەنگی نەواری گۆرانی "دەچمە سەر ناڵە شکێنی" حەسەن زیرەک دەهات. چەند گڵۆپێک لە دەوروبەری ساختمانی

موخابەراتدا دەگڕا دوو سەربازی چەکدار لە خاڵی پکشنینی بەر دەرگای حەوشیەی دایەرەکەدا دەهاتن و دەچوون. فەرهاد و کۆرش بەپارێزەوە ڕۆیشتنە پێشەوە. کە نزیک بوونەوە فەرهاد یەک دووجار لەسەر یەکە وتی:

– ئەبو مازن! ئەبو مازن! و دەستی خستە سەر سنگی خۆیشی بەحیساب چاوەڕوانیەتی... سەربازەکان لە مێژدا ئاگادار کرابوونەوە. یەکێکیان کەوتە پێشیان "ئەبو مازن" چاوەڕوانی دەکردن. ڕوو بەفەرهاد:

– ئەمەیە کاک کۆرش؟

کۆرش ڕۆیشتە پێشەوەو لەگەڵیا تەوقەی کرد و نواڕییە سەرتاپا بالآیدا و لەپڕ وتی:

– بەه! بەه! لەم کوڕە ئازا و ڕەشیدە. پێم وایە بەئاسانی ئەم کارەی لە دەست دێت، دای بەسەر سنگی کۆرش دا، نایەت؟ فەرهاد وەڵامی دایەوە:

– دێت و زیادیش.

– کەواتە با بکەوینە کار.

ئەبو مازن کەوتە پێشیان تا گەیشتنە لای ماشینێکی "پیکاپ" ژمارە کرماشان. پاسکیلێک لە دوایەوە بەسرابوویەوە. ئەبو مازن دەستی کۆرشی گرت و بردییە نێو پیکابەکەوە. لەژێر دەشبولەکەیدا دوگمەیەکی نیشان داو وتی:

– ئەم دوگمەیەی دەبینی؟ پەنجەت پیانا دوای نیو کاتژمێر ماشینەکە دەتەقێتەوە. یانی هەر دەستت پیا نا بەتەواوی تواناتەوە لەو ناوە دوور دەکەویتەوە. ئەو پاسکیلەی لە دواوەیە ئەویش مین ڕێژ

کراوە. هەر دەستت بەدوگمەی ماشینەکەدا نا بەو پاسکیلە خۆت دوور دەخەیتەوە. دوگمەیەکیش لەسەر سوکانەکەیدایە دەستت پیا نا دوای دە دقیقە دەتەقێتەوە... ماشینەکە دەبێت لە شەقامی "ناسر خوسرەو" بتەقێنیتەوە پاسکیلەکە هەر کوێت پێ چاک بوو، ئازادی. تێگەیشتی؟

– بەباشی. بەئومێدی خودا وەدەم عیشاوە دەنگ دەستم وەتەواو شار تارانا دەنگ داتەو.

– ئافەرین! کەواتە دەبێت بکەونە ڕێ، ماشینێک چەکدارت لەگەڵا دێت لە لاڕێگەوە ڕینماییت دەکەن تا سەر جادەی قەسر و کرند؛ یانی لە خوار سەرپیل زەهاو دەتخەنە سەر جادە.

– فەرهاد ئەرام وتیە، تەواو بەرنامەگە زانم.

– کەواتە بڕۆین؟

ئەبو مازن دووبارە تەوقەی لەگەڵ فەرهاد و کۆرش کرد و دوو ماشین کەوتنە ڕێ.

هۆڵەکە پڕی پڕ بووبوو. لەسەر بنەوە پێشخوانێکی لە ساج دروست کراو چەند کەسێکی ڕۆب لەبەر دانیشتبوون. هەر کەسە ناوی خۆیان لەپێش ڕوو بەدانیشتووان بەسەر پێشخوانەکەوە دانرابوون. پێشخوانەکە بەقوماش و گوڵی تەلقرمە ڕازابوویەوە. هەر کەسی بیدیبا دەیزانی کاری دەست و پەنجەی خانمگەلە. سەرۆکی مامۆستایان دکتۆر کەمال نە ڕووی بەخەڵکەکە کرد و نە ڕوو بە"کوردە" کە خاوەنی نامەکە بوو هەروا سەری داخستبوو بەسەر بەرگێک لە نامیلکەکەی کوردەدا کەوتە گفتوگۆ:

– پێش ئەوەی بکەومە باس و چۆنیەتی ئەم نامیلکەی ماجستێرە دەمەوێت لە خاڵێکدا بدوێم، بەڕای من پڕە لە ئازایی و ئومێد. ئازایی بۆ ئەوە کچە کوردێک بێ دەربەست لە وتی وتی و بیروڕای چەپەڵ و دواکەوتوودا باسێکی وا هەڵبژێرێت کە تا بەئەمڕۆ قوتابییەکی مێینەی کورد نەیوێراوە خۆی لێ بداو ئازانە بەرئاورد و هەڵسەنگاندن و تاووتوێ کردووە. ئومێد ئەوەیە کچی کورد، ئافرەتی کورد ئیتر زەبونانە خۆی لەژێر پەچەو کەنار و قوژبنا نەشارێتەوە. ئیتر ڕووسەری شەرمی لەسەر تووڕ داوەتە لاوەو شان بەشانی پیاوان لە ململانێی ژیاندا لەیراو لەوێ دەبینرێت. دکتۆر کەمال ئاماژەی بۆ کوردە کرد:

– ئەم قوتابییە وا ڕووبەڕووی دەستەی مامۆستایان دانیشتووە و

ئامادەی لێدوان و ڕازو نیازی نامەکەیەتی، داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم و ئومێدەوارم ڕەزامەندی مامۆستاکانی و مامۆستای ڕێنما و ڕاستەوخۆ خۆی بەدەست بهێنێت. نۆرە هاتە سەر دکتۆر نەسرین. هەروا نامیلکەکەی پەڕەپەڕە دەکرد. چاوێلکەکەی لەچاو دەرهێناو وەک کۆڕ بگرێت ڕوو بەدانیشتوان:

– هەڵبژاردنی ئاوا باسێک لەژێر نێوی «بەراوردی شیعرەکەی نالی و مەستوورە» وەک نامیلکەیەکی ماجستێری ئەدەبی بۆ خۆی بەخاڵێکی پڕ لە ڕەزامەندی دەدرێت لە قەڵەم و لە ڕاستیدا بەبووژانەوەیەکی نوێگەرا و نامیلکەیەکی پڕ لە وردەکاری و زەرافەت دەژمێردرێت و بەتایبەت پەنجەی خستووەتە سەر بڕێک خاڵ دەکرێت ئەو خالانە خۆی لە خۆیدا هەریەک لەوانە نامەیەکی ماجستێر و کتاوخانەی ئەدەبیی کوردەواری پێ دەوڵەمەند بکرێت. خۆزگە هەر بەو ئەندازەیەش بیتوانیبا هەڵەی چاپەمەنیش لە نەزەردا بگرتبا. ئەڵبەتە ئەو لایەنە هیچ لە نرخ و ئەرزشی نامیلکەکە کەم ناکاتەوە، هیوادارم لە کاتی چاپدانیدا هەڵەگیری بکرێت. ئیتر کەوتە هەڵەبژێری چاپ و هەروا پەڕەی هەڵدەدایەوە تا نۆرە هاتە سەر دکتۆر ئەوڕەحمان. چاوێلکە زەربینییە ئەستوورەکانی پاک کردەوە دووبارە لە چاوی کرد و بێ ئەوەی لاپەڕەی نامیلکەکە هەڵداتەوە لە گیرفانی پەڕە کاغەزی دەرهێناو خستییە سەر نامیلکەکە و کەوتە لێداون:

– من سەرفنەزەر لە باشی و سەرکەوتوویی ئەم نامەی ماجستێرە کە بەلامەوە هەوڵ و تەقەلایەکی شیاوەو کوردە خانم ئاشکرا خۆی تیا ماندوو کردووەو لەیرەدا من سوپاسی مامۆستای ڕێنما و ڕاستەوخۆی نامیلکەکەی دەکەم. دیارە لەگەڵ قوتابیەکەیدا خۆی

مـاندوو كردووه؛ بەڵام ئەوه ئـەمه ناگـەیەنێت پەنجـه نەخـەمه سـەر برێك خـاڵ؛ جـێگەی داخـه یەكجـار زۆرن. هەڵەی زمـانەوانـی بووه به وەبا و ئافــەتێكی بەربڵاوی بـێ سنوور لـه بەرهـەم و نووســینـی زۆربەی زۆری نووسەراندا؛ ئەم نامیلكەیەش یەكێكه لەوانه. دانیشتوان كەوتنه چپ و هوڕ بەتایبەت خانمه خانمی لەبەر خۆیەوه دەیبۆڵاند: سەیر ئەو ئێسك قــورســــه چی دەڵێت؛ خــۆ جــوان بـوایه عــالـەمی دەخــوارد. دكـــتــۆر ئەوڕەحمان وەستاكارانه هەڵه زەقەكانی زمانەوانی دانه دانه دەژمارد. جارەو باریش دەیوت:

– ســەد ڕەحــمــەت لـه نالی! كــاتێك ناوی نـالی دەبرێت و نامــەی مـاجسـتێری قوتابیـەك دەربارەی شـیعرو ژیان و بـۆچوونی نالی بێت، ئێـمـەی مـامـۆسـتـای زمـانەوانـی نەشـیـاوه بێ دەنگ بین بەرانبـەر ئەو هەڵانه. ئەگەر هـاتو بێ دەربـەستانه بگوزەرێم لام وایه دەبێـته بێ ڕێزی له جێگه و شـوێنی بلیـمـەتێكی وەك نالی له دەوڵەتی ئەدەبدا. جا من لەبەر ڕێزو حـورمـەت و وەفـایش بووه... وەفـا بۆ خـودی نـالی و هـەروەها بۆ زمــانـی كـوردی و وردەكـاری زمــانەوانیــیش لەســەری نـاچاری ئەم هەڵەگیریانەم. پەنجەی دەخـەمه سەرو بەڵكی بكرێته ئەلگو و نموونه بۆ نامەكانی دی چ ماجستێر و چ دكتۆرا. خـانمەخانمی لەژێر لێوەوه هەر دەیبۆڵاند:

– كوڕه خۆ مـه هیـچی بۆ كـورده نەهێڵاوه؛ دەك بەڵای خـوام لێت دا. دیاره زەڕەیەك پۆی به عـومەتی موحـەمەدەوه نییـه. سەیری كـەن چۆن ڕیچ بووەتەوه، دەڵێی پیـره دار بەڕووه... تالیب ئاغا پێیـەوه دەژەند تا بێ دەنگ بێت. كورده بەڕۆبی تەلقرمەوه سـەرو زڵفی پەخش كردبووەوه سەریا. دەیزانی دكتۆر ئەوڕەحمان له هەڵەگیری زمانەوانی ناگوزەرێت و مــوو له مـــاست وەدەر دەێنێت. بۆ ڕخنـه و كـێـشــەی ئامــاده بوو.

جارەوبار لایەکی بەلای فەرهادەوە دەکرد لە ڕیزی حەوتەمدا لەگەڵ تاڤگەدا بەوردی هۆش و بیریان بەلای دکتۆرەوە بوو. فەرهاد لە بۆچوونەکانی دکتۆر نەدەگەیشت جارەوبار تاڤگە بۆی شی دەکردەوە. نۆرە هاتبووە سەر "کوردە"، نەختێک دەنگەوەرەکەی لە دەمیەوە نزیک کردەوەو دەستی پێکرد:

– پێش هەموو شتێک سوپاسی مامۆستایانم دەکەم وا ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساندم و ئەوڕۆ لە خزمەتیاندام، بۆ خۆی بەڕێز و گەورەییەکی زۆری دادەنێم و لە کانگای دڵمەوە سوپاسگوزارتانم جا سەرەتا هەڵبەستەکەی حەزرەتی "نالی" دەخوێنمەوە، ئەودوا وەڵامەکەی "مەستوورە خانم" و لە دواییدا دێمە سەر لێدوان و شیکردنەوەی هەردووکیان و سەرۆکی لیژنەکە قسەی پێبڕی:

– وەڵامەکەی مەستوورە خانم بەزمانی فارسییە ئایا فارسی دەزانی؟

– بڵێم فارسی بەو شێوەی پێویستە دەزانم، نەخەیر. وەلێ ئەوەندەم شیعرەکەی "مەستوورە" خانم خوێندۆتەوە لەبەرم کردووەو بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر کوردی یارمەتیم لە زانایانی زمانی فارسی وەرگرتووە.

دکتۆر کەمال بەدەستی چەپی ئاماژەی بۆ کرد تا دەست پێ بکا.

کوردە تۆزێک شەرم گرتبووی ڕوو بەلیژنە:

– داوای لێبووردن دەکەم! ئەوانەی ئاگاداری ئەم هەڵبەستە نەبن کە لەم هۆڵەدا دانیشتوون ڕەنگە بەلایانەوە ئاسایی نەبێت کچێک بێ دەربەستانە ئاوا شیعرێک لە نێو خەڵکیدا بخوێنێتەوە.

دکتۆر کەمال:

– سـەرەتا ئێمـە لەوە دواوین. لات خـۆش بێت بەخـەڵکەکـە دەڵێین تەشریف ببەنە دەرەوە؟

کوردە هەڵەپەلانە وەڵامی دایەوە:

– نەخـەیر مـەبەسـتم لەوەی نەبوو. بەپێـچـەوانەوە ئامـادەبوونی دانیشتووان مایەی سەرفەرازیمە. چەند پەڕەیەکی هەڵدایەوە و دەستی بەخوێندنەوە کرد:

هاتووم، وتی، عوقدەم هەیە، قەط مومکینە وابێ؟
هی تۆم ئەگەرەم مەسئەلە حەل کەی بەجەوابێ
هەر مـەسـئـەلە بیکرێ بۆ تۆ شـەرحی کـرابێ
مومکین نییە کەس دەخلی بکا چین و خەطابێ
ئایینە بـەمـــاییـنە دەبێ ڕەنگ نـومـــابێ
"مەستورە" بەمەستورە دەبێ موهرە گوشابێ

دانیـشـتـووانی نێـو هـۆڵ بڕێکی زۆریان قـاقـا پێکەنین و بڕێکی دیکەیشـیـان چەپڵـەیان لێدا. کوردە بزەی شـەرم کـەوتبـووە سـەر ڕوخساری و دووبارە دەستی پێکردەوە:

نوکـتـێکی ظەریفـە بەنـەصـیـبی ظورەفـا بێ
تەعـریفی دەکـەم، بەڵکو لە بۆ دەرد شـیـفـا بێ
ئەم سرِە چییە میسلی سوهابی، نەسوابێ؟
دورِڕێ کـە وەکو دورِڕی سـەمـابێ، نەسمـابێ
دوککانی توحـەف، کـانی حـەیا، کـانـی بەقـابێ
قـوببـەی لە قـیـبـابی نوقـەبابێ، نەقـوپابێ
وەک خـەیمە بەبـەردێکی دوو ئەسـتـوونە بـەپانی
سـەرتیلەکی نەخـتێ بەنەزاکـەت قلەشـابێ

دیسان هۆڵەکە کەوتەوە دەنگە دەنگ و چپ و هوڕ.

وەک هیـمـەتی صـۆفی کـە لەنێـو خـەلوە خـزابێ
مـەسـتورو عـەزیزی شـەرەف و ڕیفـعـەت و جـابێ
یا کـۆمـەڵە زیوی بوخـەلا دوور لە سـەخـابێ
مـوغلەق بەبەخـیلی بەمـەثەل شـتی مـەلابێ
کـاسـێکی بلورێنی نخـوونی لە سـەرابێ
نەخـتـێکی لەبەر مـەوجی لەطافـەت قـڵـەشـابێ
یاخـۆ پەڵە بەفـرێکی کـە ئەصلەن نەشکابێ
قـەندیلی مـونیـر و گـوزەری ئاب و هەوابێ
کـام ئاب و هەوا؟ مـوعـتـەدیلی نەشـئـو نومـابێ
یەعنی لە وەسط کـانیـیـە گـەرمـێکی تێ زابێ

دیسان لە هوڵەکەدا زەمزەمەو گاڵە... دکتۆر کەمال یەک دووجاران وتی:

– تکایە بێ دەنگ.

لەو کـانیـیـەدا چوزەرە ڕیواسێ ڕووابێ
بەو چوزەرە ڕێواسـە کـەمـێک قـەڵشـابێ
یا قـەصـری مـوعـەللا لە ئاوێنە کـرابێ
یا غـونچـەیی نەشـوکـوفـتـە کـە ئاوی نەدرابێ
یا گومـبەدی نەزهەتگەهی نێو باخچە سەرابێ
ئەلوانی گـوڵاریز و شـەکـەر ڕێزی تیـابێ
یا قـورسی نمەک هەروەکو مـەڕمـەڕ نەضـیـابێ
جـێی قـەطرەیە ئاوێکی لەنێـودا قـڵـەشـابێ

یا گــردەکی گــردێکی کــە شــیــرین هــەڵیــدابێ
گـــردی نمـەکین، یەعنـی گـــیـــای لێ نەڕوابێ
دامـــێنی بـەئـەنواعی گــوڵ و مڵ خـــەمــــڵابێ
گـەنجـێکی تێـدابێ کـە طیلـەسـمی نەشکابێ
حــوقــقـێکی زەوی صــافی لەســەربانی نرابێ
نەخـتێکی بەصــەد صـەنعـەتی "مـانی" تلەشـابێ
یا ڕەئسی یەتیــمــێکی کــە بێ بەرگ و نـەوابێ
غـەڵتـان و ســەراسـیـمـە: نـە داکـێک و نەبابێ
فـێسـێکی سـپی و تونـدی لە کەللەی کەلی نابێ
هێـشــتـاکـو لە حـەق جـێگەیی خـاصی نەدرابێ
چەســپـیــدەو خـــڕ هـەروەکـو بەرقــالبی دابێ
نەخـتـێکی لەبەر تـوندی و سـفـتی قـڵـەشـابێ
دورجێکی موجەوهـەر کـە هـەموو حوسن و بەهابێ
دورڕێکی مـونەوەر کــە هـەمــوو ئـاوی صـــەفـابێ
بەیضـێکی شــوتور مــورغی کـە وا تـازە کـرابێ
وەک بەیضــەیی بەیضـا بەضـیـاو و بەسـەتا نابێ
خـــرچێکی مـــودەوەر بـەعـــەســـەل ئاوی درابێ
نەخـتـێکی لـەبەر حـوسن و حـەلاوەت قـڵـەشـابێ
یاخـود وەکـو خـۆی شـاهـیدە بـاوەصـفی وەهابێ
ســیــمـین مـــەمکێکی هـەکــە تازە هـەڵیــدابێ
یا تـازە هـەنارێکی کـــە ناری گـــوڵی مــــابێ
بێ درزو قـڵـیش مـیـثلی شــەمـامـێکی تـەلابێ

بۆ تەجــــرەبە بەتا لـەزەتی شــــیـــــرینی نەدابێ
نەخـــتــێکی وەکـــو دیدەیی دەرزی قـــڵـــەشـــابێ
یاخـــود مـــەثەلا، مـــیــــثلی نەوابێت و نەوابێ
مـــەشــــهـــوور و خـــەفی وەکـــو عـــەتفـــاو وەفـــابێ
صـــاحـــێب زەڕو زیوی کــــە فـــریبی غـــوفـــەلابێ
ئیکسـیری طەلای ئەحـمـەڕی چەند قـەترە لەلابێ
دەعـوای ئومــەرا چەندە لەســەر تەخـتی کـرابێ
چەند خــوێن کــە ڕژابێت و چ خــوێنی نەڕژابێ
کێ بێ لە جـیــهـاندا چ گـەدا بێت و چ شـا بێ
تـەرکــــێکی وەها ناسک و پڕ لـەزەتی گـــابێ؟
دێوانـە کـە زانی کـە دەبێ عـوقــدە گـوشــابێ
هـەســـتـــاو وتی: ئەشکی ڕەوانم بەفـــیـــدابێ
ئەم صـاحیبی تەشریحـە دەبێ هەیئـەتی چابێ
هەم شـاریح و هەم جـاریح و مـوضـیحـە گوشـابێ

ئەمە سـەرجـەمی هەڵبـەسـتـە پڕ لە هێـرشـەکـەی حـەزرەتی "نالی"یە دەرحـەق بە"مـاە شـەرەف خـانم"ی ژنی والی سنە کـە بەناوبانگ بووە بەمــەســتــوورە. بێ شک بـەندە بەوردەکـاریـیـەوە هۆی ئەم هـێـرشــە ناڕەوایـەم لەیەک داوەتەوەو هـۆکـەیشـم تاووتوێ کـردووە. دوای ئەوەی وەڵامـەکـەی مـەسـتـوورە خـانمم خـوێندەوە ئەو دەم هۆی پەلامـارەکـەی "نالی"، ئەڵبــەتە بەپێی بۆچوون و لەیەکـدانەوەی خـــۆم دەگـــەیەنمە خزمەتتان. لە پێشدا ئەمە وەڵامەکەی مەستوورەیە کە بەزمانی فارسی گوایە لە دیوانی شـەمسی تەبریزی دا هەیەو بەو چەشـنە تۆڵەی خـۆی لە نالی کردوەتەوە...

مـــایەی اصـل و نسـب در گــردش دوران زراسـت
دائماً خون مـی خـورد تیغی کە صـاحب جوهراسـت
نـاکـــسـی گـــر بـالا نـشـــینـد عـــیـب نـیـــسـت
روی دریاخس نشـــیند قـــعـــر دریا گـــوهراسـت
شـــست و شـــاهد هـردو دعـوای بزرگی مـی کنند
انـگشـت کـــــوچـک لایق انـگشـــــــتـــــــر اسـت
دود اگـر بـالا نشـیند کسـر شـأن شـعله نیـسـت
جـــای چشم ابرو نـگیــرد گـــرچە او بـالاتراسـت
مــادیان گـر ز نجـابت کـره اسب دنبـال اوسـت
کـــرەخـــر از خـــریت پیش بە پیش مـــادراسـت
اهـن و فـــــولاد هـردو ازیک کـــــوره ایند بـرون
یکی خنجـــر بران شـــود دیگرای نعل خـــراسـت

بێگومـان من فـارسی نازانم وەک گـوێتـان لێم بوو تا ئەندازەیەک بەباشی شیعرەکەم خوێندەوە. با ڕاستگۆ بم ئەگەر بڵێم هەزار جار ئەو هەڵبەستەم خوێندوەتەوە تا بتوانم لەیرەدا بەباشی بیخوێنمەو. ئەڵبەتە یارمەتیم لە یەکێک لە برادەرانی فارسی زان وەرگرتووە، بۆ خۆم بەزمانی ئەدەبی گونجاندوومەتە نێو نامەکەمدا وەک وتمان هێرشەکەی "نالی" گەلێک نارەواو زەق و ڕەقە؛ تازە هیچ پەیوەند یا زوڵم و زۆرو هەڵە و توانجێک لە نێوان "نالی" و "مەستوورە"دا نەبووە، بۆیە سرنجی لێزانانی بواری ئەدەبی کوردی ڕاکێشاوە. ئەگەرچی "نالی" لەو دەمەدا وا ئەو هەڵبەستەی نووسیوە لە هەڕەتی لاوی و دەورانی فەقێیەتی گوزەراندووە، ئەو حەلە نە ناوێ، نەباوێ، نە نیشانێک "نالی" نەیبوە. لەپڕ بەو ئاشکرایە دەست وەبینی ژنی والی

کوردستان بنێت جێگەی سەرسوڕمان و لێدوانە. بەڕای بەندە خودی "مەستوورە"شی سەرسام کردووە کە وا بۆ کۆلکە مەلایەک بەو شێوە ناڕەوایە بکەوێتە باسی. بۆیە پەنای بردووەتە ئەو پارچە هەڵبەستە فارسیی.ە ئەلحەق و وەلئینساف شیعرێکی هەڵبژاردووە لە بەرزی و بوڵەندیدا دەگمەنەو ئەمەش ماناکەیەتی: من لە تۆو توخمێکم ڕیشووی لە زەویدا داکوتاوەو کانی زێڕەو من تیغ و دەبان و شمشیرێکم لە ئەزەلەوە بەخوێن ئاودراوە؛ ئاسنێک بەخوێن زاخاو درێتەوە جەوهەرداره، پڕ کرداره. پێم سەیر نییە بێ ڕەگەز و ناکەس بەچەیەک ئەگەر ڕۆژگاری بۆ بلوێ و پلەو پایە وەدست بهێنێت و بڕواتە نێو کۆڕ و کۆمەڵەوە ئەوە نیشانەی بەرزی و بوڵەندی نییە، ئەوی دەکەوێتە سەر ئاو چیلەکەو چوکڵ و چێو و کەف و گڵاڕێزانە. ئەوی لە بندایە مرواری و سەنگی ڕەنگاو ڕەنگی گران بەهایە. لافی گەورەو زل و زەلامی و پایەبەرزی زۆری تێ ناچێت دەعوایە و دەیکەن پەنجەی شایەتی و دۆشاو مژە لافی ئەنگوسیلەی زێڕو ئەڵماس لێ دەدەن خۆیان بەشایستەو هەی من هەی من دەکەن. ئەوی ئەنگوسیلەی لێ دەکرێت پەنجەتووتەیە. لە دووکەڵ گەڕێ هەی خۆی بەرەو بەرزی و ئاسمان دەکوتێتەوە با پێچ بخواو لوول بخوا بەرەو جەرگی ئاسمان، ئەوی مایەو بنەمایە شوڵەی گڕو بڵێسەیە. ئاگرە نەک گەردەلوولی دووکەڵ و ئەبرو قەیناکە بەسەر دیدگاو چاوەیە؛ کەی ئەوە نیشانەی پایەبەرزی و بوڵەندییە. ئەی دەوروبەر بینەو مایەی ژینە گلێنە و چاوە، چاو تەواوە.

نوما چونکە خاوەنی بنجک و ڕەگەزی خۆیەتی و نەژادی دیار و ڕەسەنە... نەبینراوە پێش دایکی کەوێ... ئەوی پەیوەستە لە پێش دایکییەوە سمکۆڵانیەتی... جاشوولکەیە، جاشەکاوە، جاشەکەرە بێخەبەرە. قەینا ئێمە لە خێڵاو توێژو تەباری شوعارا بین. تۆ

هاوکێشی من نیت و خۆتت لێ گۆڕاوەو ئەوی دەیڵێی نیشانەی خۆ نەناسینە. نەتبیستووە پۆڵا و ئاسن هەردووکیان لەیەک کوورەدا جۆش و ئاو و زاخاو دەدرێنەوە؟ پۆڵا دەکرێتە خنجەری تیژی دەبانی گەوهەردار، ئاسنیش ناڵی کەرە.

کوردە سەری بەرز کردەوە ڕوو بەمامۆستایان و خەڵکەکە... داوای لێبووردن دەکەم باسەکەم درێژایی کێشا. ناچارم وا بەدرێژا بدوێم، باس باسی حەزرەتی "نالی"یە، کەڵ پیاوێکی وا گەورەو مەزن نەک نامەیەکی ماجستێر بەڕای من دەکرێت و دەگونجێت دەها نامەی ماجستێر و دکتۆرای لەسەر وەربگرێت؛ بێ شک "نالی" خاوە و باجی نەژادی خۆی دەدا. ئەگەر "نالی" کورد نەبا هەر میللەتێکی دی بایە چەندین کۆلێج و ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و هۆڵ و شەقام و ساختمانی بەنێو دەنرا. جا بەندە وەک کچە کوردێک بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم لە خزمەت باو و ناوی "نالی" دابم.

خەڵکەکە چەپڵەڕێزانیان دەست پێکرد دکتۆر کەمال وتی:

– کوردە خانم! بڕۆ سەر باسەکەت.

فەرهاد بەوردی تێنەدەگەیشت؛ بەڵام ئەوەی لا ڕوون بوو بوویەوە کوردە لە بواری ئەدەبی کوردیدا دەستی باڵاو لێزانە. کوردە ڕوو بەدکتۆر کەمال:

– ببوورە دکتۆر! دێمەوە سەر هۆی ئەم هێرشە توندو تیژەی "نالی"یە لەم ڕووەوە بۆچوونی جۆراوجۆری زۆرو فراوانترەوە پەنجە دەخەمە سەر چەند دانەیەکی. ڕەنگە ئەوانەی وا ئاماژەی بۆ دەکەم واش نەبێت، بەڵام هەرچی لەیەکی بدەینەوە یەشتا کەمەو نیازمان بەتەقالای زۆرترو بەربڵاوترە. ئەوی ڕوونە ئەم هەڵبەستی "نالی"یە

بەسەرەتای ئەدەبی ڕووهەڵماڵراوی ئەدەبیاتی کوردی دادەنرێت. تا ئەو دەمە "هەجو"ی وا لە هیچ شاعیرێکی کورد بەو زەقی و ڕەقییە نەبیسراوە. ئەو هەجوە بێ سەرپۆشە لە ڕاستیدا بەقۆناغی تازەو نوێگەرایی دەژمێردرێت و زەڕو دارایی و گەنجینەی ئەدەبیاتی کوردی پێ دەوڵەمەند کردووە. ئەگەرچی تەقالاکەی "نالی"، ئاسایی نەبووەو ئەوپەڕی ئازایەتی نواندووە کە توانیویە دەست وەبینی ناسراوترین ئافرەت و بەهێزترین ژن بنات، بێ دەربەست لە دەسەڵات و کوشتن و بڕینی دەسەڵات دارێکی وەک والی سنە کە لەو دەمەدا لە ئەوپەڕی هێز و دەسەڵات و توانادا بووە. "نالی"یەکی نەناسراو فەقیەی مزگەوت، بێ باک لە تۆقیان و زەبرو زەوت، میرە کچێکی دەسەڵاتدار ڕووت و قووت کاتەوەو لە سەنگەری یاخیگەریدا پەرچەمی ڕۆڵی بێکەسی و بێدەرەتانی خۆی بەو شێوەیە بشەکێنێتەوە. ئەمە بۆ خۆی جەسارەتێکی پڕ لە کەڵەمێردی و بەبەرزی هەستی ململان نیشان دەدا.

وەک وتم ئەمە لایەنێکە. لایەنێکی دی دیارە نالی مێژووی ئەردەلانی "مەستوورە"ی بەباشی خوێندوەتەوە و"نالی"یش بۆخۆی، خۆی بەشاعیرێکی سەر بەمیرنشینی بابان داناوەو لەو ڕووەشەوە دەمارگرژی نیشان داوە، وەک زانراوە دڵبەستەگییەکی بێ سنووری بەو میرنشینە هەبووەو زۆربەی زۆری سوپای بابان لە تیرەی جاف و سوپاسالاری سوپای میرێکی گەورەی وەک کەیخسرەو بەگی جاف بووە. مەستوورەش لە مێژووەکەیدا هێرشێکی ناڕەوای کردووەتە سەر میرنشینی بابان و هەروەها هۆزی جاف. هەڵبەستەکەی "نالی" بۆنی تۆڵە و ڕق و کینەی لێ دێت، بۆیە وا بەجارێک ڕقی لێ هەستاوە و لێی

پڕبووه. با وەک لەو دەمـــــەدا نالی لە هەڕەتی لاویدا و هەروەها بەسەرەتای شیعر و شاعیری ئەو دەژمێردرێت و لە بناری ئەردەڵاندا هیچ بوارێکی بۆ هەڵنەکەوتووە تا وەک شاعیرێکی کارامە و لێهاتوو بێتە مەیدانەوە؛ بۆیە بێ پەردە هاتووەتە مەیدانەوە، لەسەر بیروڕای چاکترین خۆپاراستن هێرشە.

بۆچوونی دیکەیش لە ئارادایە؛ ئەوی ڕوون و ئاشکرایە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا "نالی" بەپەرچەمدار و سەرقافڵەداری بزووتنەوەی بەزمانی کوردی شیعر وتن ناسراوە. ژنە شاعیرێکی ناسراوی بنەماڵەیەکی بەناوبانگی کورد، بەفارسی شیعر بڵێت و زمانەکەی خۆی لە بیر کاتەوەو پەنا بەرێتە بەر ئەدەبیاتی میللەتێکی دی و بیر و فکرو بۆچوونی لە خزمەتی ئەدەبیاتی گەلێکی دیدا بێت، لەلایەکی دیکەوە "نالی" بەو شیعر و ئەدەبیاتە سوارکارە هەتاوەکو لە "هەجو"یشدا شۆڕەسواری مەیدان و دەنگ و جەنگی پێنووس و زمانە.

کوردە عەرەق کەوتبووە سەر ڕوخساری مژێکی لە لێوانە ئاوەکەی بەردەستی دا و سەرێکی بۆ مامۆستایانی دانیشتووی پشتی پێشخوان دانواندەوە بەنیشانەی تەواو کردنی باسەکەی. هۆڵ بێدەنگ چرکەی لێوە نەدەهات دکتۆر کەمال هەڵیدایە:

– تکا لە دانیشتووان دەکەم تەشریف ببەنە دەرەوە تا ئێمەی مامۆستایان ڕای خۆمان دەربارەی ئەم نامیلکەیە دەربڕین.

خەڵکەکە هەستانە سەرپاو هۆڵ چۆڵ بوو، دەرگای هۆڵ داخرا. زۆر زۆری نەخایاند دووبارە دەرگا کرایەوە مامۆستایان هەر یەکە لە جێگەی خۆی بەڕۆبەوە دیسان دانیشتنەوە. دانیشتووان بێدەنگ، "کوردە" ڕەنگ هەڵپرووسکاو چاوەڕانی بڕیاری دکتۆر کەمال لە

لاپەڕەیەکی ئیمزا کراودا خوێندیەوە کە وا نامەکەی قوتابی "کوردە تالیب" پلەی نایابی بەدەست هێناوە.

دیسـان بوو بەچەپڵە لێدان. ئەو دەم شـرینی و چای و قـاوە خورانەوەو پیرۆزبایی و وێنەگرتن دەستی پێکرد.

کچێ! وا خەریکە گەورە دەبیت، ماجستێرە وەرت گرتووە. لەخوا بەزیاد هیچ جۆرە کەم و کەسری و گرفتارییەک لە گۆڕدا نییە. ئیتر قسەت نەماوە، ماوە؟

– نەخەیر نەماوە. بۆخۆمیش گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی باوەڕم بگۆڕم و بڵێم بەڵێ.

دایکی هەلهەلەیەکی لێداو خۆی پێ ڕانەگیرا بەرەو کوردە ڕۆیی ئەملاو لای ماچ کردو چمکی ڕۆبەکەی دای لە چای سەر تەپڵەکی لا دەستی. چای ڕژا و پیاڵەش شکا.

دەی خێری پێوەیە شرینییە. شوکری خوای دەوێ گەیشتوویتە ئەم باوەڕە. دەزانی چەند کەس ڕێزیان بەستووە بۆ ئەو "بەڵێ"ی تۆیە؟ بیانژمێرم؟

– دەی.

– ئەوە ئاگری ئەوڕەحمان ئاغایە، گەڕەکێکی لە شاری بەیروت دا هەیە. ئەوە سامالّی حەمە عەلیخانە دکتۆرای هەیە و سەدان ساڵیشە بنەماڵەن. ئەوە میرانی شێخ قادرە کوڕی پیاو ناسراو و دەست ڕۆیشتووە. ئەمانە هەموو کوڕی پیاوان.

– ئێ کێی دی.؟ ماوە هەڵیان دە...؟

دایکی تۆزێک تێڕاماو لەسەرخۆ وتی:

– لەوە دەڕوا ئەوانەی هەڵم دان هیچیانت بەدڵ نەبێت؟

– توهەمم بۆ هەڵدە، تا بزانم کێی تری. بەتەمامە؟

– کچم بەتەمابوون نە عەیبەو نە شوورەیی. کچی پیاو هەی، ئا هەی، بنەماڵی ناسراوی چەند سەد ساڵەی کورد هەی، ئا هەی. بەسەر ئەوەشدا جوان و خوێندەوار خاوەن بەڵگەنامەشی. ئەوانە هەر هەمووی نازو نیعمەتی خوایە پێی داوی.

– یانی تۆ دەڵێی من هاتوو شووم کرد دەبێت شوو بەیەکێک لەوانە بکەم، وا نا؟

– ئەوانە هەموویان خواپێداون. هەموو کچێک ئاواتەخوازە شوویان پێبکا. دەستی کێ دەکەون؟

دایە گیان! من بڕیارم داوە شوو بکەم؛ بەڵام ئەوانەی وا هەڵت دان لە لیست و قایمەی مندا نین.

– یانی یەکێکت ناوەتەوە؟ ئەی من بۆ نەزانم ئەو خۆش بەختە کێیە؟

– وتم شوو دەکەم، ئا دەیکەم؛ بەڵام نە بەدارو بەرد و خانووبەرەو قەسرو قسوور. شوو بەیەکێک دەکەم حەزی لێکەم لێم تێگا و لێی تێگەم و خەمی خەڵک و خوا بخوا و لە ئەندازەو پلەی ڕووداودا تێفکریەت. ئەو موفت خۆرانەی وا هەڵت دان ئەگەر پیاو لە دونیا نەبێت و هەر ئەوانە بن وەک مێرد بەفلسێک نایانکڕم.

دایکی سەرسامانە دوولەپی بەیەکدا نائومێدانە هەسواندو لەژێر لێوەوە بۆڵاندی: حەیا حەی! خومە لووتی بەبالامبووەیە دەڵێی خەرەفاوە.

– وتت چی؟

– وتم شەق لە بەختی خۆت هەڵدەدەی، ناشوکرییەو دەیکەی.

هەریەکە لەوانە مێژووی بنەماڵەکەیان لە چوار سەد ساڵ کەمتر نین، ڕەگ و ڕیشەیان لە قووڵایی زەویدایە. بۆیە مانەتەوەو زۆری دیکەیش دەخایەنن.

- دایە! من شوو بەعەنتیکە و موزەخانە ناکەم. لەو دۆڵ و دەربەندی کوردستانە... دار بەڕووی وای تیادایە دووهەزار ساڵ تەمەنیەتی. بەم حیسابی ئێوەیە ئەگەر ديناسۆر تا بەئەورۆ بمایە، دەبوا بیان پەرستا... کوردە دەستی ڕاوەشاند:

- دایە! ئەم تئوری و کەیل و کێشانانە نە باوی ماوە، نە بایی.

- دەی فێرمان کە تا بزانین تازە بابەتەکان چین دەبفەرموو.

- چە بفەرمووم... بمەوێ بەدڵی خۆم شوو بکەم تاوانە؟ سەیرتان بەلاوەیە. لەوەی دڵنیابن شوو بەو کەسەی دەکەم حەزی لێ بکەم. من شوو دەکەم، نەک ئێوە.

- ئەمەی دەیڵێی ماقووڵە. تەنها ئەوە لە نەزەردا بگرە ئێمە لە بنەو بنچکدا پەروەردە نەبووین. شوو دەکەی بیکە تەنها مەرجێک هەمانە ئەوی شووی پێ دەکەی کوڕی هەرچی و پەرچی نەبێت. قەینا دەوڵەمەندیش نەبێت، با نەبێت. ئەلحەمیلا هەمانە. تۆ تەنها ئەوەم بۆ ڕوون کەرەوە ئەمانەی دەیڵێی بیروڕاو قەناعەتە یا حەز لە کەسێکی تایبەت دەکەی؟

کوردە بەپشتی دەستی ڕیتمدار دەیدا بەسەر کەمەی تەختەی مۆبلیاکەدا ئنوسەیلەکەی پەنجەی دەنگێکی مەوزوونی لێ دەهات، نیشانەی ئاشوفتەگی قووڵایی دەروونی بوو؛ سەرەتا قەناعەت بوو، بوو بەباوەڕ. ئێستا حەزەو حەزەکەشی بەرەو حەقیقەت دەڕواو بووە بەعیشق.

خانمە خانمی ڕیتمی هەناسەی تێک چووبوو، هەستی حەوتەمی ئاگاداری کردبوویەوە کوردەی کچی خەریکی بەزم و بەرنامەیەکە نە بەدڵی ئەوەو نەباوکی و نە توێژی ئەو. بەسوونەت شکێن دەدرێت لەقەڵەم و کۆمەڵگای ئەوانیش سونەت شکێن نابەخشن و دەبنە بنێشتە تاڵەی دەمی دوور و نزیک:

– ئێ خانم!

– بۆچی هەر کەسێک بەڵگەنامەی ماجستێر وەرگرێت یەکەمین هەنگاوی ڕچەشکێنییە؟

– دایە! وا ماجستێرم لە زمان و ئەدەبیاتی کوردیدا وەرگرتووە، لەم وشەو واژانە تێناگەم، سادەتر لەگەڵما بدووە.

– دەڵێم سەد ساڵی دیکەی دەوێ هەتیوومەتیو بەزاوا قبووڵ کەم و دانی پیانەم و بیسەلمێنم کە هاولفمانن.

– کورە ئێوە سەیرن. خۆمە چاوتان نییە کەسی پێ ببینن. خۆتان و توێژی گەندەڵی و موفت خۆری خۆتان بیروارِی پڕوپووچتان نەبێت. خۆمە هەموو کەس و هەموو شت بەبابردەڵەو پووش و پەلاس دادەنێن بێ ئاگا لەوەی دونیا بەسەدو هەشتا پلە گۆڕاوە. ئێوە ئەمە بۆ تێناگەن؟ یا خۆتان لێوە کەڕ کردووەو ناتانەوێ تێی بگەن و بیسەلمێنن.

– دەفەرمووی چی بسەلمێنین؟ ببیتە هاولفی سوورتک و سەگ و ستور. تۆ پاک بۆ ناڵێی شووتی، بەتەمای چ میر قۆزێکی؟

– کوردێکی ئێرانییە.

– کێیەو کوڕی کێیەو چکارەیە؟

– نازانم کوڕی کێیە. ئینسانە و ئێستا پێشمەرگەیە. پێشمەرگەیەکی ڕووتەڵی سەر بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە.

– پێشمەرگەیە سەرسەر. ئەی بابی؟ ئەی باپیری؟ ئەی ڕەگ و ڕیشەی؟

– کێت دەوێ؟ کوڕی شێخ عەلیخانی زەنگەنە یا کوڕی عەلی ئەکبەر خانی سنجاوی، چوزانم کوڕی کێیە. کوڕی باوکیەتی باوکێکی شەهید لە پێناوی بیروڕای کوردایەتیدا. پێشمەرگەیەکی ڕووتەڵە، ئاسمان لێفە و پەڵاسیەتی، زەویش حەسیر و مافووری. پێشمەرگە چی هەیە لە بەرزو بوڵەندی باوەڕی زیاتر. بەلای ئێوەو چینی خوا پێداوی ئێوەوە ئەم وتانە قسەی قۆڕن. پووڵ و پارەو خانووبەرەو شۆرەتی پڕ لە کش و فش کوێری کردوون. سەیری خەڵکی کەن چەند ڕاستگۆن، لەگەڵ خۆیاندا بەئاسان خۆ بەخت دەکەن. حەیف چاوتان نییە.

– کچە تیو! بۆ وامان لەگەڵا دەدوێی. ڕاستە پێشمەرگە نین خۆ جاشیش نین. لەوانە گوزەشتە، تیکەمان لە دەمی کێ فڕاندووە؟ کێمان تالان و زۆرمان لە کێ کردووە؟

ئەمە تاوانە بیست پشتی خۆم دەناسم. کابرا ناوی باپیری خۆی نازانێت، بەمن چی؟ خەتای ئێمەیە برێک وەک دومەڵان وان؛ نە ڕەگیان هەیەو نە ڕیشوو.

– ئەم ئەسڵ و فەسڵەی وا پێی دەنازیت و شانازی پێوە دەکەی بەلای منەوە ئەرزشی پەشیزێکی نییەو بەبۆچوونێکی کۆنەپەرستانەی دادەنێم. بۆشم بکرێت ئەوەی لەم ماڵەدا دانراوەو چینراوە تووڕی دەدەمە دەرەوە. چییە، وەڵا ئەوە موبلی لوئی چواردەهەمەو ئەوە مێزی سەردەمی ناپلیۆنەو چاوی لوئیو نابلیۆن وەدەر بێت و لەوەلاتر بڕۆن، لەگەڵ بیروڕای نەشیاوە ناپەسەندیش. من دەمەوێ بژیم بەو شێوەی وا دەمەوێت. کارم بەتوێژو موێژو کۆنی بنەماڵەشەوە نییە. خۆ من مافووری ناوماڵەتان نیم و چاوم لە فلسێکی ئێوەش نییە. ژیانم بەو

شێوەی دەست پێ دەکەم، تێدەفکریەم. لە سفری سفرەوە دەست پێ بکەم زۆرتر پێی شادم..تا دارایی و دەوڵەتی ئێوە بەو مەرجانەی وا دەیبیسم.

– جا خۆ ئاوا ڕەفتارێک دەچێتە خوێنی باوکت؟

– بۆ حەز لێکردن تاوانە؟

– تاوان بێت یا نە، ئەم جـــــۆرە بۆچوونانە لە ڕەسم و ڕەواڵ و چۆنیـــەتی ژیانی ئێـــمـــەوە دوورەو هەر هەمـــووی بەگـــرفـــتـــاری و ئاشـوفتەبازاڕی دەزانم. نافەرمووی ئەم ئاغای پێشمەرگەیە ناوی چییە؟

– بۆ تۆ ناوی چی دەگەیەنێت؟

– ئەی چۆن؟ بەخێرەت نابێت ناوی زاوای ئایندەم بزانم؟

– فەرهاد.

– بەهـ... بەهـ... وەڵا خۆ گەلێک ڕۆمانسییانەیە؛ ئەگەر هەڵەیەک هەیە ڕاست کرێتەوە... ناوی خۆت بگۆڕە لە کوردەوە بیکە شرین، جوانتر بەیەک دەخۆن و لەسەر زمان ئاسانترە... نەتبیستووە دەڵێن شرین و فەرهاد و بێستوون و شەودێز؟

– گاڵتەم پێ دەکەی؟

دایکی لوتی هەڵقـرچاندو وەڵامی نەدایەوە. کـوردە وەڵامی دایکی دایەوە:

– پێویست ناکات خوشکەکەی ناوی شرینە.

دایکی ئاڵۆزانە هەڵساو بەتووڕەبوونەوە:

– تف لە ڕۆژی ڕەش! ئاوا شوویەک بەمیراتت کەوێ ئینشـەئەڵڵا! زۆر نییە "تەیری گوڵ عاشقی داری زەقنەبووتە".

ئەبو مازن لە پێشەوە دەڕۆیشت، فەرهاد و کۆرش بەدوایدا تا گەیشتنە لای ماشینێکی ڕاوەستاودا. ئەبو مازن وتی:

– سوپەرە ها! سویچی لە گیرفان دەرهێناو دای بەدەستی فەرهادەوە: بۆ ئاگاداریت هەنگاوێک نەڕۆیشتووە، کیلۆمەتر سفرە. فەرهاد هەروا ڕاوەستابوو. ئەبو مازن تێی خوڕی:

– بۆ ڕاوەستاوی دەرگاکەی بکەرەوە. ویستی بەسویچ بیکاتەوە، سویچی لە فەرهاد سەند و ڕوو بەدەرگا ڕایگرت: ئاها وایش دەکرێتەوە [سویچەکەی ڕاوەشاند] ئەمە ڕیمۆنتە لە دووریشەوە دەکرێتەوە ئا تۆ سەیر کە. ئەبو مازن چەند هەنگاوێک دوور کەوتەوەو سویچی ئاماژەی دەرگا کرد و وتی:

– بڕۆ دەرگا بکەوە.

فەرهاد دەرگای کردەوە، تۆزێک لە نێویدا دانیشت و ئاوڕێکی سەرسامانەی لە دەرودوا دایەوەو هاتە دەرەوە.

– وەک لە پێشدا وتم، وا بەڕێوەبەری گشتی بەڵێنەکەی ئەنجام دا و ماشینەکەی بۆ ناردوون بۆ بەکارهێنان. لەیراش وەدەرچووین یەکڕاست بەرەو سولەیمانی دەڕۆین تا ماڵی تازەتان نیشان دەم. دەتوانن لە سبەینێوە بگوێزنەوە. ئاگربارانە درەنگە بکەونە دوام بەرەو سولەیمانی.

جادەکانی نێو شاری کەرکووک جگە لە ماشینی باری و نەوتکێش لە تاوی گەرمادا ماشینی سواری تاک و تەراک تیا دەبینرا، قیری سەر جادەکان وەک سەیلات ئارام توابوویەوەو کەوتبوونە ڕێ، لە شار دەرچوون، هەتاو سکی نابووە زەوی، هەموو شت تاوی سەندبوو، چاو کەوتبووە تەراویلکە، بەدژوار دوای ماشینەکەی "ئەبو مازن" دەبینرا فەرهاد لێی دەخوڕی.

- خۆ ناتوانین بفرۆشنەی؟

فەرهاد ئاوڕێکی کوتوپڕانەی لە کۆرش دایەوەو:

- چی؟

کۆرش دای بەسەر دەشبولی ماشینەکەدا. فەرهاد ڕاچەڵەکی و تۆزێک لە هێڵ دەرچوو:

- خانەخراو زاورەتەرکم کردی.

- چی و چە چییە، ئەی ماشینە ئیشم.

- نە نیەتوانیم. تەنها ئەڕا هاتوچوە و بەس.

- شمارەی ئەی ماشینە دەوڵەتیە، یا وەک مەردومە؟

- وەنەزەرم وەک هی مەردومە؛ وەلی پۆلیس وڕانمایی ناستەی و زانت هی موخابەراتە.

- وەبیرم نەو بیشمەرات. وەهاتنمەو شەمخور دیەم. وەت توام بامە ئێراق.

- ئەرا زووتر نەوتی؟

- وەبیرم چوو. شەمخور براسەگ بات یا نەیەت چە ئەوت؟

- هیچ نیەوت، وەلی ئیشتبای تو ویراسە کەسی چو شەمخور یە

سەر دیرت و هەزار سەودا. فەرهاد پەنجەی خستە لا کەللەی یەک دووجار دای لە لا کەللەی و وتی:

– ئەی کارانە عەقڵ و درایەت توات، ئیمە دیریمن.

– ئاخر ماشین تەقاندنەوە وەناو دڵ شار تارانا کار هەر کەسی نییە، هەیە؟

– وەختاتر ئەوەسە دەوڵەت ئیراق نازمان کیشن؛ وەئیلا چاو نەیرت کوردو ئیرانی بوینت. ئەگەر وەخۆمان برەسیم توانیم فکر نوا ڕوژ بکەیمن. فەقەت وەقسەم دەرمەچو کارت نەوت.

– توای چە بویشی؟

– تو کارت وەبەرنامەڕیزیەوە نەوت، بخەرەی گەردن من. فەقەت مەرد مەردانە یەک دوو ماشین تر ئەرام بتەقنەو بوین چ ئایندەی ئەڕات سازنم. یە جەنگە جەنگ؛ ئادەم با هوش وەناو جەنگدا ئەوتە خەرپول.

– دەرموقابل بایەت ڕوحمان بخەینە ناو کەف دەست و دەرقەد کوشت و کوشتار و کوشتن نەوین. لەیانە گوزەشتە کیە کوشیەت، یە میقدار ئادەم نفلەشودەی بێ سەروپا. ئەساسەن زندەکی کردن ئەرایان حەرامە. وەنەزەر من ئەگە بکوشنیان کۆمەک وەپیان کردنە. ئەی کار ئاخرتە چەن نەفەر نفلەبی؟

– وەقسەی خود ڕادیوکەیان وەخیابان ناسر خوسرەو هیڤدە نەفەر کوشیایە دوچەرخە شیش نەفەر، سەرجەم بیست و سێ کەسی وەغەیر زەخمی.

– بیست و سێ وەڵگرد، بیست و سێ بەدبەخت بێ ئاس و باس بکوشیەت چە ئەوت؟

– هیچی. وەلی هەتاوەکو کوشتەن ئەی میقدار وەڵگردە کار ئاسانی نییە.

– وەتمەرات یەک دوو گلەتر بچوو، هەقت نەوت. بگوزەریم ئاغای شەمخوری نەوت کە تیەت ئەڕا هەمیشە یا زیارەت.

– نیەزانم، وەلی ئەکیدەن تیەت.

ئەبو مازن لەبەر دەرگایەکدا ڕاوەستا. دەستەیەک کلیلی بەدەستەوە بوو، ڕۆیشتنە ژوورەوە. لەیراو لەوێ برێک ناوماڵە دەبینرا. بەستەیەک دیناری دا بەدەستی فەرهادەوە:

– ئەوەش پوول و پارەی ناوماڵەی پێویست. ماوتەوە سەر دەمانچەو پێناسی هەڵگرتنیان، سبەینێ بۆتان دەنێرم. دەستی دا لە گەڵیانداو بۆی دەرچوو.

– وەنەزەرم پایان دەردە سەرە وەیرانە. زندەگی وەناو "چادر" تەواو، سەگ زندەگی تەواو. بنوڕ تەخت خەو مونتەزرە. بەو بیرە لامەو با میسل بەچە ئادەم ئیسراحەتەکی بکەیمن توێک چوک و زەرانی و کەفەڵ ئەڕامان نەمەنیە حەق دیریم، نەیریم؟

کۆرش پاڵێکی نا بەفەرهادەوە. فەرهاد ژنانە ئایەکی کرد و کەوتە مەکە و دەلاچۆ لەندەهوڕ. لەسەر دەم کەوت.

بەخوا جوانە! کچی من! تالیبی نەوەی حەمە ڕەسوڵ ئاغای گەورە، بێ بە ژنی هەتیوچەیەکی کەس نەناسی بێ باوک و دایک، چییە خانم عاشقی بووە، عشقت هەڵپیەچی ئاوا مەگەر تالیب مردووە؟ ڕیامە هەزار عشق و عاشقی وا دا، کە ببێتە مایەی ڕسوایی. تالیب ئاغا ڕۆبێکی دوشامبری هەوریشمی لەبەردابوو، لەدەست ڕاوەشاندا گرێی پشتوێنەکەی کرابوویەوە.

– ئاغا! توڕەبوونی پێ ناوێت، لەسەرخۆت جۆش و خرۆشت بۆ باش نییە لە بیرت چووە نەخۆشی؟

– نایەوێت دەیەوێ و زیادیش. ناڵێی وەڵامی خەڵکی چی بدەمەوە، بڵێم چی؟ بڵێم کچەکەم شووی کردووەتە نەوەی ئەمیرە چرچەی موکریان؟ یان کوڕی داودخانێ کەلوڕ، کامیان؟ دەی بۆم چارەکە تا دامرکیەم.

خانمە خانمێ هەستاو لە پشتی مۆبلەکەی ئاغاوە ڕاوەستاو خانمانە دەیچرپاندە گوێیدا:

– تۆ هەر ئارام بە و نیگەران مەبە. ئەم جۆرە کارانە بەنەڕەنەڕو کێشەو ڕەقی و زەقی چارەسەر ناکرێت. گرفتارییە و یەخەی گرتووین، مەسەلەکە ئاسان نییە، ئەوە دوو ڕۆژە لەو ژوورەی وەدەر نەهاتووە. کاری گریانە و بەس.

– دەگری؟ بۆچی ئەمە ماشینە بۆی بکڕم؟ بەقەبری حەمە ڕەسول

ئاغای گەورە مەرگیم لا خۆشترە تا خوێنی ئەو هەتیوەمان تێکەڵ بێت. ئاوا عەشق و شووکردنێکم لە قوڕە ڕەشەنا. نالْیەی ئەم هەتیوە کوێنەرییە؟

– کوێنەرییە، چوزانم. ئەوەندی پێ وتووم کوردی کوردستانی ئێرانە. لە کۆلێژی پەیکەرسازیدا بووە سالْی ئاخر دەولْەوت ویستوویەتی بیگرێت و هەلْهاتووەو بووە بەپێشمەرگەی حزبی دیموکرات. بابیشیان لەسەر کوردایەتی ئیعدام کردووە. ئیدی کێیەو چییەو چی تیرەو تایفەیەکە هەر ئەوەندەی لێ دەزانم. خانمە خانمی لیوانێک ئاوی تێکرد و ڕوو بەتالیب ئاغا ڕایگرت:

– مژێکی لێدە.

– لێم گەڕێ.

– تەنها قومێک؟

تالیب ئاغا مژێکی لە ئاو داو ئاو پەڕییە قورگی. بەدەم کۆکەوە پچڕ پچڕ. ئەم کچەتیوە دەڕواتە خوێنم، ڕەنگی سوورهەلْگەڕابوویەوە.

تەلیفۆن زرنگایەوە، کەس هەلْی نەدەگرت. تووبای ئاشپەز لە ئاشپەزخانە وەدەرهات و وەلاّمی دایەوە.

خانمە خانمی وتی:

– کێیە؟

– کابرایەکە بەناوی فەرهاد. کوردە خانمی دەوێت.

– بلْێ لە مالْ نییە.

ئاغا قیڕاندی:

– نا وامەلْێ، بیدە بە من. بەپەلە خۆی گەیاندە تەلیفۆن:

– فەرموو، فەرمایش. تالیب ئاغا تۆزێک ڕاوەستا لە پڕ وەک بۆمبا تەقییەوە:

– هەتیو! باش گوێم لێ بگرە چیت پێدەڵێم! ئەگەر بێتو جارێکی دی تەلیفۆن بۆ ئەیرا بکەی لە هەرکوێ بیت پەیداو وەک سەگ سنگت دەکەم و خۆتت پێدەناسێنم. تەلیفۆنی داخست. لە کاتێکدا بەرەو جێی دانیشتنەکەی دەڕۆیشت:

– سەیرە ها! بڵێ هەتیو! ئاخر بەچیتەوە؟ قەینا وڵات بەلبەشویە و سەگ خاوەنی خۆی ناناسێت. من خۆم دەناسم و هەرچی خوێڕی و ستوور و سەگبابیش هەیە دەیناسم کێیە؟ ڕیامە گۆڕ بابی فەرهادی کێوکەنیشدا کە نێوی فەرهاد بووە.

ژوورەکەی کوردە لە نهۆمی دووهەمەوە دەینواڕییە سەر باڵکۆنی ناوەندیدا. گوێی لە جنێوەکانی بابی بوو بەفەرهادی دەدا. لە ژوور وەدەرهات و سەری لە باڵکۆنەوە شۆڕکردەوە ڕوو بە بابی:

– ئەگەر تیکە تیکەمت کردووە و هەر پارچەیەکم فڕێدەیتە چوارلای شار، شووی پێدەکەم، یانی شووی پێدەکەم. تالیب ئاغا بەقسەکانی خانمە خانمی ئارام بووبوویەوە مژی لە پایپەکەی دەدا کە گوێی لە گەزافەی کوردەی کچی بوو بەتەواوی توانایەوە پایپەکەی تێگرت و پڕتاو بەپلەکاندا سەرکەوت و بەدەم جنێودانەوە:

– قەحپەشیر، هەتیمچە بەسەند! ئێستا لە گۆڕت دیەم. خانمەخانمیش بەهاوارەوە بەدوای کەوت. کوردە لەو دیوەوە ژووری داخستبوو.. تالیب ئاغا بەشەق و مشت بەر بووبووە دەرگا. خانمەخانمی دەپاڕایەوە؛ بەڵام دەرەقەی دەست و بازووی تالیب ئاغا نەدەهات:

– کورە ئاغا! لەسەر خۆت بەزەییت بەخۆتا بێتەوە. ئاغا سوور هەڵگەڕابوویەوە. چاوی پەڕیبوویە تەوقی سەری، کەفی دەچەڕاند، هەناسەی سوار بووبوو:

– ئەو دەرگایە نەکاتەوە دەیدەمە بەر کلاشنکۆف.

خانمە خانمی قیڕاندی:

– بۆ خاتری خوا ڕەحم بەخۆت کە، ئاخر ئەمەی ناوێ. ئاغا لەپڕ دەستی بەسنگیەوە گرت و وردە وردە لەسەر چۆک لاربوویەوە. زۆری نەکێشا تەختی زەوی بوو.

خانمە خانمی قیژاندی:

– چاکت کرد وا چوویتە خوێنی باوکت. نەموت کچەتیوە بەدەمتەوەیە. بەدەم گریانەوە:

– تۆبا! تۆبا! تۆبا لە مێژدا لە ئاشپەزخانە وەدەرهاتبوو لای پلەکەدا ڕاوەستابوو:

– بەلێ خانم! هاتم.

– مەیە بڕۆ مەجیدی لێخوڕیش بانگ کە و وەرن، ئەی ماڵی کاولم. کوردە دەرگای کردبوویەوە. باوکی بێ جووڵە لە زەویدا تەخت بووبوو. دایکی ڕوو بەکوردە ئاماژەی بۆ پەیکەری بێ جووڵەی تالیب ئاغا کرد:

– ئەمەت دەویست، دەی موبارەکت بێ. کوردە ترس و تۆقیان لە ڕوخساریدا دەقی بەستبوو. دەگریا چوار کەسە لەشی بێ جووڵەی ئاغایان لە پلەکانە بردە خوارەوە و بەدژوار خستیانە نێو ماشین پڕتاو بەرەو نەخۆشخانە. تالیب ئاغا جارەوبار دەکەوتە لرخە لرخ و خاو و خلیچکانە چاوی دەکردەوە و دووبارە دەڕۆیشتە کۆماوە. گەیشتبوونە بەر دەرگای نەخۆشخانە، کوردە هەڵەپەلە دابەزی و لەو سەرەوە دوو پەرستار و چەرخێکی هێناو ئاغایان گەیاندە ژووری تایبەتی بووژانەوە.

## ١٣٣

هەلاو. چوونیٚ؟

– خاسم. بیشە چە بییە؟

– شتیک قابیل عەرز وت خەیر، فەقەت یەسا ئاغای شەمخوری هاتیە؟

– هاتیە؟

– یەسا هاوە تەنیشتمەو وسیایە.

– وەل خوتا بارەی

– ترسم وەناو ڕیگە بگرنەی.

– بچو ئەلای ئەبو مازن یە ڕوخسەت چەند ڕوژە ئەرای بگرە، بیشە فەرهاد کل کردیەسە نوای تا باتە ئیرا کارمار وەپی دیرت.

– خاسە، شنەفتم.

کۆرش لە بلە شەمخوری پرسی:

– برسیت نییە؟

– باوەڕ بکە لە برسا ڕیخۆڵەم یەکتردەخۆن. خۆمە لەم کاول بووەدا هیچ وەچنگ ناکەویٚ تا بیخوێن...

– ئەیرا ئوردوگای لێقەوماوانە، هەرکەسێک لە بیری منداڵی خۆی دایە.

– ئەی کۆمەک و یارمەتی دەوڵەتی ئێراق چی؟

– فرە کەمەو بخور و نەمیرە. ڕاستی نامەی برادەرانت پێیە؟

– مەبەستت برادەرانی دیموکراتە؟

– کــۆرش ســەری لەرزانەوە. بلە دەســتی بۆ گــیــرفــانی برد و پسوولەیەکی دەرهێناو دای بەدەستییەوە. کۆرش خۆی گەیاندبووە بەر دایەرەکەی ئەبومازن. ئەوی فەرهاد پێی وتبوو پێی ڕاگەیاند. "ئەبو" بەکۆرشی وت:

– با فەرهاد سبەی سەرێکم لێدات، کارم پێی هەیە.

کۆرش بەرەو شارۆچکەی دەربەندیخان کەوتبووە ڕێ... بلە لای بەلای کۆرشەوە کردو وتی:

– ولاتێکی سەیرە ئەیراش ئەوی لە ژێر دەستیاندا بێت پیاویان تیا نەهێلاوە وەک لای خۆمان.

– ئەیرا و ئەوێ لە زۆر لاوە لەیەک دەچێت... ئەوی دەســـەلاتدارە و حوکم دەبا بەڕێگەوە دەستگا ئەمنییەکانە.

ـ ئەوەت لەبیر نەچێت هەردووکیان لە کورد کوشتنا مامۆستان...

– نە ئاغا... ئەلحەق و وەل ئینساف لە خەڵک کوشتندا وەستاکارن جیاوازی ناکەن لە ڕیشەو ڕەگ و نەتەوەکان وەک یەک ئەوی لەگەڵیاندا نەبێت دەیکوژن و دای دەپلۆسنەوە...

– ئەرێ چلەوکەباب لەم دەوروبەرەدا دەست دەکەوێ؟

تێکەڵ بەپێکەنین کۆرش وەڵامی دایەوە:

– کابرا لە کویەی کاری... دەڵێی لە گوێی گادا نوستووی... ئەیراو چلەوکەباب؟

– بۆچی مەگەر هەمووی دە کیلۆمەتر لە نێوان کوردی ئەیراو لای خۆماندایە...

– ئەمانە بەجێی خۆی. ئاداب و نەریەت لە چۆنیەتی ژیانی خەڵکیدا فرەکارییە؛ بەتایبەت ئەگەر سنوور لە نێواندا هەبێت. کەوتەوە بیرم چەند ڕۆژێک لەمەوبەر هەروا باسی خواردن دەکرا کوڕێکی ناسیاوی خەڵکی سولەیمانی گێڕایەوە: چوومە ئێران لە چێشتخانەیەکدا خواردنیان خستە بەردەستم کەرێ بەجیا، هێلکەی کاڵ بەجیا پیازی هەڵقە هەڵقەی جیاواز برنجی بێ ڕۆن و کەباب و نان. سەرم سڕما ئەمانە سەردەخەنە سەرم یا گاڵتەم پێ دەکەن. شەرمم کرد بپرسم دەستم کردە نان و کەباب خواردن. کابرای کرێکار هەستی بەتەنگەبەریەکم کرد و لێم نزیک بوویەوە وتی ئەوانە ناخۆیت یا بەدڵت نین؟ وەڵامم دایەوە: ئەوە نییە نان و کەباب دەخۆم ئەوانە کاڵن. کابرا تێکەڵی کردن و وتی: فەرموو... وتم: برا من هاتووم بۆ نان خواردن نەک چێشت کردن. وتی: تۆ بیخۆ. خواردم ئەوەندەم لا خۆش بوو داوای نەفەرێکی دیم کرد.

– تۆ لەوانە گەڕێ. من قوزەڵ قورتیشم دەنێ دەیخۆم. لەیرا جارەوبار بەناچاری لە چێشتخانەیەکدا نان دەخۆم بەناوی کەلار. خواردنەکەی خۆش نییە، بەڵام لەوانیتر خاوێنترە. کۆرش ماشینی ڕاگرت و ئاماژەی کرد: ئەوەسانی.

سەگێک لە گەرما تک تک عەرەق لە زمانی دەتکا. حاجی کەریم جامانیەکەی خستبووە ملی، تەنها کڵاوی لە سەردا بوو لە پشتی مێزێکەوە لەبەر دەرگا دانیشتبوو، پەنکەیەکی کردبووە خۆی. چێشتخانەکە لەسەر بنەوە کولەرێکی ئاوی هاڕەی دەهات. زڵڵە و گاڵەی کرێکاران چەند گوریسێک دوورتر دەچوو. حاجی کەریم قیڕاندی:

– ڕاکە برۆ بلێ بەفەرەج تانکەرێک ئاومان بۆ بهێنێت. بەزیاد نەبێت، لە بندەستی دەریایەک ئاودا خەریکین لە تینووا دەخنکێین هیوا هاتە پێشەوە بڕوات فەرەج بانگ کا حاجی بەری پێگرت:

– تۆ برۆ دووسێ دۆڵکە ئاو بکە ئەو کۆلەرە تا ئاو دەگا، با فایەق بڕواتە دوای فەرج. کۆرش و بلە لە چێشتخانە وەدەرهاتن بەرەو سولەیمانی بۆی دەرچوون. لەودیوی تۆنێلەکەوە دووماشین دابوویان لەیەک، چەند چەکدارێک دەوریان دابوو. بلە پرسی:

– ئەمانە چین؟

– جاشن.

– لەیراش جاش هەیە؟

– لە هەرکوێ کەر هەبێت جاشیش هەیە.

– عەینی بەزمە. ئەوسا زۆرتر ئاغاکان دەبوونە جاش، ئێستا ئەوی بەخۆیدا بنازێت و تەماحگیر بووە. ئەمە شێخە کوێخایە چوزانم شەلاتییە، حاجییە ئیتر تێکەڵاوە. کوڕە ئەم ماشینی لای تۆیە نیعمەتە، نیعمەت. ئەوەندە ساردە دەڵێی هوبەتوی سەقزە.

شاری سولەیمانی خاو و خلیچک خوماری گەرما بووبوو. پۆلیسی هاتوچۆ لە تاوی هەتاودا خۆیان دابووە سێوەر. لە زۆربەی دیوارو گۆڕەپانەکاندا وێنەی سەدام. هەڵواسرابوو. سەربازی چەکدار لە زۆر جێگەو شوێندا دەبینران. دەم و چاوی شەڕ لە شاردا دەبینرا. زۆرتر لە شارێکی داگیرکراو دەڕۆیشت. فەرهاد دەرگای کردەوە:

– بەهـ! بەهـ! کاک ئیبراهیم یاخوا بەخێرهاتن. با هێناوتی، تۆفان ڕایماڵیوی تۆو ئەم دەوروبەرە؟

- وەڵڵا ئیتر وتمان بابزانین دونیا بەدەست کێیەو بەرەو کوێنە دەڕوا؟

- با ماندوییت دەرچێت ئەو دەم پێت دەڵێم دونیا بەدەست کێیە؛ نانتان خواردووە؟

- لە چێشتخانەی "کەلار" زەقنەبووتمان خوارد، تا خواردمان سووتاین، ئەوەندە گەرم بوو، جەهەنمی جەهەنم.

- چای چی؟ ئامادەی کەم؟

کۆرش وەڵامی دایەوە:

- لێگەڕێ من دەیکەمەوە.

- ئێ کاک ئیبرایم! خۆمانین، ڕاستم پێ بڵێ بۆچی هاتووی ئەم ڕێگە دوورەت خستووەتە پێش خۆت. ناکرێ هەروا هاتووبیت و تا بزانی دونیا بەدەست کێیە؟

- ڕاستت بوێت من گیرهاتووم، تووشی دەردی خۆم هاتووم دەترسم بیڵێم ئەوەندە خراو بەگیریان هێناوم.

- مەترسە، بیڵێ لە ئەمانداى.

- سوێندم بۆ دەخۆی بمپارێزی؟

- ئا دەیخۆم.

- قورئانیش؟

- کێ دەڵێت من موسڵمانم؟

بلە سەرسامانە تێی نواڕی:

- گاڵتە دەکەی؟

- گاڵتەی چی؟ باوکم ئەهلی حەق بووە، بۆ خۆمیش نازانم سوینم،

شیعەم یا ئەهلی حەق؟

– هەرچی هەبیت مەردو مەردانە بەڵێنم دەدەیتێ؟

– وەعدی پیاو.

– من دەستگای ئیتیلاعات ناردوومی. نەهاتما دەیانگرتم؛ وەک وتم... تووش هاتووم، تووش.

– باشە ناردووتی بۆ لای کێ؟

– بڵێم ناردوومیان بۆ لای تۆ درۆ دەکەم، بەڵام بەهەوای تۆوە هاتووم.

کۆرش سینی بەدەست سێ چایی لەسەر بوو. بلە بێ دەنگ بووبوو. فەرهاد تارمایی خۆشحاڵی نیشتە سەر ڕوخساری. کۆرش هەستاو وتی:

– من دەڕۆم میوە دەکڕم.

– شووتی وەبیر نەکەی ها؟

– تەنها شووتی؟

– کاک ئیبرایم حەز لە چی دەکەی؟

– هەرچی کاک کۆرش بیهێنێت، دەیخۆین. کۆرش ڕۆیشتە دەرەوە. فەرهاد بەتەمای ئاوا ڕێکەوتێک نەبوو، ویستی سوودو بەهرەیەکی تەواو لە گیروگرفتی "شەمخور" وەرگرێت.

– وەعدت داوە ها؟

– دڵنیا بە.

– دەڵێی چی بکەم؟

– ناتەوێ لەم گرفتارییە ڕزگارت کەم؟

شەمخور پەلاماری دەستی فەرهادی دا و ماچی کرد:

– بەقوربانت بم! نۆکەرتم! دەبمە قەزاوەگیرت.

– بەمەرجێ؟

– هەرچی ئەمر بکەی دەیکەم.

– بەڵێن؟

– تاقیم کەوە.

– لە قسەم دەرنەچی.

– دەرچوونی چی؟ ئەمر بکەو ئەنجامی دەم، هەر ئەوەندە؟

– گەڕایتەوە پێیان بڵێ. دوو کەسم ئامادەی هاوکاری کردووە. هەرچی بڵێن ئەنجامی دەدەن. بۆ ڕاستی و درۆیی، یەکەمین کاریان بێ بەرانبەرە.

– هەروا؟

– درۆت لەگەڵ ناکەم، تاقی کردنەوەی خۆڕایییە.

– کەواتە با ئەمشەو بیکەینە جەژن. دەزانی ساڵێکی ڕەبەقە عەرەق لە گەرووم نەڕۆیشتووەتە خوارەوە؟

– خوا لە ئاخوندگەل ڕازی نەوێت! خۆیان وەکو شاکان دەژین قومێ ڤۆدگایان لەم خەڵکە قەدەغە کردووە. بەم حیسابە من سبەی دەگەڕێمەوە.

– پەلە مەکە، یەک دوو ڕۆژێک بمێنەوە. گەڕایتەوە زوو خەوەرم لێ بگێڕەوە تا بەرنامەکانی داڕێژم. بلە پەنجەی هێنایە سەر هەردوو چاویدا.

یەکێک لە پەرستارەکان و خانمە خانمێ دووکەسە تالیب ئاغایان لە سەریرەکەی هێنایە خوارەوە لەسەر مۆبلی تەنیشت دایان نا. کیسەی خواردن ئاوەکەی بەڕاسەریەوە تک تک تک لە کیسە نایلۆنەکەوە دەتکایە نێو بۆریە نایلۆنەکەوەو ئارام دەڕۆیشتە نێو زامی سەردەستیەوە. لایەک لە لەشی تالیب ئاغا جوولانەوەی بەئەندازە شەست لە سەد لە کار کەوتبوو نیوەی لێوی نەختیک شۆڕبوویەوە ژمێراو و لەسەرخۆ بەدژوار قسەی پێدەکرا:

– نە... نە... نە نەتان وت... ک... کەی دە... مـ... مبەنەوە؟

– دکتۆر دەڵێت دەبێ هەفتەیەکی دی بمێنیتەوە. تالیب ئاغا پای لا ساغەکەی کوتا بەزەویدا بەنیشانەی نارەزایەتی. چاوی بازوو کردەوە. خانمەخانمی لەبەر خۆیەوە: نەتبرییەوە، ئەوەندە لەسەر حەق و ناحەق تووڕە بوویت تا وات بەسەرخۆتا هێنا. دە واز بهێنە. هەرنەبێت لەم نەخۆشییەدا دەستبەرداری توڕەبوون و ئاڵۆزی بە. مەگەر نابیسی دکتۆر چی دەڵێت. تالیب ئاغا دەستە ساغەکەی دا بەسەر ڕانیداو کەوتە تەقالای قسەکردنەوە:

– د... د... د... دکتوور ددێت؟

خانمە خانمی سەیری کاتژمێری سەر مەچەکی کردو لە سەرخۆ:

– سەعات یانزەیە، دەبێ بێت. دێت؟ ئا دێت. تۆ لەوانە گەڕێ. بیکە لە ڕێگەی خوادا بێڵە با کوردە بێتە خزمەتت. ئێمە تەنها کچێکمان

هەیە. گرفتاری بەم شێوە ئاسان ناکرێت. تۆ لای خۆی خوێندەواری و خەڵکی بەم توندوتیژیەت ناتناسێت. سەدان کچی شا و سوڵتانەکان شوویان کردوەتە شوانێک، گاوانێک، نەناسراوێک. ئەمە تەنها بەسەر ئێمەدا نەهاتووە.

تالیب ئاغا سەری نیمچە شۆڕێک بووبووە سەر سنگیدا. سەری بەرزکردەوەو وەڵامی نەدایەوە. خانمە خانمی بەچاویدا زانی هەروەک خۆی وایەو لەبەرد ڕەقترە.

دکتۆر هاتە ژوورەوە:

– ئێ، ئاغا! ئەمڕۆ باشترت دەبینم. دەستە بێ هێزەکەی ئاغای بەرزکردەوە هەروا ڕای گرت ڕوو بەئاغا:

– من دەستم بەردەدەم بزانە دەتوانی ڕایگری هەروا ڕایەڵ؟

دکتۆر چاوی بڕیبوویە ناوچاوانی ئاغا، ها ئامادەی؟ نوزەیەک لە دەمی ئاغا وەدەر هات بەنیشانەی بەڵێ. دکتۆر ئارام دەستی بەردا. ئاغا کەوتە تەقالاوە. وەک ڕۆیشتبێتە ژێر قورساییەکی قورس و گرانەوە بەتەواوی توانایەوە دەکۆشا دەست و بازووی ڕایەڵ بمێنێتەوە. پەنجەکانی دەلەرزی ڕەنگی سۆر هەڵگەڕابوویەوە، چەند سانتیمەترێک دەست و بازووی هاتبووە خوارەوە دەردەکەوت هێزو توانای ئاغا توانای قورسایی دەست و بازووی خۆی نییە. تەقالای بەردەوام بوو. دەستی تا دەبوو، دەهاتە خوارەوە؛ سەرئەنجام کەوتە سەرچۆکی. نائومێدی لە ڕوخساریدا نیشتەوە. هەروا سەری داخستبوو... دکتۆر دای لە چەپڵە:

– زۆر زۆر چاکە، باش پێش ڕۆیشتووی. وا بڕوات تا دوو مانگی دی

دەبیتەوە وەک خۆت و ئەوسا دکتۆر پەنجەی شایەتمانی بەرز کردەوە: بەمەرجێک؟

ئاغاو خانمە خانمی چاویان بڕییە دەمی دکتۆر تا مەرجەکەی لێ ببیسن:

– توورە نەبیت و بکۆشیت لە ئاڵۆزی و مەرافە خۆت دوورخەیتەوە. ئەمە زۆری تێ ناچێت. من تۆبم دوای ئەوەی لە نەخۆشخانە دەرچووم بەماوەیەک ملی ڕێ دەگرم، ئەوروپا بمگرەو هاتم.

تاڤگەو فەرهاد لە تەکسی دابەزین. تاڤگە لە پێشەوە لەبەر دەرگایەکی چاتمەداردا وەستا. تاڤگە پەنجەی بەزەنگ دانا. کەس نەیوت کێن لەو دیوە کابرایەک یەک لنگەی دەرگاکەی کردەوەو فەرمووون فەرمووون کەوتە پێش. دەرگا تا ساختمان سەد مەترێک دەبوو. کوردە لە پلەکان هاتبووە خوارێ و ڕووبەڕوویان ڕۆیشت.

– درەنگتان کرد؟

– تووشی هەرا هاتین.

– هەرا؟

تاڤگە جانتاکەی فڕێ دایە سەر تاکە مۆبلەکە: چوزانم. لێخوڕەکەمان لەگەڵ کابرایەکدا لەسەر هیچ بوو بە شەڕیان و نیخەنیخ تا ڕزگارمان بوو خایاندی. ئەو شەقامەمان هاتبووە سەر. نەتوت دوا دەنگ و باسی ئاغاو خانم؟

– جارێک لەنگەریان لە "لەندەن"دا خستووە. بابم بەرەو باشتر دەڕوا... کەوتووەتە ڕێ، بەڵام هەر بۆی دەشەلێ.

– گفتوگۆ کردنی چی؟

– نەختێک باش بووە. دکتۆر وتوویەتی هەر نەبێت، شەش حەوت مانگێکی دیکەی دەوێ تا بتوانێت بەڕەوانی بڕوات.

فەرهاد سەرسامانە دەینواڕییە دەوروبەر و دەر و دیوار و زەوی و

بنمیچی ساختماندا. سەیری هەرچی دەکرد پووڵ و پارەی لێ دەباری. مەگەر ئاوا زندەگییەک لەم دونیادا هەیەو دەکرێت. کوردە ڕوو بەفەرهاد و تاڤگە:

– برسیتان نییە؟

– من برسیمە، نازانم بۆ فەرهاد؟

– من تێری تێرم. هیچم پێ ناخورێ.

تاڤگە ئاوڕێکی پڕ لە پرسیاری لە فەرهاد دایەوە.

– بۆ وا سەیرم دەکەی؟ من کوردە ببینم بیر لە خواردن دەکەمەوە؟ هەر لە دەرگای حەوشی هاتمە ئەم دیودا ئەوی حەزو تام و چێژ بوو لە ئاوزو وجودما کوێر بوویەوە.

– قوڕ بەسەر منی بێچارە! من دەڕۆمە لای "توبا"وە بزانم چی بۆ دروست کردووین.

کوردە منداڵانە دەینواڕییە ڕوخساری فەرهادا. دەکۆشا جۆش و خرۆشی دەروونی بشارێتەوە. خۆی پێڕانەدەگیرا وەک پشیلەیەکی دەستەمۆ مەنگ و مەدهۆش و خومارو شل و شێواو بەسەر مۆبلیاکەوە پەخش بوو بوویەوە. فەرهاد ڕۆیشتە بندەستیەوە درەنگی نەکرد دەمی خستە نێو دەمییەوە. کوردە چاوی پێ هەڵنەدەهێنرایەوە وەک پارچەیەکی هەڵواسراو بەئاسقیداو بکەوێتە خوارەوە بێ دەسەڵات و توانا بەسەر مۆبلیاکەدا بڵاو بووبویەوە. فەرهاد دەست و دەمی لە کاردا بوو هەناسەو پەل و پویان تێکەڵاو. نوزەو نرکەیەکی بەحاڵ بیسراو خاو. خاوانە دەگەیشتە گوێ. فەرهادی بێبەند و باری تەوار لە تەواوی ڕەسم و ڕەواڵی ناسراو و دیاری پەی بەهێزو دەسەڵاتی خۆی بردبوو، دەیزانی کوردە مۆمە لە دەستیا. چەسپاوە لە قووڵایی

دەروون و هەستیا. کات و ناکات توانای هەیە بیهێنێ و بیبات. تاڤگە لەگەڵ "توبا"دا خۆی خەریک کردبوو. کوردە و فەرهاد بەسەر مافوورەوە تێکەڵاو بووبوون. تاڤگە لە ئاشپەزخانەوە دەرهات، دووسێ کۆکەی لەسەر یەکە کرد بەنیشانەی وا هاتم. تەقەی سۆڵەکانی پێش خۆی دەنارد. کوردە سەرو زلفی ئالۆزاو دوگمەی کراسی ئاواڵەو دەم بڵاو سۆڵەکانی لەولاترەوە تاکێکی هەڵەوگەڕاو دەوروبەر هەمووی شێواو.

– چییە؟ چ خەوەرە دڵدارییە؟ یا زۆرانبازی؟ یەکجار سەرەڕۆن. دیارە بۆ یەک گەلێک تامەزرۆن. سەیر چیتان بەسەر دەورو بەرتانا هێناوە. خانمە خانمی قەور هەڵتەکێنێت لە کوێنەو بتهێنم. کوردە سوور بووبوویەوە... قاقا پێکەنی. لەگەڵ پێکەنیندا پچڕ پچڕ دەیوت:

– وەڵڵا خۆ هەڵی دەدڕیم.

– نان بخۆین؟

– دیارە وزەت زۆر لە دەست داوە، نیازت بەئینزژیە. من بەرکۆڵێکم کردووە؛ کاری توبا ڕاست بێ شتێکی دەرخوارد دام و تۆزێک بەری دڵی گرتووم... بەڵام هەر برسیمە.

– منیش برسیمە.

– کەواتە با سفرە ڕاخەن... کوردە ئەوەی وت و قیڕاندی:

– توبا توبا! برسیمانە نان دانە

– یارمەتی نەدەین؟

– نایەوێ بۆ خۆی لێزانە.

– لێگەڕێ با یارمەتی بدەین تا زووتر نانی لێبخۆین. فەرهاد هاتە نێوانیانەوە:

– هەرچی بخەنە سەر من ئامادەم.

کوردە دەستی بەسنگی فەرهادەوە نا:

– تۆ دانیشە، ئێمە یارمەتی دەدەین. بەرەو ئاشپەزخانە وەڕێ کەوتن. فەرهاد هەستایە سەر پا وردە وردە کەوتە وردبوونەوە لەناو ماڵەو دەرو دیواری دیوەخانی تالیب ئاغاو وێنەی جۆراوجۆری باوباپیرانی تالیب ئاغا لەگەڵ ناسراوان و دەسەڵاتدارانی دوور و نزیکدا. هەرچی ورد دەبوویەوە لە وێنەکان کەسیانی نەدەناسی لە یەکێکیان زۆرتر وردبوویەوە زانی حەمەڕەزاشایە و لەژێر لێوەوە وتی:

– ئەمە خۆتیت؟ دەستی بەسەر سنگی خۆیدا کوتاو وتی:

– ئەمەش منم. ئامنم. هەتیوە حیزە ئەمەی بۆ تۆ هەڵکەوتووە خەڵکی بەخەویش نایبینێت. کەر نەویت و لە دەستی دەی. ئەمن لەوەی دڵنیام کوردە دەستم لێ هەڵناگرێت، وا بەباش دەزانم و بۆ قایم کاریش بووە کاری لەگەڵا تەواوکەم. دەست ناخاتە ڕێم، نەرم و دەستەمۆیە. ئیتر بۆ نەیکەم؟ بیکەم چی دەبێت؟ تالیب ئاغا و کەس و کاری دەمکوژن؟ یا ناچاری ڕووداو دەبن. یا من و کوردە هەردووکمان دەکوژرێین؟ ئەمانە هەمووی شیاوە. ڕاستە تالیب ئاغا لە بنەماڵەیەکی کۆنی خێڵەکییەو دەمارگرژە، بەڵام دەڵێن خوێندەوارەو ڕۆشنبیر. تازە دوای ئەو ڕووداوە ڕەنگە زۆر سەختی لێ نەنوێت. با لێی بنوێ من کاری خۆم دەکەم؛ ئەگەرچی ئاسان نییەو بەلامەوە دژوارترین کارە، بەڵام ناچارم بیکەم. لە بیروڕاو حەزو هەوەس گەڕێ. ڕاستە بێزم لە مەمک دێتەوە، کاتێک مەمکی ئافرەت دەبینم ئەو دوو پارچە گۆشتە شۆڕ بووە زۆر بەزیادی دەزانم. خەتای خۆم نییە ئیڵنجم لێوەوە دێت خۆ کە ناوگەڵیم چاو پێ دەکەوێ لە جوێی ئەوەی هەوەسم ببزوێنێ، بێزم دێتەوە. ناچارم لەگەڵ

لەم کاتەدا ئەبومازن و فەرهاد گەیشتنە بەرەوە. ئەبومازن داوای لێبووردنی کرد لە دواکەوتنی و وتی:

– بڕۆین. چاوەڕوانمان دەکەن. چوارکەسە سواربوون.

– ئەمشەو لە خزمەتتاندا دەبم. کابارەیەکە بەناوی "ئەلڕەشید" بەزم و بەرنامەکەی خراو نییە. دەڵێن نانەکەشی باشە، چیتان وت؟

یاسەمین و فەلامەرز لە دواوە دانیشتبوون فەلامەرز ژەندییە یاسەمینەوەو ڕوو بەئەبومازن:

– سەمای عەرەبی تیادایە؟

– مەگەر کابارەی عەرەبی بێ سەما کەی دەکرێت؟

– وەک ئاگادارن زەمانێکە لە شەڕ و شۆڕاین و لە ئاوەدانییەوە دوورین.

– دەتوانم پرسیارێکتان لێ کەم؟

یاسەمین وەڵامی دایەوە:

– فەرموو.

– ئێوە لە ژن و مێرد دەچن؟

یاسەمین بەپێکەنینەوە:

– شتێکی وا بەڵام نەک بەو مانایە.

– تێنەگەیشتم. ئا یا نەء؟

– ئاخر وەک دەزانی ئێمە چەپ گەراین و مارکسییانە بیر دەکەینەوە مەلاو مارەبڕین و وێردو سەڵاواتەکەی بەفلسێک ناکڕین.

ئەبومازن دای بەسەر شانی فەرهاددا:

– ئەم برادەرەش دەیەوێت ژن بهێنێت. چەندین گرفتاری گەورەی لە

پێشە. یەکەم باب و داکی کچەو دووهەمیش ڕەزامەندی دەوڵەت...؟

– دەوڵەت بۆ؟

فەلامەرز تێهەڵکێشا:

– منیش خەریک بووم هەمان پرسیار بکەم.

– بیانییەک لە ئێراقدا بیەوێت ژنی ئێراقی بهێنێت، پێویستە ئاگاداری و ڕەزامەندی دەوڵەتی لەسەر بێت؛ بەتایبەت ڕەزامەندی دایەرەی ئێمە. دووبارە دای بەسەر شانی فەرهاددا:

– کاک فەرهاد بەلای ئێمەوە "OK"یە. گرنگ ئەو نیوەکەیەتی گەیشتبوونە لای کابارەی "ئەلرەشید" ئەبومازن وتی:

– ببوورن بۆ شارەزایی دەکەومە پێشتان. کابرای سەر گارسۆن هاتە پیریانەوە:

– جێگەتان دابین کراوە؟

– ئێمە میوانی ئەبو عومەرین.

– کەواتە فەرموون.

تیشکی سوور گۆشەو قوژبنی پڕکردبوویەوە، هەتاوەکو متیلی سەرمێزەکانیش بەڕەنگی سوور داپۆشرابوو. سەرتاسەری دیوار و گوڵتەکان بەمەخمەڵی سورمەیی بزمار ڕێژو لە چەند لایەکەوە ئاوێنەشی تیا دامەزرابوو. کابرایەکی کەتەی گۆشتن لەبەریان هەستا. دیاربوو هەر بەدەمەو ئێوارەوە خواردنەوەی دەست پێکردووە: بەخێرهاتن سەرچاو! مێزەکەیان بەمەزەی جۆراوجۆر پڕکردبووەوە بوتڵێکی وێسکی بلاک لێبل لە ناوەڕاستی مێزەوە بەسەر مەزەکاندا زاڵ دەنوا. ئەبوعومەر پەنجەی خستە نێوان گەردن و کراس و کەرواتەکەی و پەنجەی بەدەوری گەردنیا سووردا وەک بیەوێ گەردنی

لە تەنگی ملی کراسەکەی ئازادکا. دەستی بۆ خەڵکەکە درێژکرد و وتی:

- ڕاستە ئێمە لە شەڕداین؛ بەڵام لایەنی زندەگیشمان بەڕەڵا نەکردووە. ئێمەی عەرەب بابەتێکمان هەیە دەڵێت: «ئەمشەو مەی و ژیانە سبەیش فەرمانە» وێسکی مەیل دەکەن یا خوارادنەوەیەکی دی؟

یاسەمین وتی:

- من پێکێک واینی سپی... فەلامەرز ئامـاژەی بۆ وێسکی کرد. فەرهاد من ئاوجۆ. ئەبومازن وتی:

- من خواردنەوەی ئەلکولی ناخۆمەوە.

ئەبو عومەر ڕوو بەهەمووان:

- لە ئەبو مازن گەڕێن من لە جۆیەی ئەو دەخۆمەوە. دەستی بەگیرفانیا کردو دوو پەساپۆرت، دوو بلیتی هێڵی ئاسمانی ئێراقی وەدەرهێناو دایە دەست یاسەمینەوە:

- گوزەرنامەکانتان ڤیزەی فەرانسەی تیادایە. سبەی کاتژمێری هەشتی ئێوارە دەبێت لە باڵەفڕەخانە بن. بۆیە وتم ئەمشەو مەی و ژیانە، سبەیش فەرمانە، دەی بەسەلامەتیتان! موزیکێکی یەکجار دەنگ بەرز هۆڵەکەی نابووە یەک. ژنێکی سەماکەری نیوەڕووتی گۆشتن بەسەر شانۆکەوە خۆی با دەدا. دووکەڵ پەنگی خواردبوویەوە. فەلامەرز وەک ئەندازیارێکی میعماری بەدەر و دیوار و زەوی و بنمێچدا دەینواڕی. یاسەمین نەرمەمژێکی لە واینەکەی داو لەژێر لێوەوە وتی:

- خۆت ماندوو مەکە، ئەوی دەیبینی عەرەبییە. ڕەنگ و دەنگ و شەوق و زەوق. لەپڕ لەولاوە کابرایەکی سەرخۆش ڕیزێک دەمانچەی

تەقــاندە بنمــیـچـی هـۆڵدا . لەچەند لاوە شـووشــە شکا . تـۆزو دووکـەڵ پەنگی خـواردەوە قـیـژەی ژنـان و هـاواری برێک تێکەڵاو بوو. برێکی دی لەترسـا مـێـزو دانیـشـتنی بەجـێـهـێـڵا برێکی دی خـۆیان خـزاندە ژێر مـێزەکانیـانەوە. یاسـەمین و فـەلامەرز هـەروا سەرسـامـانە دەیاننواڕی. کابرای تەقـەکەر بێ دەربەست لە جێگەی خـۆیدا دانیـشـتبـوو، دووسـێ ئافرەتی ڕوخساری بەمکیاژ سواقدراو هەراسان لەم لاو لایەوە ترس و تۆقیان بەدیمەنیانەوە دەردەکەوت. یاسـەمین ڕوو بەئەبو مازن:

– پێم سـەیرە. لەم شـارەدا پۆلیس نیـیـە؟ ئەگـەر هەیە بۆ ئەو کـابرا ناگرن؟

ئەبو مازن وەڵامی نەدایەوە. ئەبوعومەر وتی:

– چی وت؟ ئەبـو بۆی گـێـڕایەوە. ئەبو عـومـەر قـاقـا پێکـەنی بەدەم پێکەنینەوە:

– ئەوە برازای سـەرۆکەو سـەرخـۆشـە. ئەم جۆرە تەقـانە لای ئێـمـە ئاسـاییـیـە. بەنیـشـانـەی بەرزەدەمـاخی لەسـەری مـەڕۆ. فـەلامـەرز لە ژێرەوە ژندییە یاسەمینەوە...

ئەمە ژیان نییە بەدەست تۆوە؛ بووی بەخۆرەی زندەگیمان، نانت لە دەمماندا کردوەتە ژەهری مار، چیت دەوێ؟ شوو دەکەی؟ بنێرە دوای ئەو بێ سەرو پایانەدا با بێن تا بگەینە خزمەتیان. ئاخر هەی دوابڕاو مەگەر شووقانە؟ مەگەر...

– ئاخر ماخر نییە. ڕازی دەبن باشە، نابن لەگەڵیا دەڕۆم، یانی دەڕۆم ماڵ و موڵک و بنەماڵەتان بۆ خۆتان.

– ئاخرمان هێنا. خانم دەکەوێتە دوای هەتیوە لووسکەیەکی نەدیو نەناس.

– بەسە ئیتر. ئەمەندە لەم قسە پڕو پووچانەم بیست، ڕشانەوەم دێت. لووسکەیە، هەتیومەتیوە، بێ ڕەگ و ڕیشەیە، نابابە، سواڵکەرە، دەربەدەرە... هەرچی هەیە شاختان دەرهێناوە شووی پێدەکەم و تەواو.

– بەباوکت ڕازی نابیت، نۆرەی منە. دەی بڕۆرە خوێنی منیش؟

کوردە بەتووڕەبوونەوە خۆی پۆشتە دەکردەوە. خانمەخانمێ لە ناوەڕاستی ژوورەکەی کوردەدا ڕاوەستابوو، دەستی بەسەر سکیەوە گرێ کردبوو. کوردە لەکاتێکدا جۆراب شەڕواڵی تا ناوقەدی ڕادەکێشا شۆرت و چاتمەی ناوگەڵی خڕومڕ دەرکەوتبوو بەئاڵۆزییەوە:

– لەم قسانە گەڕێ، تەنها چل و هەشت سەعاتی دی مۆڵەتتان هەیە ڕازی دەبن باشە نابن لەگەڵیا بۆی دەردەچم. هەموو شتێکمان بڕیوەتەوەو ڕووبەرا کردووە. لەمە زیاتریش لەسەرم نەیەن چاکترە.

دەڵێت سیروان لێشت نەدەم هەر دەمبەی؟ ئەوپەڕی ئەوەیە دەڵێن کچەکەی تالیب ئاغایان هەڵگرت، یا دەڵێن ئەوەندە حەشەری و ئاڵوشاوی بوو کەوتە دوای هەتیوەیەکی بێ دایک و باوک. لەوەی زیاتر هەیە؟ خۆ نییە؟

– با هەیە خەڵکێکی دیکەیش هەن وەک ئێوە تێنافکریەن و ستایشم لێ دەکەن و ئافەرینم بۆ دەنێرن و دەڵێن کچەکەی تالیب ئاغا شایانی ڕێزە؛ سەری تەسلیمی بۆ زەڕو زۆرو کۆنەپەرستی دانەنواندەوەو سەرئەنجام کارێکی وای کرد عشقی بەسەر برێک بۆچوونی بێزیاودا وەسەرخست.

تالیب ئاغا لەسەر خۆ گالۆک بەدەست شەلە شەل هاتە ژوورەکەی کوردەوە. ژمێراو پچڕ پچڕ ڕوو بەکوردە:

– تا... تا ئەیراو ب... ب بەس... ت ... ت... تۆی... دوابڕاو ززۆرت بەدواوەیە... د... د... دڵنیام هەمووی نابینم. ئەڕۆی بڕۆ... هـ... هەر نەبێت. ئەم... لا ی... ی... نەی با بەگوێرەی قسەی ئێمە بێت... ئەم هەتیوە ب– ب– بی ئاس و باسە لە سولەی– ی– مانیدا چۆن... دەژی. دەچن... ن... نە نێو شە... شەقام؟ سبەی لەگەڵ د... دایکت و حەمومینی پا... پارێزەردا ب... ب... بڕۆن بۆ سلیمانێ خ... خانوویەک بدۆزنەوە ب... بیکڕن. یێ... ێ، پێویستە بیکەن ب... ە... س لەبیری ن... نەکەی ج... جارێکی دی... ناتبینمەوەو و... وە سیەتیش د... دەکەم بۆ تە... تەواوی بنەماڵە ڕێگەی گەڕانەوەت پێنەدەن.

کوردە بێ دەنگ دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک بەچاوانیدا دەچۆڕا. خانمەخانمیش دەگریا. تالیب ئاغا لەسەرخۆ لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە.

١٤١

– ئەڕا من قابل قبوول نییە. ئەی کاورا وا ئیمە کەفتینە نوای، ڕووی چ حیسابی دەوڵت ئیران توات بکوشتەی؟ یە کوردێ ئاوارە، بێ ئاس یاس نان شەو نەیرت بخواتەی. ئەگەر بوتە ئایر کووڕە سوزنت. وەنەزەر من کوشتن چنین کەسی لە مەردانەگیەو دوورە، دوور نییە؟

فەرهاد هەروا چای تێڕادەدا... مژێکی لە چایەکەی داو هەستاو ڕوو بەتەلیفزیۆنەکە ڕۆیشت و خستییە گڕ. لە گەڕانەوەیدا ڕوو بەکۆرش:

– ئشتیبای تو وەیرانەس؛ کی کوشیەت و کی زندەس یەکار ئیمە نییە. تۆ حەز بکە حەوت ئیمام، حەوت ئیمام بکوشیەت. تا دەعواو مەرافەو بکوش بکوش فرەوت، نان ئیمە هاوە ناو ڕوینا. من و تو نیەزانین چە هاوە پشت پەردە. دەوڵەت دوشمن خۆی ناست و حیزبگەل ئیجور ئادەم گەل بەنەی ڕیوە. لەیانە گوزەشتە ئیمە دەست داینەسە کاری بڕۆ بەرگەرد نەیرت. نەبایەت فکر ئەیراو ئەوی بکەیمن. یە سەهل ئەنگاری کوچک، کڵاومان بەس مەعرەکەس، مەگەر نا؟ بچیمنەو وەژیر یە چادر یە شولە نەفتی بنوڕ وەی شیش مانگە ڕەسینە کوورە. تازە ئەول کارە. ئەگەر وەتەمام وجوودت گوش وە حەرفم بدەی، بازی کار چوخورە وەناو مەغزما تیەو ئەچت، وە تەواو ئیمام تەواو ئەی دەستگایەل ئیتلاعات و موخابەرات نیەزانم چی تورەهات تەواو ئەوانە ئەوەمە سەر ئاوو تەشنە ئەیان تیرمەو. دەورو وەرمان فرە ئاشوفتەو شلوخە. هەرکی بچت، چت. هەرکی بگرنەی

گـرنەی. خـەوەردار بـیم ئیـرنگە دوومـانگ ئازگـارە شـرین هـاوشیـرەم گردنە.

– گردنە؟ ئەڕا؟

– خـانم هەتا وەزمـان شـا وەل چـەپ گـەراکـانا هـاتوچو داشت. دروست نیەزانم... فەداییە، مەداییە بیلەمان وەکارمان بڕەسیم.

– چەوتمە؟ یارو کـوشم، ئا کـوشـمـەی. وەلـی دولاّ چە ئەیراو چە ئەوبەر فرە خەرتو خەرە، مەگەر نا؟

– ئاخـر مـەرد حسـابی وەقـەولّ تو ئەگـەر ئیـمـە عـەقل یە نەداشـتیم، وەی خەرتوخەرە گلیمان وەناو ئاو باریمە دەر ئەڕا مەرگ خاسیم.

کۆرش جگەرەیەکی داگیـرسـاندو پەژمـوردە سـەری داخـست و لەژێر لێووە:

– عەروسیت ڕەسیە کوورە؟ وەنەزەرم فرە نزیکە، نا؟

فـەرهـاد لە جێگـەی خـۆی هـەڵسـاو تەکی دایە لای کـۆرشـەوەو خـۆی پێوە نووساند:

– یە حەسودیت هاتیەتە بان ئەڕا ئەوە گرفتەی؟

– گرفتە، ئا. هەم بیلاخەرە ئزدیواج کەیت و چیتە پەی ڕیتەو.

– ئیـشم خـەری، عـەسـەبانی یەوی. خـەر وەجاتا مـیرزاس ئیشی نە و کـەس نەزانت خـوتو یە فـرە خـاس زانی مـن مـەمک ژن وینم چمـانە غودەی سەرەتانیەو شـور بیەسـەو. تو بیلەم فـرە نیەشـم شـیش مـانگ، ئەری فـەقـەت شـیش مـانگ مـوهلـەت بە پیم، ئەو وەخت زانی تـا مـردن دەس وەردارت نیەوم، ئەوم؟

– وەنەزەرم نیـەویت. وەلی چە بکەم حـەق دیرم نـارەحـەت وم. مـارەی

ژن بڕیتە، ئا بریتە. وەل منا جیا ئەویتەو، ئا ئەویتەو. توای ئیتر چە بووت؟

فەرهاد لەسەر پشت بەسەر هەردوو ڕانی کۆرشدا ڕاکشا و دەستی لە گەردنی گیرکرد: توو فرە خاس زانی من بی بەرنامە یە ئەنگوشت حەرەکەت نیەکەم. ئەوسا هاتون مالّ ئەڕامان بسەنن. دووسێ مالّ لە نەزەرا گردنە؛ مالّ چە مالّ هەریەک ئەرا خۆی کاخیکە. بیلەم با وەدەستی بارم، نیگەرانی نەیرت هەر ڕوژ هاینە یەکەو شتیگە شەو وەیەکەو نیەخەفین. تو شەوسو ئەو براسەگە ئەرام بکوشە، بەقیەی بخە سەر من.

– نەوتمەرات وەل کاورایەک ئاشنا بیمە وەناو عومەر. وەنەزەرم فرە زرنگە. ئەگەر باتو باتە هاوکارمان وەناو ئەی شارە خەیلی کار وە دەستی تیەت.

– هیچ وەلیا مەیشە، وەلی کاری بکە بوینمەی.

– دلواپەس مەوە تیرمەی بەر دەستت. زەماوەن مەماوەن وەناو کار نییە، هەیە؟

– نەخەیر نە دالّکی وە نە کوردە هیچ کام ئەلّەم شەنگەو بزەن و بکوب نیەتوان. یە ئزدیواج مەخفیانەو تەمام.

– یانی یە هەفتەیی تر چتە باخەلّ کوردە خانم.

– وەئیستاوەو هولّ لە لیم هاتیە چجوری کارم تەمام کەم.

– کومەک نیەتوای؟

– بیلە وەکارم برەسم، ئەو وەخت.

– وەعد؟

– وەعد.

دەنگی تۆپ دەبیـــســـــرا، ســـوپای پاســـداران بەهـۆی برادەرانـەوە گـەیشـتبـوونە دەوروبەری شـار. هـێزی تۆپخـانەی سوپای پاسداران بەباشی دەگـەیشـتـە نێـو شـارو سـەربازخـانەکانی دەوروبـەری شـاری ســولـەیمانی. جـارەوبـار هـەواڵەی دایـەرەی ئەمن و پـارێزگـاو جـێگەو شوێنە دەوڵەتییەکانیان دەکردو دەکەوتە نێو شەقام و ماڵانەوە. ترس و هەراس و تۆقیـان لەلایەکەوە، خۆشـحاڵی و ئومێـدیش لەولاکەی دیکەوە لە ڕوخساری خـەڵکیدا دەبینرا. پیکابی جاش و موستـەشارەکان لەناو شـاردا فـرتـەیان دەهات، شـار ژڵـیـژابوو. خـانمـە خـانمێ لە تەقـینـەوەی تۆپـەکـان دەتـۆقـا. کـوردە وەک ڕەشـــەبا هـەســتـی تێکـەڵاو ڕووی تـێ کـردبوو. ئەوی لـە پێناویدا کـۆشـابوو، هـێنابوویە دی. زۆر شـتـی لێ بووبووە خـەو، کەنین و گریـان، ترس و تۆقیان و دڵنیایی، سـەرکەوتن و دۆڕان لە نـاخ و دەروونیـدا پێکەوە مـڵـقـیـان دەدا. کوردە لەپڕ هـەسـتـاو گوڵدانـی سـەر تـەلەفزیۆنەکەی تۆزێک چەرخـاند و دوا بەدوا گـەڕایەوە دواوەو ئـاورێکی لێ دایەوە و لـەبەر خـۆیـەوە وتـی. مـــیـــزانـە. دووبارە گەڕایەوە لە بندەستی دایکیدا دانیشتـەوە. دایکی ڕوخسـاری بووبووە مـۆڵگەی غـەم و هـەسـتـی بێ پایانـی دۆڕان. ژمـێـرا و غـەمـزەدە ڕوو بەکوردە:

– کـچم! ئـەوەسـا ئەوی ویسـتت کـردت، سـا ناوی عشـقی لێ دەنەی هەواو هەوەس، یا لاساری وا ڕک گـرتـن هـەرچی نێـو لێ دەنەی بینە.

تەنها داوایەکم هەیە وەرە کچی باش بەو ئەمەیانمان بەگوێ بکە... ئێمەمانان سەرمان لە ئاشا سپی نەکردووە هەر تەڵێک لە پرچمان سەد تاقیکردنەوەی پێوەیە... ژیان زاخاوی داوین و خاوەن تاقیکردنەوەو گەرما و سەرمای ژینین...

– دەی... دایە گیان بەخوا بەخوا هەرچی بڵێیت دەیکەم.

– وەک دەبینی ئەوە خانوومان بۆت کڕیوە. میقدارێک نەقدینەشەمان بۆت خستووەتە بەنکەوە. ئەندازەیەکی باش ناومماڵەو مافورو ئاڵتوون و زێڕو زەوەریشت هەیە. ئەمانە هەر هەمووی بەلایەک خانمە خانمێ لە گیرفانیدا دوو پارچە کاغەزی وەدەرهێناو دوو قوتیلەی گچکەلانەش لەو گیرفانەکەی دیدا دەرهێناو خستییە سەر تەپڵەکی بەردەستی و کاغەزەکانی ڕوو کردو لە کاتێکدا قورگی پڕ بووبوو لە گریان یەکێک لە کاغەزەکانی ڕادەوەشاند:

– ئەمەی کە دەیبینی سەنەدی کڕینی ئەنگوسیلەیەکی ئەڵماسی گرانبەهایە لە یەکێک لە فرۆشگاکانی موجەوهەرات فرۆشی شاری پاریسدا کڕیومە بەناوی "ژیرمان جیولس". یەکێک لە قوتیلەکانی کردەوە ئەنگوسیلەیەکی لێوە دەرهێناو ڕوو بەکوردە گرتی:

– دەیبینی چەندە گەورەو جوان داتاشراوە. بەدروستی سی و هەشت قیراتە. لە سەنەدەکەیدا نرخ و نەوعیەت و نیشانی فرۆشگاکەی تیادایە. خانمە خانمێ ئەوی داناو ئەو پارچە کاغەزەکەی گرتە دەستەوە:

– ئەمەش هی ئەو ئەنگوشتەرەکەی دییە، لە شاری لەندەندا کڕیومە ناوونیشانی فرۆشگاکەی تیادایە. ئەو قوتیلکەکەی کردەوەو ئەنگوسیلەکەی دیکەی دەرهێناو ڕوو بەکوردە ڕای گرت:

– ئەمەیان گچکەترە بیست و شەش قیراتە، باش تێگەیشتی؟

– بەباشی... بەڵام لە کاکڵەی مەبەستت یەشتا تێ نەگەیشتووم. ڕوونم... ڕوونم کەوە، دەتەوێ چیم پێ بڵێی؟

– کچم لە ڕێی خوادا ئەمەی دەیڵێم فەرامۆش نەکەی، تۆ دەڕۆیتە نێو دونیای غەریبییەوە دەچیتە نێو خەڵک و کۆمەڵێک نایانناسیت، نە گوزەشتەیان، نە ئێستایان هەمووی بەلاتەوە نامۆیە. تەنها پرد و بناغەیەک پای لەسەر دانەی خۆشەویستییەو بەس. لەنێو ژن و مێردا خۆشەویستی هەروەک خۆی نامێنێتەوە، شتی دیکەی دێتە مەیدانەوە پەل و پۆی خۆشەویستی دەقرتێنێت. لە بناغەوە ڕەسم و ڕەواڵی زیندەگی هەروا بووەو هەرواش دەمێنێتەوە. زندەگی وەک ئاش وایە زۆرشت دەهارێنێتە سەریەکدا.

– دایە! شەقت پێبردم، دەتەوێ چی بڵێیت؟

دایکی لە گیرفانی قورئانێکی بچکۆلانەی دەرهێناو لەلای ئەنگوشتەرەکاندا دایناو وتی:

– سوێندم بۆ بخۆ ئەمەم بەگوێ بکەی.

– دایە! سوێنی ناوێ، وتم بەگوێت دەکەم یانی دەیکەم.

– نا، دەستی پیا بماڵە ئەوەی دەیڵێم موو بەموو ئەنجامی دەی. من ماران گەستەم، هەر دەبێ لەپ بەقورئانا ماڵیت. کوردە وتی:

– با برۆم دەستنوێژ بگرم. هەستاو ڕۆیشت. خانمە خانمی چاوی زللەی فرمێسکی دەهات، دەستماڵ کاغەزی لە بەستەکە دەرکرد و چاوی پێ سڕی. کوردە هاتەوە و ڕاوەستاو وتی:

– چ سۆنێک بخۆم؟

– بڵێ قورئان! بەحەقت، بەمانات ئەوی دایکم دەیڵێت ئەنجامی دەم. کوردە سەری بۆ دەلەقانەوە.

– بڵێ بەو قورئانە ئەم دوو ئەنگوشتەرە نە وەدەر دەخەم و نە بەکاری دێنم و نەدەیەڵم کەس بیبینێت و هەڵیدەگرم بۆ ڕۆژی ڕەش و لێقەومان و مەبادا. کوردە بەو شێوەی خانمە خانمێ وتی. سوێندی خوارد. خانمی خانمی هاتەوە قسە:

– ئەوەشی تێخە. مێردەکەت لە پێش هەمووانیدا نابێت بەبوونی ئەو دوو ئەنگوسیلەیە بزانێت. کوردە ئەو سوێنەشی خوارد:

– یانی دایە! تۆ ئەوەندە لە سەرنویشتی من نائومێدی؟

– ئەمە نائومێدی پێ ناڵێن، بەڵکو قایمکارییە. لەوانەش گوزەشتە هیچ زەرەرو زیانێکی تیادا نییە ئەمەیان بشاریتەوە، ئاڵتوونت ئاشکرایە، پارە هەروا خانوویش بەناوتەوەیە، ئیتر هیچ ناڵێم و سبەی دەگەڕێمەوە بۆ بەغدا. ئەوی لە سەرمان بوو وتمان و ئەوی توانیمان کردمان.

– کپ و ماتت دەبینم؟

کوردە سەرێکی ڕاوەشاندو:

– بەپێچەوانەوە خۆشحاڵم.

– بۆ نا؟ چەند خۆشە کچ حەز لە پیاوێک بکاو ببێتە هاوسەری. خۆشە، نا؟

– خۆش کە هەیە. خۆشتر ئەوەیە ئەو خۆشییە تا سەر بێ و بەردەوام.

– بەڕای من پێوەندی نێوان ژن و پیاو ئەگەر لەسەر بنامای لەیەک گەیشتن و خۆشەویستی ڕاستەقینە بونیات نرێت، بەردەوامی مسۆگەرە.

– من دەزانم هیچ شتێک مسۆگەرە مستەوگەر نییە جگە لە مەرگ. خۆشی ژیانیش بەهەڵس و کەوتەکەیەوەیە؛ ئەگینا یەک بابەتی و یەک نەواختی مرۆڤ ماندوو دەکا.

– منیش لەگەڵ یەک نەواختیدا نیم.

– هەتاوەکو لەنێو ژن و مێردیشدا ناو ناو دەبێت گۆڕانکاری ئەنجام درێت تا گوڕ و مەودای خۆشەویستی زاخاو درێت و ئەڵبەتە ئەمەیان هەر نەبێت جارێک ناگونجێتە سەر ئێمەی تازە بووک و زاوادا. کوردە هەستایە سەر پا ڕوو بەتاڤگە: قاوەیەکت بۆ دروست دەکەم، بەمەرجێک بۆم بگریتەوە؟

– تەلیفۆن زەنگی لێدا . کوردە لە ئاشپەزخانەوە بەدەنگی بەرز:

– تاڤگە هەڵیگرە بزانە کێیە؟

تاڤگە:

– هەلاو دایە تۆیت؟ تۆزێک ڕاوەستاو دووبارە هاتەوە قسە:

– فەرهاد لەیرا نییە، ئەمشەو بەلای کوردەوە دەمێنمەوە. تەلیفۆنی داخست.

کوردە قاوەی هێنا درا لە دەرگا . کوردە ڕۆیشتە دەرەوە زۆری نەخایاند گەڕایەوە. نیگەرانی و ئاڵۆزی لە ڕوخساریدا بنی نابویەوە.

تاڤگە:

– کێ بوو وا تووڕەی کردووی؟

– چۆن دەزانی تووڕەم؟

– باشت دەناسم.

– هاوڕێیەکی فەرهاد بوو. هەواڵی فەرهادی دەپرسی، سەرخۆشم هاتە چاو؛ بلێ هەتیو مەشروب دەخۆیتەوە وەبەر مالانی خەڵکی بۆ دەڕۆی؟

– ناویت نەزانی؟

– با جارێکی دیش هەروا بۆنی خواردنەوە لە دەمی دەهات وابزانم ناوی کۆرشەو... هاوولاتی فەرهادە.

– دەی لە بیری کە. دونیا بەمن و تۆ ڕوبەرا ناکرێت. ئەم جیهانە پڕی پڕە لە ناباب دەوەن وە ئاش دانیشە قاوەکەت بخۆرەوە تا بۆت بگێڕمەوە.

– ڕاستی گوازتنەوەی تۆ گەیشتە کوێ؟

– گوازتنەوەی چی؟. "بەرهەم" فلس لە باخەڵیدا سەوزەلە خانم دەڵێت. ماڵ و ئەحواڵ، ژن و مێردی پووڵ و پارەی دەوێ. حەقە ڕۆژی

سەد جاران خۆت بەقوربانی باوک و دایکت کەی. بزانە سەرەڕای نارِازی بوونیان ئەوی پێویستە بۆیان کردی.

- ڕاست دەکەی دەترسم نارِازی بوونیان دامێن گیرم بێت و ببێتە مایەی بەدبەختیم.

مەبەستم لەوەی نەبوو. دڵی باوک و دایک پڕە لە ڕەحم و دڵسۆزی. سبەی دووسبەی ڕقیان دادەمرێتەوەو ئاشتت دەکەنەوە. بۆ باوک و دایک منداڵ هەر چەند گەورە بێت، دیسان هەر منداڵە.

- نە نە. من باوکی خۆم باشتر دەناسم کە ڕقی هەستاو لە یەکێک زوێر بوو، با ئەو کەسە منیش بم، یەکجار زۆر دەخایەنێت تا دامرکێتەوە. دایکیشم لە حیرس و تووڕەبوونا دەکوڵێت. دەی خوا هەرچی بڕیاری دابێت هەر ئەوەیە. کوردە فنجانەکەی بۆ تاڤگە درێژ کرد دەی بۆم بگرەوە.

تاڤگە بەدیقەتەوە ئاوڕی لە خەت و ختووت و شکڵ و شەمایلی ناو فنجانەکە دایەوە لە پڕ وتی:

- بەخوا باشت بۆ هاتووە، سەفەرێکت لەبەرە. ئەنجا فنجانەکەی ڕوو بە کوردە ڕاگرت و:

- ئا تۆ سەیری کە منداڵێکی تیادایە و کوڕیشە. ها ئەوەسا، پارەیەکی باشتان پێ دەگا. چاوێکی یەکجار پیس لە دوورەوە دەنوارِێ. نەموت قاوەکەت باش هاتووە؟

- خۆمانین. جارێک تاقەتی واقەواقی منداڵم نییە و نە پێشم بەخێو دەکرێت. هەر نەبێت ئەم یەک دوو ساڵە بەدوای دەخەم.

- فەرهادیش وا تێ دەفکریەت؟

- جارێک لەم ڕووەوە نەدواوین، من پارێزی خۆم کردووە.

بله دیسـانەوە پاژنەی کـەوشـەکـانی چەرخـاندو بەسـتـەیەکی گـچکەی نایلۆنی لێ وەدەرهێناو دای بەدەستی فەرهادەوە.

فـەرهـاد لە کـاتێکدا بەشـێنەیی خـەریکی کـردنـەوەی بوو: ناڵێی ئەمجارەیان چی تیادایەو چییان دەوێ؟

- تۆ بیکەوە ئەو دەم دەزانـی. ئێسـتـا بۆ خـۆت بەلایانەوە ئـەوەندە گرنگی هیچ بە من ناڵێن. ئەشـهـەدو حـەقی خـۆیشـتـە لەم ڕۆژەدا کێ هەیە ئەمانەیان بۆ بکا؟

فـەرهاد نایلۆنی کردەوەو نامە سفت پێچراوەکەشی کردەوە ڕوانی بەتـەواوی دەسـتـگاکـان ڕاگـەیاندراوە کـە لـە تەواوی تۆمـەتەکـانی بەخـشـێنراوەو ئاوا ئازادەمـەردێک شـایانـی شـانازی گـەل و وڵاتی ئێرانە.

- چی تیادابوو؟

- یانی پێیان ڕانەگەیاندی؟

- بابە بـابایەکی تەتەرو نـامـەرسـانێکی وەک من کێ گـوو بەکـڵاوی دەپێوێت؟ نەتوت چی تیادابوو؟

- شـتێکی وای تیـادا نەبوو، بەفـەرمانـی دەفتـەری ئیـمام، لە تەواوی تۆمەت و کردەوەی دژ بەجەمهوری ئیسلامی بەخشێنراوم.

- ئەی کاک کۆرش چی؟

– لە نامەکەدا ناوی ئەوی نەهێناوە، دەڵێت:

– هاواڵەکانیشم. گەڕایتەوە لەم ڕووەوە نامەیان بۆ دەنوسم. ئێ، ئاغای شەمخوری پشکێ ئەیراچی:

– ڕاستت بوێت برێکی ڕاستەو برێکیش درۆیەو لە خۆمەوە دەیڵێم...

– جارێک ڕاستەکانم پێ بڵێ، دوایی دەیبەینەوە سەر درۆو دەلەسە.

– خزمێکی سەربازم هەیە لە ناوچەی "میهران"دا ئەنجامی وەزیفە دەکات. دووسێ ڕۆژ لەمەوبەر هاتەوە دەیوت:

– چەندین لەشکری ئارتش و سوپای پاسدارانیان لەو قۆڵەوە کۆ کراوەتەوە. دەرزی هەڵدە بەزەوی ناکەوێ. خەریکی ئەنجامدانی هێرشێکی یەکجار گەورەو بەربڵاون. دەیوت وا باوە دەیان شاری مەندەلی بەدرەو جەسانە... مەسانە بەحیساب ئەو قۆڵە لەهەر لایەکەوە لە شاری بەغداوە نزیکترە، یانی ئەگەر بگەنە مەندەلی و بەدرەو جەسان شاری بەغدا دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی موشەکە کەم بوردەکانی ئێرانەوە. فەرهاد زانی ئەم زانیارییە بەلای سوپای ئێراقەوە گەلێک گرنگە؛ بەڵام بەلای بلەوە وای دەرخست، ئێ درۆ چی؟

– درۆ زۆرە.

– وەک؟

– چوزانم... خەریکی هێرشن لە قۆڵی کوردوستانەوە، خەڵکی خەریکە لە برسا دەمرێت، وەزعی ئابووری ناجۆرە، خەڵکی ناڕازییە، موشەک بارانی ئێراقی شارەکانی ئێرانی چۆل کردووە، شاری تاران خەریکە دێتە هەیەجان.

– بلە! ئەم درۆو دەلەسانە بەلای دەوڵەتی ئێراقەوە قسەی خۆشن. نەتبیستووە دەڵێن. قسەی خۆش کوێسانی.

– کەسی تریان ناوێ بیکوژم؟

– ئەمجارە هیچیان نەوت، بەڵام لات وا نەبێت دەسبەردارت دەون. لیستێکیان هەیە گوریسێک درێژە.

– کەی دەگەڕێیتەوە؟

– تۆ دەزانی.

– باشە تۆ ئیسراحەتی خۆت بکە تا من دەڕۆم و دێمەوە.

فەرهاد وەک جاران نیازی بەوەی نەمابوو بۆ کچکەو گەورە خۆی بگەیەنێتە لای ئەبو مازن. پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ لێپرسراوانی موخابەراتی ئێراقیدا پەیدا کردبوو. ئەوانەی بلە وتبووی درۆو ڕاستی خستە سەر کاغەزو خۆی گەیاندە دەستگای موخابەراتی شاری سولەیمانی، دای بەبەڕێوەبەری گشتی و سووریش بوو لەسەر هێرشی قۆڵی میهران و گرنگی زانیارییەکە، بەڕێوەبەری گشتیی موخابەراتی شاری سولەیمانی بڕێک پارەو دەمانچەیەکی بەدیاری نارد بۆ بلە و وتی:

– ئەگەر ئەم زانیاری هێرشە ڕاست بێ و لەم نزیکانەدا ڕووی دا ئەوە تۆ دەگەیتە ئاسمان؛ چونکە هێرشی لەو قۆڵەوە بۆ ئێمە وەک دەوڵەتی ئێراق پڕە لە مەترسی و ئاگاداربوون لەو مەترسییە یانی پارازتنی ژیانی هەزاران لە مەرگ. فەرهاد گەڕایەوە کەوتە دوعاو وێرد خوێندنەوە تا ئەو هێرشە ئەنجام دەدرێت ڕازێک بوو درکاندبووی زارێک بوو هاوێژتبووی، دوعاشی بۆ دەکرد. گەڕایەوە لای "بلە" کۆرش یەشتا لەخەو هەڵنەسابوو. شەوان سیامەست لێی دەخەوت و بەیانییان درەنگێک لە خەو هەڵدەستا. هەناسەی بۆنی عەرەقی لێ دەهات و ئیتر هەروا پەیوەستە ڕوخساری مەخمووری بەڕەڵایی و بێ

دەربەستی پێیەوە دیاربوو. ئەوەندەش پابەندی دەوروبەرو هانیەو هەبەی پێوە نەمابوو. لای وابوو چ بتەوێ چ نا. ژیان ئەوەیە دارێژراوە. هەر تەقالاو تێکۆشان و ململان لە پێناوی گۆڕینیا، بێ سوودە و ناگاتە ئەنجام. بڕیاری لەسەر دراوە کێ داویەتی دراوە، کێ نووسیویەتی نووسراوە. ژیانیش لە ئەزەلەوە هەروا بووەو هەروا دەبێ. کە سەرخۆش دەبوو، وشەیەکی تێکراری لەسەر زمان لێ نەدەبڕا لێگەڕێ تەواوە. جارەو بار لەگەڵ گوێگرەکەیدا دەکەوتە مشت و مڕەوە. کابرا نەدەچووە ژێری وشەی "تەواوە". تەواوی چی قسەی قۆڕی چی...؟ سەرسەختانە وەلامی دەدایەوە دەڵێم تەواوە لە خۆڕا دەڵێم یامێشکی کەرم خواردووە. کابرا کە پابەندی و لاساری ئەوی دەدی وەلامی دەدایەوە: حەیف بۆ کەری بێ تاوان و بێ چارە تا دەماخ سزێکی وەک تۆ بگەیتە بلەو پایەی وەدەست هێنانی چەند سلول مێشکی. ئەلحەق و وەل ئینساف هەر چییان پێ بسپاردا وەک ئالەتێکی میکانیکی ئەنجامی دەداو تەماحێکی ئەوتۆی لە ژیاندا لە ئاسۆدا وەدی نەدەکرد و تەماحگیری هیچی تریش نەبوو جگە لە ناوگەڵ و دوای فەرهاد و خواردنەوەی زیاتر. ئەوەندەش ملکەچ و فەرمانبەرداری فەرهادی بەڕەواو ڕاز دەزانی، تەواوی حەزەکانی لەوەدا کۆمەڵ و ئەوی پۆ و بۆنی فەرهادی لێ بهاتبا خۆی بەخاوەن یەکێک لە مافە ڕەواکانی خۆی دادەنا و چەندین جار ئەو باسەشی ڕاستەوخۆ لەگەڵ فەرهادا کردبوویەوە کە شەوێکی سێ کەسی پێک بهێنێت و ئەو پەردە پۆشییە بخاتە لاوەو حەی عەلەسەلات و ڕۆک و ڕاست "کوردە" ڕابێنێت و ڕاستەقینەی ژیانی خۆی بۆ ڕۆشن کاتەوە. فەرهاد نەدەچووە ژێرو سبەی سبەی پێ دەکردو بەرەو سەرئاو دەیبرد و تینوو دەیگێڕایەوە. جارەوباریش لەگەڵ فەرهادا دەکەوتە ڕاز و نیازو

گلەیی بۆ تەواوی کارەکانی بە"عومەر" و تاقمەکەی دەسپێرێت و ئەوی خستووەتە لاوە. وەڵامی دەدایەوە کە ئەو بەرپرسی کاروباری نێو ئێرانەو ئەیرا عومەرو دەستەو دایرەکەی چاکتری لێ دەزانن و چی کووچەو کۆڵان و شارو شارۆچکەی دەوروبەر هەیە وەکو ناو لەپیان دەناسن، مەحاڵە تووش بێن؛ هاتنیش وەک سەگ وان زمانیان دەگاتە زامیان و چارەسەری خۆیان دەکەن، ئێمە چی؟

وەڵامی فەرهادی دەدایەوە:

– تەواوە؟

فەرهاد وەڵامی دەدایەوە:

– تەواوە و ناتەواوە.

– بۆ وا ماتی؟ شتێک قەوماوە؟

– قــەومــاو، نەخــەیر. ئەوەیە وەزعی ئێــمــە لەم وڵاتەدا ناتەواوە. تا دەبێت ترۆ ترۆ بێ نرخ و باییتر دەبین.

– چارەیەکی دیکەت بەلاوەیە؟

– بڵێم بەلامەوەیە، خەیر. بەڵام پەیوەستە بۆی دەکۆشم.

کوردە هەڵسا پەنجەرەی هۆڵەکە بگرێت بەدەم ڕێ ڕۆیشتنەوە وتی:

– شتێکت گەڵاڵە کردووە.

– خەریکم.

– دەتوانم بپرسم خەریکی چیت؟

– یەشتا بەتەواوی نەگەیشتوومەتە شتێکی وا تا لەگەڵتا دانیشم و بۆت بگێڕمەوە، ئەڵبەتە بێ بیروڕای تۆ بچووکترین هەنگاو نانێم. هەر ئەوەیە لە تەقالادام.

– لە چ بوارێکدا؟

– هەر چۆنێک بووە دەبێت خۆمان بگەیەنینە ئەورووپا.

– ئەورووپا؟

فەرهاد ئارام و لەسەرخۆ یەک دووجار سەری لەرزاندەوە... کوردە کەوتە بیرەوە. فەرهاد دزە ئاوڕێکی لە ڕوخساری دوودڵیی بیرکردنەوەی کوردە دایەوە تا بزانێت کارگەری قسەکەی تا چ ڕادەیەکە.

– وەک پەنابەر؟

– من پێــوەندیم لەگــەڵ "ئۆپۆزسـیـون"ی ئێـرانیـدا هـەیەو بەڵێنیـان پێداوم تەواوی کاروبارمـان بۆ دروست بکەن و لەوێڕا باشتـر دەتوانین لە دونیای سیاسەتی ئازاددا وەدەرکەوین.

– من تـا بەئـەمـــڕۆ لەم ڕووەوە نـەمــدوانـدوویت. لـەم شـــارەدا ئەوی پێوەندی لەگـەڵ دەوڵەتی ئێـراقـدا هـەبێت، با ئێرانـی بێ و لە ناچاریش پەنای هێنابێتـە ئەیرا بەلای خـەڵکەکەوە جێگای ڕێزو حـورمەت نییـەو نابێت. ئەمن بەوەی ڕازی نیم مێردی من هـاتوچۆی لـەگەڵ موخـابەرات و ئەم دەوڵـەتە دەم خـــوێناوییـــەی ئێـــراقــدا هــەبێت و کـــاروباریـان بۆ بڕەخسێنێت.

– بۆچی من بەوەی ڕازیم. بەخـوا بەخوا هـەر ڕۆژێکم دونیـایەک ئێش و ئازارە، چی بکەم تێی کەوتم و لەبن بەسـتدا گیرم کـردووە. بەئومێدی خـوا خـەریکی کـردنەوەی گرێ و هـەڵەقـە ئاڵۆزکـاوییـەکـانم و ورده ورده دەیانکەمـەوە. شتێکە نامـەوێ بەدەستی خـاڵی و ڕووت و قووت خـۆمـان بگەیەنینە ئەوروپا.

– جـا بۆ ڕووت و قـــووت؟ ئەوەندەمـــان هـەیە لە ســەرپـای خــۆمـــان بوەســـتین و نیـــازمــەندی کــەس و خـــەڵک نەبـین، هەرنەبێت بۆ چـەند ساڵێک.

– کـوردە گیـان! تۆیش سـەیری. بۆچـی فـەرهـاد بـەوەی ڕازی دەبێت ژیانی بەپـووڵ و پارەی تۆ بگوزەرێنێت. ئـەلحـەمـدولیـلا بـاوکم ئەوەندەی بۆ بەجێ هێـڵاوم بەسـەروەری پێی بژین. جـا گـرفـتـاری من لەیرەدایە و بەس.

– لەوانـەگەڕێ. ئەوانـەی بابت بەجێی هێڵاوە جارێ هـی تۆ نییە.

– مەسەلەکە لەمەدایە ئەگەر سەد ساڵی دی لە ئاوا ژیاندا بژیم لام باشترە تا بەدەستی خاڵی بەرەو ئەوروپا بەڕێ کەوم.

فەرهاد هەستایە سەر پاو تێفکرانەو غەمزەدانە وردە وردە چووە لای پەنجەرەکەوەو پشتی لە کوردە کردو بێ دەنگ دەینواڕییە حەوشێدا. کوردە خۆی پێڕانەگیراو چووە لایەوە:

– لە ڕاستیدا تۆ سەیری، نە من. دەستی بۆ دەرودیوار ئاماژە کرد و: ئەمەی دەیبینی لە ڕاستیدا هی هەردووکمان، دەستی خاڵی چی؟ دەیکەینە پارەو بۆی دەردەچین. فەرهاد وەرچەرخایە لای کوردەوە:

نا کوردە گیان! من شتی وا ناکەم. ڕاستە ئەوەی هەتە هی منە، لە بەرانبەریدا منیش دەمەوێ ئەوەی هی منە بۆ تۆ بێت.

– ئاخر جارێک ئەوانەی تۆ هەتە دوورە لە نیازەوە، وا نا؟

– دوور هەن... بەڵام دەتوانم بەدەستیان بهێنمەوە.

– کوڕە دە لاچۆ، ئەوە شیر دا و داپیردایە. ئێمە هەموو دوو کەسین و جارێکیش بڕیارمان داوە منداڵیشمان نەبێت. دووکەسی سەڵت و قوڵت بەپایش بووە دەتوانین خۆمان بگەیەنینە ئەوروپا.

– نەخەیر شتی وا ناکەم. من جەمهوری ئیسلامی پێوەندی پێوە کردووم و چاوی لە ململان و پێشمەرگایەتیم بەخشیوەو دەڵێت: وڵات، وڵاتی خۆتەو هەر کات دەگەڕێیتەوە. دەتخەینە سەر سەر. ئەمن دوودڵی و ئاشوفتەگیم لەمەدایە. ترسی بێ ئیسراحەتی تۆ پەریشانی کردووم، دەترسم ببمە مایەی غەم و پەژارەی داهاتووت.

– جا ئەوانە جێگەی باوەڕن، دەترسم لەناوت ببەن.

فەرهاد نامەی بەخشینەکەی لە باخەڵی دەرکردو دای بەدەستیەوە.

کوردە بەزەحمەت خوێندییەوەو لەپڕ وەرچەرخا:

– ئەمانەت بەمن بۆ نەوتووە؟

– ئەم نامەیە دوێنێ گەیشتووەتە دەستم و بۆ خۆشم ئەم بەخشینەم لا سەیر بووە، دیارە زۆر گرنگم و بەخۆم نازانم.

– یانی دوودڵی گەڕانەوەیت؟

– وەک وتم لەژێر سایەی جەمهوری ئیسلامی زندەگیم پێ ناکرێت. ئەگەر بتوانم بیکەینە پردو لەوێڕا بۆی دەرچین نە سیخ دەسووتێ و نە کەباب. ئەڵبەتە دوای بەپارە کردنی کارخانەو خانووبەرەی ئرسی بابم.

– دەترسم.

– لێم گەڕێ بزانم دەتوانم کارێکی وا بکەم دڵنیایانە بگەڕێمەوە، ئەو دەم پێت دەڵێم چی بکەین. خۆ تۆ گۆزەرنامەت هەیە؟

– هەمە وا بزانم کاتی تەواو بووە، بۆ دەپرسیت؟

بۆ مابادی‌اش بووە تازەی کەرەوە. ئەگەر– ئەمە ئەگەرە– هاتو گەڕاینەوە بۆ ئێران لەوێڕا پەساپۆرت بەدەرهێنان ئاسان نییە.

– ئەم ئەگەرە زۆر دەخایەنێت؟

– ڕەنگە لەم ڕۆژانەدا وەڵامی ئەسەحیم بدەنەوە. لەوەی دڵنیابووم ئەو دەم فکرو زکری خۆمانی لێ دەکەینەوە. فەرهاد بەنیشانەی ئاشوفتە حاڵی مشتی گرێ کراوی دەستی ڕاستی دووسێ جار ماڵییە نێو لەپی تریدا لەبەر خۆیەوە جۆرێک وتی تا کوردە گوێی پێوە بێت:

– با بزانین چۆن دەبێت؟

کوردە لە دواوە باوەشی بەفەرهادا کردو وشاردیە سنگ و بەرۆکی خۆیەوەو ئارام و چپە ئاسا:

– فکری لێ مەکەوە هەموو شت بەدڵی تۆ دەبێ.

– چۆن فکری لێ نەکەمەوە. وەرە لە دوا ساڵی کۆلێژدا بە و بۆی دەرچیت، یانی ناچاری دەرچوونت کەن. تەواوی گرفتاریم بەلایەک تەواو کردنی کۆلێژیش بەلایەک. هەر کارو بارم ڕوبەرا کرد مانەوەمان لەوێڕا بەتاوان دادەنێم، بەپوول و پارە خۆمان دەگەیەنینە ئەوروپا و لەوێڕا کۆلێژەکەشم تەواو دەکەم.

هێزی پاسداران و سوپاو هەزاران چەکداری بەسیج پەیتا پەیتا هێرش و پەلاماریان دەدا. فرۆکەی جەنگی دوو دوو چوار چوار تیژ دەهاتن و دەچوون. تۆپخانەی هەردوولا باران ئاسا دادەباری. زەوی ونجڕ ونجڕ دەکردو پەل و پۆی شەرکەرانی دەبارانده دەوروبەردا. دووکەڵ و ئاگرو بۆنی باروود تێکەڵی هاوارو ناڵەی بریندارانبووبوو؛ ململانێی مەرگ و ژیان لە بەرەبەیاندا دەستی پێکردبوو. سەنگەرەکانی پێشەوەی هێزی ئێراق لەدەمەو بەیانی غافڵگیرو برێکیان کوژرابوون و برێکی دی بەدیل و تاک تەراکیش توانیبوویان بکشێنەوەو خۆیان لە کوشتن و بەدیل گیران ڕزگار کەن. شەڕەکە تێکەڵاو و دەست بەیەخە، ئیتر هەر تانک بوو دەتەقییەوە پیەشە پەڵای دووسێ کۆپتەر لارو قووچ لەیراو لەوێ لە زەویدا دووکەڵی لێ هەڵدەستا. ئێراقییەکان لە ترسی ئیعدام کردنا بەدژوار سەنگەریان بەجێ دەهێلا؛ بکشانەوە لەلایەن دەستەی مەرگەوە دەدرانە بەر گوللە و ئاگرەوە. ئاگری هێرشبەران و دەستەی "مەرگ"ەوە کە لە هەر شەڕو پەلامارێکدا لە پشتی سەنگەرەکانی هێزی "ئێراقی"ەوە دادەمەزران بۆ بەرگری لە ڕاکردن و کشانەوە. هێرشی هێزی ئێران بەئەندازەیەک بەربڵاو شەپۆل شەپۆل دەگەیشتن و دەڕۆیشتنە پێشەوە، سەرکردایەتی سوپای ناوەڕاستی ئێراق ناچارکرا فەرمانی کشانەوە تا هێڵی دووهەمی ناسراو بداو بکشێنەوە. لە هەمان کاتدا سێ تیپی

زرێی کۆچەری حەرەسی جەمهوری نارده هانای شەڕەکەوە. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغدا کەوتبووە مارش لێدان و هاوار و فیزاع و نەڕە نەڕو شیعر خوێندنەوە. هێزی ئێران خۆی گەیاندە قەبرغە قوپاوەکەی نەخشەی ئێراق. مەبەستی سەربازی خۆی بەدەست هێنابوو. دەکۆشا لە پەلامارەکەیدا بەردەوام بێت! ئەگەر تانکە کۆچەرییەکانی سوپای حەرەسی جەمهوری فریا نەکەوتباو بەری شالاوەکەی نەگرتبا هێزی ئێران تا شاری "باقوبە"ش دەهاتن. ئێوارە درەنگ شەڕ بڕایەوە! ژمارەیەکی زۆر لە دوولا کوژرابوون، هەروەها ژمارەیەکی زۆری هێزی ئێراق بەدیل و خاڵە ستراتیژییەکان هێزی ئێرانی تێ خزاو هەر بەو شەوە کەوتنە سەنگەر هەڵکەندن و پتەو کردنیان. لەملاشەوە چەندین ئەفسەری گەورەو بچووکی سوپای ئێراقی درانە دادگایەکی سەربازی لەوێدا بڕیاری مەرگیان بەسەردا دراو بۆ ترس و تۆقیانی ئەفسەرانی دی هەر لەوێدا گوللەباران کران.

فەرهاد دەیزانی سوپای ئێران هێرشی کردووە بەڵام دڵنیا لە جێگەو شوێنەکەی نەبوو. دەکۆشا تێبگا و دەستگای "موخابەرات"ی لای سولەیمانی ئەوانیش بێ ئاگا لە شوێن و جێی هێرش و پەلاماری ئێرانییان، ئەوەندەیان دەزانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئێراقی کوژراون، دەستگیر کراون و ڕێچکەی لەشی کوژراوان بەپەرچەمی ئێراقەوە پێچراو بەرەو شارەکانی خواروو و ژوور دەستی پێ کردبوو. فەرهاد هەر تەرمێکی بەپەرچەمی پێچراوی دەدی لە خۆشیدا شاگەشکەی دەکردو تەرمەکانی دەژمارد. ئەو ڕۆژە تەنها لە شاری سولەیمانیدا بیست و یەک تەرمی بەپەرچەمی ئێراق پێچاوی سەر تاکسی ژماردبوو. لەدڵا دەیوت: باوەڕ بەهەواڵی من ناکەن. مەیکەن.

ئەوە دەردتان بێت. خـوا بکا ڕیچەڵەکتـان وەدەر بێت، لـە کـاتی خـۆیدا هـەواڵـی ئەو هێـرشــەم پێ گــەیاندبوون. دەرکــەوت لە هــەمـان نـاوچەو هـەمان جێگەو هـەمان هێزو تیپ و سوپاوە هێرش دەسـتی پێ کردووە. ئێستا قـەدرو قیمـەتی "فەرهـاد خـان ئەعزەمی" دەزانن. ئینجا تۆزێک ڕاوەسـتـاو لەبەر خـۆیەوە وتی: دەزانی نێوی فـامیلی ئەعزەمی ناوێکی پڕ کش و فـشـە. ئیـدی من لە کێ کـەمـترم؟ بۆ فـامیلی خـۆم نەکـەمـە "ئەعـزەمی؟" لەم ئاشـوفتـە بازاڕەدا سـەگ خـاوەنی خـۆی ناناسـێت... بڕیارم دا نێـوی فـامیـلیایم "ئەعـزەمی" بێت و بەقـەوڵـی کۆرش "تەواو" یانی بۆ هـەمیشـە ناتۆری "مەلکی" لە خـۆم و باوکم توور دەدەمە لاوە ئا بۆ لەمـەولا من "فـەرهـاد ئەعزەمی"م لەسـەر کێشی "ئەمیـر ئینتـزامی" چووزانم "شامەحرەمی" سولْتانی و... ئەدی خەڵک چۆن بوون بەخـاوەنی ناو و باو و زەڕو زۆرو پلەو پـایەو هـاتوونەتە کـایەومـایە؟ سـەرەتای ئەم پاشـاو سەلاتین و دەسـەڵاتدارانی قوولایی مێژووە سـەرەتا چ بوونە؟ خۆ لە ئاسـمـان نەهـاتونـەتە خـوارێ، باپیـری ئەوانە وەک تاکـە کـەسـێک لێـهـاتوو بووەو تـوانیـویە لە ڕووی زیرەکی و ئـازایی و چوزانم عـەقڵ و درایەتەوە دەرکــەوێ و بنەمــای دەســەڵات وەدەست بـهـێنـێ و بەدرێژی زەمان بمێنێتەوە بۆ تر و توخـمی. خانمە خانمی و تالیب ئاغا ئەم کش و فشـەی من منەیان بەسـەر مندا فـرۆشت، بۆچی لە "کون فـەیەکونا" بوون بـەوە؟ چەند ســاڵێک تری بەســەردا بگوزەرێت بنەمــاڵەی منـی "ئەعـزەمی" ئەگەر لەم چەنـد سـاڵەدا پرۆژەی سـازندەگیم کـە بەدەست هێنا زەرو زۆرم خـسـتـە لاوە لـە هیچ کـەس کـەمـتـر نیم. خـەڵک ئاوەزو فکرو زکـری لـە چاویدایە. فـەرهـاد دووسـێ جـار دای بەســەر سنگی خـۆیداو: بڕۆ تۆ لەم ڕۆژەوە فـەرهـاد خـانی ئـەعزەمیت بزانم کێ دەڵێت نا؟ وا وتیشی...

فەرهاد گەیشتبووە بەر دەرگای دایەرەی "موخابەرات". لە ماشینی "سوپر" دابەزی و ڕۆیشتە ژوورەوە بێ ڕاوەستان بردیانە ژوورەوە بۆ لای بەڕێوەبەر. هەر کە چوو بەژووردا بەڕێوەبەر لەبەری هەستا و بەگەرمەوە بەرەو ڕووی هات: پیرۆزباییت لێ دەکەم و و ئافەرینیش. ئەڵبەتە ئەم پیرۆزباییییە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای موخابەراتی ئێراقەوەیەو... هەروەها دەوڵەتی ئێراقیش. دیارییەکی شایان لەلایەن دەوڵەتەوە بۆت نێرراوە! ئەوڕۆ دەگات. دوو ماشینی ئاخرین مۆدیلە لەگەڵ دیارییەکی پارەدا، چەندە؟ جارێک نازانم. وەک وتم بەڕێگەوەن، ئەمڕۆ دەگەن؛ بۆیە ناردم بەدواتا تا مژدەت بدەمێ.

فەرهاد پای نابووە سەرپا. چای بەر دەستی تێرادەدا دڵنییانە سوپاسگوزاری کردو دووبارە کەوتەوە قسە:

- ئەگەر بتانەوێ گەلێک لەم کارانە گرنگتر ئەنجام دەدەم! یانی دەمەوێ بڵێم ئەو توانایەم لە دەستدایە تۆڕی زانیاریمان گەلێک بەربڵاوتر و پڕ لەوردەکاریتر ببەین بەڕێگەرە. وەک وتم ئەگەر بتانەوێ؟

- بیانەوێ؟ ئەوە چی دەڵێیت؟ لەسەر ئەو زانیاری تۆیە چەندین ئەفسەری گەورە بڕێکیان دەرکران و بڕێکیان ئێستا لە زیندانان. چون ئەوان پێیان وابوو لە قوڵی "شەلەمچەوە" هێرش ئەنجام دەدرێت. دوژمن هەزاران تۆپ و تانکی لە دار و تەختە دروستکراوی لەوێڕا کۆ کردبویەوە بۆ ئەوەی جێگەی هێرشی ڕاستەقینەکە چەواشە کا و چاوساقانی ئستیخباراتی سوپای ئێراق هەڵخەڵەتێنێت و لە پیلانەکەیدا سەریش کەوت. با وەک ئێمە لە کاتی خۆیدا زانیارییەکەمان گەیاندە جێگەی خۆی، بەداخەوە باوەڕیان بەزانیارییەکەمان نەکردو ئەوەبوو ئەو زەرەرو زیانەمان لێ کەوت.

فەرهاد جۆری دانیشتنەکەی گۆڕی و مژێکی لە چایەکەی داو وتی:

– مەبەستی من لەم تەقالایەیدا کە دەیکەم نە بۆ پووڵ و پارەیە نە بۆ زەڕو زۆرە. من کوڕی باوکێکی کوژراوم، کوڕی شەهیدم. ئەوانە بابمیان کوشتووە. تا بتوانم و لە وزەمدا هەبێت ئازاریان پێ دەگەیەنم و ئامادەم سەریشم لەسەر ئەو بیروڕایە دانێم و ئەگەر بەچاکیشی بزانن دەتوانم بگەڕێمەوە بۆ ناو ئێران و لەوێڕا ڕۆژانە هەواڵی سەرتاسەری جەبهەتان پێ بگەیەنم. بەڕێوەبەر وتەکەی فەرهادی ئەوەندە لە لا گرنگ و پەسەند بوو، نەچووە عەقڵییەوە بۆیە وتی:

– چیت وت؟

– چیم وت، دەڵێم توانای ئەوەم هەیە تۆڕی زانیاری لەنێو خاکی ئێراندا ببەم بەڕێگەوە، بەمەرجێک مەرجی سەرکەوتنم بۆ جێبەجێ کەن.

– من لام وایە دەستگای موخابەرات ئەم پێشنیازەت بەوردی لەیەک دەداتەوە؛ بەڵام تۆ لە خۆت ناترسیت.

– هەیە لە خۆی نەترسێت؟ من بەلایانەوە کابرایەکی بێ سەروپاو نەناسراوم. سەربازێکی ڕاکردوو وەک هەزاران سەربازی ڕاکردووی دی. چاوت لێیە بەخشینی کابرایەکی وەک من شتێکی زۆر ئاساییەو لاشیان خۆشە.

– ئەمەی دەیڵێیت ڕاستە، مەرجی دیکەت چییە؟

– مەرجێکی وام نییە، یەکەم دەبێ فێری بەکار هێنانی دەستگای بێتەلم بکەن و پووڵ و پارەی پێویستیش بۆ بەرنامەڕێژی... لە سەرتاسەری ئێرانا.

– من ئەمڕۆ ئەمانەی وا وتت... دەیگەیەنمە بەغداو لام وایە زۆریان لا

خۆش بێت و خۆت ئامادە بکە بۆ بەغدا چوون. لەوەی دڵنیام دەنێرنە دواتا.

- بەندە بۆ ئەوەی ژەهری خۆم بڕژێنمە لەش و پەیکەری جەمهوری ئیسلامییەوە. ئامادەی دۆزەخ ڕۆیشتنیشم.

- باشە دەتوانی بڕۆیت، هەر وەخت دیارییەکانت گەیشت دەنێرمەوە دواتا. ئەگەر دانی ئێوارەش بوو هەر دەنێرم بەدواتا.

فەرهاد گەڕایەوە ماڵەوە، کوردە هاتە پیرییەوە:

- چییە ئەمڕۆ چۆنیت؟ دوێنێ شەو پەرێشان بوویت و شەوانی ڕابوردوو زۆرتر. خەریکە لێت پیردەکا؟

- چی بکەم؟ دکتۆر دەڵێت زووگوزەرە، ڕەنگە یەک دوو مانگێک درێژا کێشێت.

- بەلای منەوە زۆر گرنگ نییە؛ نیگرانی ئەوە نەبیت. هیچ لە خۆشەویستی من کەم ناکاتەوە، بەپێچەوانەوە پتەوترو پابەرجاتر دەبم.

- باوەڕ بکە کاتێک لەلاما ڕاکیشاویت و دکتۆر تێهەڵچوونی جارێک لێ قەدەغە کردووم، قەس دەکەم خۆم بکوژم ئەوەندە پێی سەخڵەتم.

کوردە باوەشی پیاکردو دەمی ماچ کرد:

- بۆچی من تۆم بۆ سەکس خۆش دەوێ؟ لەوانە گەڕێ، من ساتێک لەگەڵتا دوان بەتەواوی سەکسی دونیا ناگۆڕمەوە... لەوەی دڵنیابە.

تەلیفۆن زرنگایەوە. فەرهاد هەڵی گرت:

- ئەهلەن کاک عومەر! وەڵاخۆ بەتەما بووم بنێرم بەدواتا. فەرهاد تاوێک بێ دەنگ بوو، کوردە ڕۆیشتە لای ئاشپەزخانەوە.

- باشە کاک عومەر! ئەو کارە درێژایی کێشا هەرچی زووتر ئەنجام درێت بۆ هەردوو لامان باشترە. دیسان بێ دەنگی.

دووبارە فەرهاد هاتەوە قسە:

– چەن ڕۆژی دی؟

– ئەم هەفتەش بۆ تۆ. زووکە برا زووکە، دەزانی چەند بەرنامەی ترم بۆ داناوی؛ وا بکەی بەهیچدا ڕاناگەی. فەرهاد تۆزێک ڕاوەستاو وتی:

– دەی چاوەڕوانم، تەلیفۆنەکەی داخست.

کوردە بەسینییەکەوە لە ئاشپەزخانە هاتە دەرەوە، دوو قاوەی تورکی بەسەرەوە بوو. فەرهاد مژێکی لە قاوە داو وتی:

– ڕەنگە دە ڕۆژێک بڕۆم بۆ بەغدا. کۆبوونەوەیەکی ئۆپوزسیۆنی ئێرانی دێن بۆ ئەوێڕا منیش وەک ناسراوێکی ئێرانی دژ بەئێران دەعوەت کراوم.

– وایش دەتەوێ بگەڕێیتەوە بۆ ئێران؟

– لێم مەترسە.

لام وابوو بەگاڵتەتە، خۆمە خەریکی دەیکەیتە ڕاست؟

یاسەمین چاوێلکە زەرەبینییەکەی لەچاو دەرهێناو کتاوەکەی دەستی لادا بەلاوە بەحەسرەتەوە:

– تەمەنم وا بەرەو پەنجا دەڕوا. ئەوی ئاواتەخوازی بووم نەبووەو بۆم نەڕەخساوە. تەواوی ژیانیشم خستە سەر بیروڕاو تێفکرینەکانم. ئەگەر بکرێت با ئەم ئارەزووەمە بهێنمە دی، هەر نەبێت بۆی دەکۆشم.

– جا دەکرێت بیهێنیتە دی؟ ئینشائەڵڵا؟

– ئەمە کارێکی زانستییە پەیوەندی بەخوا بیکا و ئینشائەڵڵاوە نییە پرۆفیسۆرەکە بەدڵنیاییەوە دەیوت. وای دەوت کە کارێکی زۆر ئاسایی و ئاسانە.

– کەی ئاساییە لەم عومرەدا بەزۆر خۆت بخەیتە ژێر نەشتەرکارییەوە. لە من دەپرسی لێی گەڕێی چاکترە، ئەمەش وەک سەدان ئارەزوومان بابێتە قوربانی بیروڕامان.

– دیارە یەشتا لە چۆنیەتەکەی ئاگادار نیت. ئەوی نەکرێت نەشتەرکاری و دڕین و بڕینە.

– بیمارستانەو دکتۆرەو دەواو دەرمان و کێشەو بێ و بڕۆ خۆ هەیە، نییە؟

– ئا ئەوانەی هەیە، بەڵام زەحمەتێکی ئەوتۆ نییە. با تاقیکەمەوە؛ تۆ

دەزانی بێوەری بوون لە هەستی دایک بوون چ دەرد و ئازارێکی گەورەو گرانە بۆ ئافرەت؟

- دەزانم. خۆزگە ئەوساش وات تێ فکرابایت؟

یاسەمین ماتی دایگرت و لەپڕ ئاڵۆزانە وەڵامی دایەوە:

- بۆ دەیخەیتەوە بیرم؟

- دەزانی ئەگەر بمایەو وەدەرت نەهێنایە، ئێستا گەنجێک بوو بۆ خۆی.

- دوێنێ بەکەیل و کێشانەی ئەورۆ تەرازووکردن نەشیاوە و نەگونجاویشە.

فەلامەرز لە نێو جێگە وەدەرهات و بەسەر کەمەی سیسەمەکەوە بەدەم چاو پرواندنەوە:

- یادی بەخەیر دایکم! ئارەزووەکەی بردە گۆڕەوە. زۆر بەتەمای دیتنی ماڵ و منداڵی من بوو. دەستی بەیەکدا دەداو دەیوت:

- کەس کوڕی منی لە ڕچە وەدەرنەبرد و هەوایی نەکرد ئەو کچە لوڕە زڵف بڕاوە نەبێت. تەواوی بێ چارەگی فەلامەرز لەو هەڵقونە دوا بڕاوەی دەبینم.

یاسەمین تا ئەو دەمە لەنێو جێگەدا ڕاکشابوو تۆزێک خۆی کێشایە سەرەوەو بەدەم پێکەنینەوە:

- لە بیرتە چۆن تێی دەنواڕیم، ئەو جارەی وا لەگەڵتا هاتم بۆ فرۆکەخانە بۆ خواحافیزی لە باوکت؛ مەبەستم دوا سەفەرەکەیەتی؟

- لە بیرمە، بەڵام. تۆش لەبیرت نەچێت ئێستا وتت ئەمرۆ بەکەیل و کێشانەی دوێنێ لەتەرازوودان شیاو نەبێت.

– بیری لێکەوە هاتوچۆو گێرەو کێشەی منداڵێک چ گەرمی و هێزێک دەبەخشیتە ژیانمان. نای بەخشێت؟

– دەبیەخشێ، ئا دەیبەخشێت. من بەخەیاڵی دەزانم.

یاسەمین لە جێگە دەرپەڕی و بەدەوری سیسەمەکەدا چەرخاو لە زەویدا بەرانبەر فەلامەرز دانیشت و دەستی خستە سەر چۆکی منداڵانە یەک دووجار لە سەریەکە وتی:

– تۆ... تۆ... تۆ باش گـوێم لێ بگرە چی دەڵێم، ئەوی دەمـانەوێت بیکەین نە زەحمەتێکی زۆرەو نە زۆریشی تێدەچێت.

– خۆ ئازیتا دەناسیت؟

– کام ئازیتا؟

– ئەوی لە ڕێکخراوەو هەفتەی پێشوو لە کافەکەدا تۆ هاتی ئێمە پێکەوە بووین؟

– ئا کەوتەوە بیرم.

– کچێکی باڵا بەرز و نیرومەند و جوانکیلە بوو، نا؟

– با، وا بوو.

– سەد ڕەحمەت لە دایکت! تۆو توخمی ئەو و تۆ تیکەڵ و لە لوولەی شـووشـەییندا بۆ مـاوەیەک ژینگەیەکی وەک ژینگەی پزدانم دێننە کـایەوەو [یاسـەمین دەسـتی برد بۆ ناوگـەڵی] ئەودەم بەشـێـوەیەکی زانستییانە دەیخەنە ئەیراوەو تەنها گرفتاری و دژوارییەک لە ڕێگەدا بێت، ڕاکشانی منە لە بیمارستاندا بۆ ماوەی بیست ڕۆژ.

– یانی دەڵێی من دەبێ لەگەڵ ئازیتادا هاوپێخەف بم؟

– نەخەیر ئاغا! سەردەمی "لیلی" خانم گوزەشت و تێپەڕی. تەنها

کارێک حەزرەتی عالی دەیکەیت لەژێر سەرپەرشتی پرۆفیسۆرەکەدا دەستپەڕێکە و دەیکەیت، هەر ئەوەندە. ئازیتاش ئامادەی بەخشینی توخمی ژنانەی خۆیەتی؛ یانی بەم حیسابە تۆوی تۆ توخمی ئازیتا کێڵگەو خوێنی من، منداڵێک پێک دێت تۆو توخمی تۆ و ئازیتایە و لە پزدانی مندا گەورەو لە من دەکەوێتەوە. یانی لە بارودۆخی "ژنەتێکەوە" بەڕەگەز منداڵەکە دەچێتە سەر تۆ و ئازیتا. تا چ ئەندازەیەک خۆراک و خوێنی من تیادا کاری دەبێت، ئەوەیان خۆم و بەختم.

کوڕە ئەمە یەکجار تێکەڵ و پێکەڵە. ئەگەر "فرانگشتاین"یکمان پێک هێنا ئەودەم قوڕی کوێ بەسەردا بکەین، یا مەنگۆلییەک، چووزانم دووسەرێک شتێکی وا.

– وەڵڵا خۆ دکتۆر لەوەی دڵنیا نەبوو کە لە جوێی یەکێک دووان ئەبێت.

– وەرەو تەماشاکە لە منداڵی نەبوو ببینە خاوەنی دووان.

– تەنها ترسێک لێێ تۆقابووین، بێ هێزی پزدانی من بوو. دوای ئازموونێکی زۆر دەرکەوت بۆ منداڵداری ئامادەو جێگەیەکی گەرم و نەرمە.

– باشە کەی ئەم دەستپەڕەمان پێ دەکەن؟

– جارێک زووە. نایەڵم زەحمەت بکێشیت، بۆ خۆم بۆت دەکەم تا بە"لیلی"یەوە نەیکەی. هەردووکیان پێکەنین. فەلامەرز بەپێکەنینەوە یادی بەخەیر! ئەشهەدو ژیانی پێ قەرزارم، نیم؟

– با، سەرف نەزەر لە ڕابوردووی، "لیلی" بەلای منەوە جێگای ڕێزو حورمەتە. ئەوی لە دەستی هات کردی و مادام بەو ئەندازەیە تۆی خۆش دەوێ، ناتوانم خۆشم نەوێ. نازانی کەوتە کوێ؟

- ناسنامەی فەرانسەوی هەیە، هەر دەبێ لەیرا بێت.

- لات خۆشە بیبینی؟

- تەنها بۆ سوپاسگوزاری بێت، ئا،

- ئەگەر لەبەر من نایبینیت، من پێی سەخڵەت نابم. دەتوانی بەئەوپەڕی ئازادییەوە بیبینی.

- یاسی بەزمم بۆ تازە مەکەوە. ئەوە خەریکیت دەبیتە خاوەن منداڵ، لەوەی گەڕێ.

- کامەی؟

- چووزانم بەزمەکەی جاران.

- دوایی باسی لێ دەکەین.

– دەمەوێ لەوەی دڵنیا بی یەک لە هەزار ترسی ئازار و ئەزیەتی منت نەبێ و دوچاری هیچ جۆرە گرفتارییەک نابم. دەڵێم نابم، یانی نابم.

– خـوا بکا! دەڵێن کـوێرە چیت دەوێ؟ دەڵێت دووچاوی سـاق. بائەوەیشە بڵێم، گەڕانەوەت بۆ ئێران بەمانای مانەوەت نییە، وا نا؟

– بەدیار چییەوە لەوێڕا بمێنمەوە. بەلای دەوڵەتێکەوە باوکمیان کوشتووە؟ هەر ئەوەندە کار و بارم جم و جۆر کرد و کارخانەو خانووبەرەم کردە پارە بەگیرفانی پڕەوە بۆی دەردەچین.

– کەواتە ڕاوەستان و چاوەڕوانی سوودێکی ئەوتۆی نەبێت لەیرانە نرخ و بایی ئەم خانووە لەوەی زیاتر ناکا. هەرسێ بسێنەکە دەڵێی پێکەوە ڕێک کەوتوون لەو ژمارەیە زیاتری پێ نادەن، وەک وا بێت بزانن بەچەند کڕیومانە.

– کەوایە تەواوی کە. لەوەی دەچێ ئەم شارە زۆر بچووکە.

– ئاڵتوونەکانم لەیرا بفرۆشم یا لەوێڕا؟

– ئەمڕۆ گەلای سەوز لەهەر کوێ بێ زەوی دەدڕێ. ئاڵتوون سەرو خواری زۆرەو بەبیری من، لێرە بیانفرۆشی زیانی کەمتر بێت. لەوانەش گوزەشتە لەم ڕێگەو بانانەدا دۆلارەکە باشتر دەشاردرێتەوە تا ئاڵتوون و کیسەو میسە. منیش ئەوڕۆ دووان لە ماشینەکان دەفرۆشم و دەیکەمە پارەو ئەوی کۆنەکە ناتوانین بیفرۆشین پێی

دەپەڕینەوە. سەنەدەکەی بەناوی دەوڵەتەوەیە.

– باشـــە نیـــوەی دەفـــرۆشین. ئەوی دیکەی با بۆ دوایی بێت خـــۆ بەپێیان ناڕۆین؟

– نەء، بە ماشین. تا ئێستا گەلێک جار بەماشین ڕۆیشتمەتە سەر سنوور بۆ دیتنی خەڵکی ئەو دیو. بەئاگاداری دەستگای موخابەرات. ئەم جارەش هەروا دەزانن هیچ سرنجێکی خەڵکی و دەوڵەتی ئێراق ڕاناکێشین. ئەم جارەش وەک جارانی پێشوو دەدرێت لەقەڵەم، حەز دەکەم بزانیت لەو دیوی سنوورەوە چاوەڕوانمانن.

– ڕاستت بوێت ترسی بەرازەکانی ئەیرام لەدڵدایە. ئەمانەی ئەیرا نەخوا دەناسن نەوژدان. هەر کەسێک بگرن مەرگ بۆی پاشاییە. تازە بەتۆمەتی ئێرانیشەوە بێت خۆ ئەوە قۆزی بالآن قۆزە. تیکە تیکەکردن سەد خۆزگە بەمردن خوازتنە.

– بیری لێ مەکەوە. هەموو شتم وەک چرکەی سەعات دروست کردووەو هەنگاوەکان لەسەر حیسابە. تۆ هەرچی زووتر بەزمی ئەم خـــانووە تەواو کـــە، ئەوانی دی لەســـەر من. لەوەی دڵنیـــابە وەک شازادەیەک دەتبەمەوە ئێران. کوردە خانمی خێزانی ئاغای فەرهادی ئەعزەمی، وەرەو تەماشاکە. کوردە یاری بەملوانکەکەی ملی دەکر، کەوتە بیری دایک و باوکییەوە؛ بەتایبەت سوێندانەکەی: "ڕۆڵە تۆ بەرەو نێو غەریبان دەڕۆیت، دەڕۆیتە نێو خەڵک و کۆمەڵێک تەنها خوا پشتیوانتە".

فەرهاد نەختێک لە زوڵفی کوردەی گرت و بەنیشانەی پچڕانی بیرکردنەوەی:

– ها چییە نیگەرانی؟

- بڵـــێم نیگەران نیم، هەم. وڵات بەجێ هێـــڵان و بەرەو دیار و سەرنویشتی نادیار ڕۆیشتن بەدەم ئاسانە. خوا بکا ئاخرم خێر بێت.

- لەگـەڵتم. تەک و ئاسـان زۆر زەحـمـەت و دژواریشـە بەڵام دەبێ ئەوەی بزانین ڕێگای "ڕۆمـا" لە وێنەوەیە. لەیراشـەوە دەبێ یەکـەمین هەنگاوی بۆ بنەین.

- هەر من و تۆین؟

- نا "کۆرش"مانیش لەگەڵە.

- نازانم بۆ حەز لە چارەی ئەو برادەرەت ناکەم.

- ئەوە لەگـەڵما هاتووەتە ئەمـدیودا. پێکەوە سـەرباز بووین، زۆر زەحمەتی بۆ کێشاوم.

- خـۆ هـیـچم لێ نەدیوە. ڕەنگە هەسـتـەکـەشم لە جـێگەی خـۆیدا نەبێت...

درا لە دەرگـا فـەرهاد ڕۆیشـتـە دەرەوە. لەبەر دەرگـادا "عـومـەر" ڕاوەستابوو. دەستی گرت و کێشایە ماڵەوە. دووکەسی لەنێو چیمەنی حەوشیدا کەوتنە هات و چۆ.

- کاک "عـومـەر"! من وا دەڕۆمـەوە بۆ ئێـران. ئەمـە ئەوە ناگـەیەنێت پێوەندی نێوانمان دەپچڕێت یا سست و خاو دەبێتەوە. بەپێچەوانەوە تەواوی ئومێدو باوەڕم لەسـەر تۆ و هاوڕێکانتە. کوشتنی ئەو هەشت نۆ کەسە بۆ خۆی بەڵگەیەکی دیاری و گرنگە بەلای دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ پیاوەتی و لێهاتووییت و هەروەها ئازایەتیشت. لەوەی دڵنیام کاری گرنگتر و گەورەترت پێ دەسپێرین با بگەمە ئەوێ دەعوەت نامەت بۆ دەنێرم تا برادەرانی ئیـتـیلاعـات ڕاسـتـەوخـۆ بتناسن. هەر وەخت کـەسـێکم نارده لات و وتی من لەلای فـەرهادەوە هاتووم ئەمـەش

ناوونیشانیەتی "کێ دەڵێت بەگوڵێک بەهار نایێت" تۆیش وەڵامی دەدەیتەوە: "بەهاری ئێمە پڕ لە گوڵە" ئەوەیش وەڵامت دەداتەوە:

– "شەوبۆشی تیایە" باوەڕی پێ بکەو سەری پێ بسپێرە.

– لێم گەڕێ با بینووسم.

– بینووسە قەینا، بەڵام دوایی بیدڕە، یانی کە چەسپا لەبیرتا.

– بەم شێوەیە بەم زووانە ئۆغر دەکەی؟

– زۆر ناخایەنێت، ئەم حەفتە بێتەوە.

کوردە لەپشتی پەردە دادڕاوەکەوە دەینوارییە هاتوچۆی فەرهاد و عومەردا.

دوو سەد کەسێک کۆبووبوونەوە. دەنگی نارەزایەتی و هاوار دەبیسرا. ئۆردوگای ئاوارەکان شڵەقابوو، هەواڵ گەیشتە دایەرەی "موخابەرات" ئەبو مازن بەخۆی و یاساوڵەکانیەوە گەیشتە بەرەوە. خەڵکەکە هەر لە جۆش و خرۆشدا بوون. یاساوڵەکان دایان لە میلی تفەنگ، یەکێک لە نارازییەکان هاتە پێشەوە یەخەی کردەوەو بەقیرەوە:

– دەی خۆ بمانکوژن باشترە، مەرگ سوورە... رەشە... رۆژی سەد جاران دەمرین و زیندوو دەبینەوە. فەرموو دەی بمانکوژن.

ئەبو مازن ئاماژەی بۆ کابرا کرد تا بێتە پێشەوە. چەکدارەکانی دەوروبەری ئەبو مازن وەک گەماڵی خاوەن دیدە ئامادەی پەلامارو بەرێوەبردنی فەرمان، چاو دەرپۆقیو عەرەق کردوو پەنجە لەسەر پەلەپیتکە... ئەبو مازن روو بەکابرا:

– جگە لە کوشتنتان، گرفتارییە سەرەکییەکانتان باس کە تا بزانم چیتان دەوێ؟

– چیمان دەوێ؟ جا هیچمان هەیە. تا نەمانەوێ. ئێمە لەترسی بیگرەو بەردەی پاسداران و بەسیج و چوزانم سیخوڕی ئیتیلاعات ولاتمان بەجێهێلاو ئەوی بوومان بردیان و تەنها خۆمان و منداڵمان بۆ دەرچووەو گەیشتووینەتە ئەیرا. ئەوە بۆ ساڵێک دەروا ئەوی هەمان بێت هیچە، ئەوی بۆمانیان کردبێت هیچە. نە دەرمانێک، نە تیمارێک نە دکتۆرێک نە ئاوێک نە نانێک. بچووکترین و کەمترین دەستی

یارمـــەتیـــمـــان بۆ درێژ نەکـــراوە. خـــۆ باسی کـــارەباو ئاو و نیـــازە سەرەتایەکانمان ناکەین. ئێمە وەک پەنابەر خۆمان گەیاندوەتە ئەیرا لەتەواوی دونیادا پەنابەر مافی هەیە، حورمەت دەگیرێت، ئێمەتان پێ بەخێو ناکرێت وەدەرمان نێن بگەڕێینەوە بۆ ژێر دەستی زوڵم و زۆری وڵاتی خۆمان و لەوێڕا بمانکوژن، لەم وەزعەمان باشترە؛ یا لێمان گەڕێن تا پێوەندی بەڕێکخراوە ئینسانییەکانی دونیاوە بکەین تا بێنە هانامانەوەو دەستی یارمەتیمان بۆ درێژکەن. ڕۆژ نییە یەک و دووانمان لێ نەمرێت. ئەگەر دەوڵەت بەوردی نەکەوێتە بیری دەردەسەری ئێمەوە با سنوورمان بۆ بەڕەڵا کەن تا بگەڕێینەوە. لەیرا بەکۆمەڵ دەمرین و لەویەش دانە دانە دەمانکوژن. بەم شێوەیە سەرئەنجاممان لەهەردوولا مەرگە؛ یانی تاوانی کورد بوون وەک ڕەگ ڕەگەزو نەژاد ئەوەندە قورس و گرانە؟

ئەبو مازن قسەی بەکابرا بڕی:

– فڵتە فڵت! دەرسی ئەخلاقمان دەدەیتێ؟ نەوبەرت هێناوە؟ یا نامەی قوربان و سەدەقەمان ناردووەتە خزمەتت فەرموو ئەوە تۆو ئەوەش سنوور. ڕاکێشەو بۆی دەرچۆ بگەڕێرەوە. ئەوە ئەوەیان. ئێمە لە شەڕداین، سەدان گرفتاریمان هەیە. هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت. ڕۆژی هەزاران خەڵک لە شەڕدا دەکوژرێت: بۆ شوکری خوا ناکەن لە ئاوا ڕۆژگارێکدا سەیرکەری ئاگر و باروتن و لەناویدا نین. چییە ئاغا کارەبای نییەو دوکتۆر و دەرمانی پێ ناگات، ئێمە هەر ئەوەندەمان پێ دەکرێت و جارێک ئەو ماوەو مەودایەشە نادەینە هیچ کەس لە نێو وڵاتی ئێمەدا پێوەندی لەگەڵ بیانیدا بگرێت؛ ئەوی بیکا سزای دەدەین. یەکێکی دی ویستی قسە بکا. ئەوی بندەستی پێوەژەند:

– ئاسنی سارد کوتانە دوان. بەلای ئەمانەوە ڕاستە ئێمە

پەنابەرین، بەڵام نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت کوردین و تازە کوردی ئێــرانیش. هـەر فــەرهادە کــە چاکی کــرد و وەک بسکی بانان بۆی دەرچوو و گەڕایەوە، منیش وادەکەم.

– ئێـمـە یەک دوو مـانگێک لەیرا دەبین و دەگـوێزینەوە تاران. لەوێڕا دەست بە بەرنامەڕێژی بەرەو ئەوروپا چوونمان دەکەین. تاران تارانەو ئەیرا شـارستـان. جێگەمـان سەخڵەتە؟ ئا. هەرچۆنێک بێت ئەم یەک دوو مانگە دەگوزەرێنین، وانا؟

کوردە بێ دەنگ سەری بۆ لەرزاندەوە.

ژوور هەمـــان ژوور بـوو. تازە شـــڕو وڕترو داخـــورمـــاوتر. بۆڕەی شەهباز لە خوارەوە دیوارو بنمێچی لەرزانەوە.

کـوردە نواڕینەکـەی پڕ بـوو لە پرسـیـار. فـەرهاد بەنیـشـانەی وەڵام شانێکی بۆ هەڵتەکاندو دوو لە پێشی شۆڕ ئاواڵەکردو وەک بڵێت: چی بکەم، ئەمەیە. ئیتر ڕانەوەستاو بەدەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– کارم هەیە دەڕۆم.

– کەواتە ئەمـەیە، ئا. ئەمـە خـانووبەرەی مـیراتی ئـاغـای "ئەعزەمی" گەورەی شەهیدە. بۆڕە بۆڕی شەهبازو ئەی خوا چی بکەمی سەبری خـوارو سـەری پڕ کـردبوو. فـەرهاد لە مـاڵ وەدەرچووبوو، کـوردە لە ژوورێکی شڕۆڵی سێ بەچواری پەنجەرەی ئاسن و بێ پەردە و پەردەی شـووشـە شکاو... پارچەیەک کارتۆنیان لە جوێی شـووشـە شکاوەکەدا چەسـپـاندبوو. هەتاو بێ پرس و جـۆ خـۆی کـوتابووە ناویـەوە. تەنهـا قـەرەوێڵـەیەکی شـەق و شـڕی پڕ لە جـیکە جـیک. کـوردە بەناچاری جێگەی لە زەویدا ڕاخستبوو.

فەرهاد خۆی دابووە لای ئامۆژگاری دکتۆرەوە کە جارێک لە کاروباری ناو جێگەوە دوورکەوێتەوە باشترە. ئەو هاتبووە سەر هەوارگەو ئاشەکۆنی جارانی. چەند مانگێک لەمەوبەر "ئسی" هاولفەکەی، بەچەقۆی چەقۆکێشێکی سەرخۆشی نێو شار بریندار و سەرئەنجام کوژرابوو. یەکێک لە نەوچەکانی عەباس تیغی دوای کوژرانی ڕەحمان ملکی و گرتنی عەباس بووبووە ئاغاو دەم چەرمووی لات و چەقۆکێشەکانی نێو شاری کرماشان. واشی کردبووە باو گوایە ئەو بەرنامەی داڕشتنی کوشتنی ڕەحمانی داناوەو دەستی کوڕەکەی ئەوکەی خستووەتە سەر ڕەحمان و تۆڵەی عەباس و باوکی لێ کردووەتەوە.

کوردە تووشی سەرەگێژەو سەرسامی هاتبوو. لەهەمان کاتدا نەیدەویست بیسەلمێنێت کەوتووەتە نێو هەڵدێرگایەکی هەزار بەهەزارەوەو بەخۆی ڕادەگەیاند لە فەرهاد گەڕێ، هەژارە هاتووەتە سەر بۆیسانی شار و دراو. ئەوەسا لە تەقالادایە بۆ جم و جۆر کردنی کاروباری. هەمووی دووسێ مانگێکەو دەیگوزەرێنین. خۆمان دەگەیەنینە ئەوروپا. سەبری دای لە دەرگا:

– هیچت پێ پێویست نییە؟ حەز لە چی دەکەی بۆت لێنەم؟

درا لە دەرگا سەبری بەپلەکاندا ڕۆیشتە خوارەوە، لە پشتی دەرگاوە شرین و همایۆن ڕاوەستابوون. چوار مانگ دەبوو شرینی نەدیبوو، نەشیدەتوانی لەبەر گرفتاری و تەڕو وشک کردنی شەهباز تاوێک ماڵ بەجێ بهێڵێت تا بگاتە ئەوەی خۆی بگەیەنێتە شاری تاران. کە ئاوڕی لە شرین دایەوە بۆی دەرکەوت باردارەو سکی هەر نەبێت سێ مانگانە. بەپەرۆشەوە باوەشی پیاکردو همایۆن دەستی ماچ کرد:

– ئەی بەقوربانت بم... کوڕە خەریک دەبوو سوێم بێتەوە... شەهبازیش دوای دایکیدا هاتبووە حەوشێوە... شرین گوپە گۆشتنیەکانی شەهبازی گرت:

– زلە چۆنی...؟ ئەو ئەوسایش هەر وا بانگی دەکرد...

دایکی ماندووانە:

– ئیتر پێمەوە نەماوە بەجارێک ماندووی کردووم.

شرین بەدەم ڕۆسەری لابردنەوە:

– دایە ئەم بەزمە تازە نییە... لەوە گەڕێ... بووکەکەمان چۆنە...؟

– ئەوەسا لەو سەرەوەیە...

– فەرهادیش لە سەرەوەیە...؟

– نا ڕۆیشتوەتە دەرەوە...

– بڕۆم بۆ لای بۆ سەرەوە... یا دێتە خوارێ...؟

– سەرۆ پەرپووتە... بێتە خوارەوە چاکترە... ئێستا خەوەری دەدەمێ...!!!

– هەژارە... تازە بووکەو لەو ژوورەدا دەژی...؟

سەبری لە ژوور وەدەرچوو... شەهباز گوێرەکە ئاسا بەدوایدا... شرین سەرێکی سووڕدا و لەبەرخۆیەوە وتی:

– فەرهاد و ژن...؟

– منیش هەروا تێ دەفکریەم...

– دایکم دەیوت کچی بنەماڵەیەکی یەکجار ناسراو و دەوڵەمەندە... لە ڕووی عشقەوە شووی بەفەرهاد کردووە... ناسکەم عشق...!!

– عشق چەندە جوان و پڕ لە زەرافەتە بەو ئەندازەشە نەشیاو و پڕ

لە نەفرەتە. دیارە فەرهاد بەدەستی پڕەوە هاتووەتەوە. ژنی دەوڵەمەند و بێ شک جوانیشەو سەرەڕای ئەوانەش بەخشینی دەوڵەت. وەک دەزانی ئەمانەی ئەیرا لە خۆڕا کەس نابەخشن، دەیبەخشن؟

کوردە چەند شتێکی دەربارەی شرین و همایۆن لە فەرهاد بیستبوو. بەهیچ جۆرێک نەچووبووە لای باسی شەهبازەوە. هاتە خوارەوە دوای سەلاّو و ئاشنا بوون، هیچ جۆرە باسێکی دوولای نێوانی و تێکەلاّوی نەدەدی تا لێی بدوێ. شرین ڕشتەی قسەو باسی گرتبووە دەستەوە دەکۆشا کوردە لەو تەنگەبەرەیە وەدەربهێنێت.

– ئومێدەوارم ئەم ماوەیەت خراو لێت نەگوزەرابێت.

– هەر چۆنێک بێت دەگوزەرێت. ئەوی ئاشوفتەو ئاڵۆزی کردووم ڕووسەری و ئەم خۆداپۆشینەیە. خۆم بەیاپراخ دەزانم وا بەناچاری خۆم پێچاوەتەوە.

– زۆر بیری لێ مەکەوە... سەرەتا خەڵکی هەر وەک تۆ تێ دەفکرا. دەبینی پێوە ڕاهاتوون، فێری دەبیت.

– پێم وا نییە، هێندەی لێ نامێنمەوە تا دووچاری فێربوونی بم. وامان نیازە دوای ڕووبەرابوونی کاروباری فەرهاد بەرەو ئەورووپا وەڕێ کەوین. بەرنامەمان وا داڕشتووە.

شرین و همایۆن ئاوڕێکی سەرسامانەیان لەیەک دایەوە.

تەقینەوەیەکی گەورە هاتە گوێ، شووشەو دەرگاو دیوار لەزرینەوە. هەمووان ڕاچەڵەکین. همایۆن یەک دووجار لەسەر یەکە وتی:

– موشەک بوو؛ ئا. موشەک بوو.

ئێمـه لەم هەفـتـەیەدا بەرەو تاران دەڕۆین. خـانووی کـوڕێکـی هاوڕێم بەکرێ گرتووە، لەوێ بەدڵی خۆمان ناوماڵەش دەکڕین.

– ناوماڵە؟ مەگەر ئەوەندە دەمێنینەوە؟

– کوردە ئەمە ئێرانە، کاروبار بەدرەنگ دەڕوێت. کاتێک کارمەندێکی دەوڵەت دەڵێت... سبـەی یانی بیست ڕۆژی دی. هـەرچەنێک بمێنینەوە خۆ لەسەر زەوی نانووین، دەنووین.

– یانی پێت وایە...

– لەوێشـــە هەر وام پێت وتبـوو کـە مـانەوەمـان لێـرە لە دوو مـانگ کـەمتـر نابێت. کـار هەروا دەڕوا . خـەڵک و دەوڵەت پلکانەتە شـەڕەوە، ڕۆژی هەزاران دەکوژرێن، دونیا خوێنە خوێن.

– ئەمانە بەجێی خۆی... من نەهاتووم نیشتەجێی ئێران بم، واشمان بڕیار بووە. ئومێدەوارم گۆڕانکاری تیادا نەکرێت.

– هیـچ گـۆڕانێـک لە کـاردا نیـیـە کـاروبـاری پەسـاپـۆرت و دروست کـردنی ڤـیـزە خـۆ لە چوارڕیانـی حـەسـەنـەئابادا دروست نابێت. هەر لەوێڕا ئەو کارانـەی ئەنجام دەدرێ، بمانەوێو نەمانـەوێ... تاران جارێک هەوارگەمانە.

– ئەگەر لەبەر کـارخانەو کاروباری تۆ نەبوایە لە ئێراقـەوە بەئاسانی دەمـانـتـوانی سـواری تـەیارە بایناو بڕۆیشـتـینا . تۆ لای برادەرانی

موخابەرات دەستت باش دەچوو.

– ڕاست دەکەی، دەمتوانی. هەمانەو نیمانە و ئەو پوول و پارەی تۆیەیە. لەوێرا بڕۆیشتینا، ئێرانم لێ دەبووە خەو و نەمدەتوانی بگەڕێمەوە. دەی هەر هەمووی دوو سێ مانگێکەو دەگوزەرێت. ئەوەندە لەیەکی مەدەیەوە نیگەرانییەکەت لە خۆڕایەو بێ خودە. لەگەڵ شرینی خوشکمدا ئاشنا بوویت؟

– کچێکی فرە باشم هاتە چاو. مێردەکەشی ئاداب دان و خوێندەوار دەردەکەوێ؟ ئەوی لە دڵما ماوەتەوە بەهیچ جۆرێک باسی "شەهباز"ی براتم لێ نەبیستبوو.

– باسی چی "شەهباز"م کردبا؟ کۆمەڵە گۆشتێکی نەکوڵاو و نەشیاوە لە خۆڕا زیندووە. کاتێک باوکیشم مابوو پێشنیازم کرد بیخەینە شێتخانەوە، دایکم ئەلەم شەنگەیەکی نایەوە نەبێتەوە نایبینی ساتێک لە دایکم دوور ناکەوێتەوە، دەڵێی بەچکە مەیموونە. نەمزانی شرین و مێردەکەی لە تارانا بەچییەوە خەریکن؟

ـ ئەوەندە دەزانم کارمەندن. لە کوێ؟ نازانم. هەردووکیان بەلای دەوڵەتەوە نابابن و ناسراو. دووکەسە ساڵێک بەتۆمەتی چەپگەرایی و سیاسەتەوە لە زیندانا بوون، زۆر نییە ئازاد کراون.

شەهباز بە لەشە کەتەکەیەوە لەبەر دەرگادا ڕاوەستا. شرین و همایۆن بەبەیانییەوە ڕۆیشتبوونە دەرەوە.

فەرهاد هەستاو گوێی گرت و بەزۆر سەری چەمانەوەو بەتەواوی توانایەوە یەکێکی تێهەڵدا. لەگەڵ بۆڕە بۆڕدا وەک کەنۆ داکەوتە زەوی. سەبری هەڵەپەڵە بەپلەکانەکەدا سەرکەوت. شەهباز یەشتا تەختی زەوی بوو. کوردە بەدەم گوناحەوە... گوناحەوە، ڕۆیشت و شانی گرت و

هەرچی ویستی بەرزی کاتەوە بۆی نەدەکرا. سەبری هاتە یارمەتی کوردەوە. فەرهاد لە ناوەڕاستی دەرگای ژوورەکەدا سەلیبەوار ڕاوەستابوو. دایکی ڕوو بەفەرهاد:

– خوا چۆن هەڵدەگرێ وای لێ دەکەی؟ بەلای خۆتەوە براتە؟

– خوا خۆشی ویستبا وای لێ نەدەکرد. بیبە خوارەوە کوێر بم و نەیبینم. قەت قەتی جانەوەری وا نە برام بووەو نە بە براشمی دەزانم.

بۆڕەو گریانی شەهبازو دایکی تێکەڵاو بووبوون. فەرهاد خۆی لەبەر کردبوو بەپلکانەکەدا ڕۆیشتە خوارەوەو لەماڵ وەدەرچوو..کوردە کپ و مات گەڕایەوە ژوورە شڕۆڵەکەی و دەست بەئەژنۆ لەسەر قەرەوێڵە جیکەجیک کەرەکەوە دانیشت و سەری شۆڕکردەوە سەر دوو ڕانیدا. لەبەر خۆیەوە:

– شێتخانەیە ها. چ وەزعێکە؟ کوردە تێی کەوتووی. هەرچی تێی دەفکرێم فەرهاد زۆر شتی لێم شاردووەتەوە، بۆ؟ لەبەرچی...؟ نازانم... هەروا دۆش دامابوو. لەپڕ شرین لە ناوەڕاستی دەرگادا لەسەرخۆ وتی:

– سەلام؟

– سەلام. فەرمووو. کوردە هەردوو لەپی کردەوە ڕوو بەدیوارو پەنجەرەی بێ پەردەی ژوورەکە:

– ئەمەیە ئیتر. شرین ڕووبەڕووی دانیشت و تاوێک هەردوولا بێدەنگ بوون ئینجا ڕوو بەکوردە:

– دیارە جارێک بەرنامەی منداڵ و گیروگرفتی منداڵتان لە بیردا نییە، یا؟

کوردە یەک دووجار سەری لەرزندانەوە ئارام وەڵامی دایەوە:

- یەشـتـا لەو بـاوەڕەدا نیم. هەر نەبێت بگەینە هەوارگـەی خـۆمـان، ئەو دەم. لەوانەش گوزەشتە فەرهـاد نەختێک ناسـاخە.

- ناساخە؟ چییەتی...؟

- شتێکی وا نییە، وەختی دەوێ.

ئەمجارەیان، شرین یەک دوو جار سەری لەرزانەوەو وتی:

- کـوردە خـانم! بیـر لـەوە نەکـەیتـەوە لەم وڵاتـەدا تـەنهـاو بێکەسی. بەندە دانێ بەخـوشکێکی دڵسـۆز و بچووکی خـۆت. نەک هـەر من بەڵکو "همـایـۆن"یش هـەروەک من تێ دەفکرێ. وا ئێـوەش بـەرەو تاران دێن و ئێـمـەش لەویەین. "همـایۆن" لە خـوارە، هەسـتـە با بڕۆینە خـوارەوە... ئەوی ڕاســتـی بێت ئێــمـــە لە تـارانەوە بۆ دیتنـی تۆ هـاتـووین. دایکم گەلێک تاریفتی کردووە. من ئەو تاریفە بەکەم دەزانم.

- سوپاست دەکەم.

لەم یەک دوو ساڵەدا ئەم وڵاتە سەروژێر بووە، هەموو شت گۆڕاوە، هەر دەڵێی ئەو خەڵکە نین.

– خەڵک هەمانە. ئەوی دەبینی کارو کردەوەی زەمانە زەمان؛ زەمانی شەڕ و کوشتن و بڕین.

– لە ئێراق بەگوێمت کرد زەرەرت نەکرد، کردت؟

– نەمکرد، بەڵام خۆمانین ئەوانەی من کوشتیانم ئەگەر بۆ خودی ئبلیسم کردبا سێ ئەوەندەی پێ دەدام.

– لە شینەییدا ئا، نەک لە سەردەمی شەڕدا، هەرزانترین شت ڕۆحی مرۆڤە. "عومەرەکە" ئەوەندە کەمی وەردەگرت وەک بەخۆڕایی بێت وابوو. من لەبەر تۆ عومەر و تاقمەکەیم خستە نێو کارەوە تا لە کێشەوە دوورت خەمەوە. فەرهاد نازدارانە بەدوو پەنجە گوپی کۆرشی گرت:

– هەتیو! بەرگەی لەدەست دانتم نەدەگرت، تۆ چی؟

– نابینی وەک سەگی ڕاو بەدواتەوەم و تا دەشمێنم دەست لە دوات هەڵناگرم. خووم پێوە گرتوە و ئۆقرەی دووریت ناگرم، قەینا جارجارێک "چی"شی دەکەم.

– کارێکی پڕ لە نان و نەوام دەست پێکردووە، بەڵام بێ دەردەسەر نییە تا بڵێی پڕ لە پوول و پارەیە. بە سێ شت دەکرێت: یەک پوول دوو

بەرنامە ڕێژی، سێ ئازایی؛ هەرسێکەمان هەیە. دەڵێم ئێمە، یانی من و تۆ، پووڵ و پارەو بەرنامەڕێژی لە من و ئازایی و کار لێهاتنیش تۆ. تیادا تاقی کراوەی... لەگەڵ دەستەو دایەرەی ئەیرادا چوومە نێو باسەوە برێکیانم دەناسی و کۆنە هاوڕێم بوون. کۆنە هوکارەی هیرۆیین کێشانی ئەو سەردەمانەی یەکتربووین. ئێستا بەمامەڵەی "هیرۆیین"ەوە خەریکن. یەکێکیان بووە بەبازرگانی نێودەوڵەتی...

فەرهاد لەپڕ شێوەی وتووێژی گۆڕی و کردییە لەهجەی کرماشانی:

– ئیشم...

– مەیش، ئەڕا وسیایتە؟

– نەوسیامە؛ دەست وە پیکردمە. ناووناونیشان چەند کەسی وەتاران دایسەنە پیم وەویەو دەست وەکار ئەوم. وەقەول ئەو ڕەفیقە بەعید نییە بچمە ڕا ئەفغانستان، ئەڕا مامەڵە. کۆرش چەپڵەیەکی لێداو وتی:

– تەواوە. وەلی با بام وەلتا؛ ئیشن قاچاخچیەل ئەفغانی فرە لامەسەو و ناقولان.

– نا فیعلەن یەکار تری وەپیت دیرم. کۆرش پەنجەی دەستی تەقاندو:

– بیش دەی...

– توام شەهباز برام ئەڕام نفلەکەی. وەلی نە وە مالا، بوەرەی دەشتەو.

– وەنەزەرم کار سادەیی نەوت. یە وەدەم ئاسانە.

– تا بیشی سادەسە. فەرهاد لە گیرفانی دوو کلیلی دەرکردو ڕای وەشاند:

– ئەی دوو کلیلە هی دەر حەوش و ماڵە. دەر کەیتەو شانی بگرە وەک کاوڕ کەفیتە نوات. بوەرەی وەودەشت و دەرە چاڵی بکەنەو بخەرەی تێو تەواو....

– یەوەخت توات.

– زانم وەخت توات، وەی سەبەبە ئیمە شەوسو چیمنە تاران، تۆ وەیرا منیتەو تا کار تەواوکەیت. کۆرش دەستی بۆ کلیلەکان درێژکرد:

– وەخەوەر هات چە؟

– من کار تەمیز توام. خەوەر هات مەوەر هات یە جەواب ئادەم حیرفەیی چو تو نییە، هەیە؟

– نا نییە. فەقەت موشکیل من داڵکتەو بەس. توای ئەویش خەفە کەم...؟

– نە ئیتر. مەگە گوش نەیریت؟ فەقەت شەهباز. داڵکم هاوە ئوتاقی تر. موازب بە گاه گاهی سەر وە شەهباز دەدا لەوانە گوزەشتە بیلە کەس وەناو کوچە وەگەرد شەهباز نەوینەتان. سەروملت پیچەو ئەو کەفتە دوات.

– زانم چە بکەم. نەوتی وەل ژنەتا گەیشتینە کوێ.؟

– ئیرنگە دوو مانگ ئازگارە لنگم وە لنگی نەکەفیتە.

– بیلە ئەرای من. وەئەلی حالا ئاو ناو گەڵی دوو ڕانی تەڕ کردیە، نەکردیە؟

– فرە وەختە دەسی لە لی نەدایمە.

– بیلەڕا برات، خاس زانیت چە وەسەری تێرم. کەس نەزانت توو یەکی زانی، مەگە نا؟

– ئەشـهەدو دێوی... دێو... چمانە چولە پەریت...

– نەوەتـی کەی دەسمە خەیتە بانـی؟

– کـار شـەهـبـاز تـەواو کـەو بـارەو تـاران، ئەو وەخت بـەرنامــەڕیزی کەیمن. منکە نفرەت تەواو وە ژنیـەل دونیا دیرم؛ یەکەمـی سـەبر توات. ئاخر ئۆخر کارە. تا یەک ماه تر هیـچ کار تری وە کوردە نەیرم فەقەت یەک مـانگ تر. یە مـیـقدار تەڵامـەڵا دیرت بیلـە وەچنگی بارمـە دەر، ئەو وەخت لوخت مادەرزاد خەیمە بەر دەستت. ئەگەر مەردی تا توانـی...

– ئەی قەولەت مەرد مەردانەس؟

– تا وەحال وەلتا خەلاف کردمە؟

– نا، وەلی ئەی کارە درێژا کیشا.

– خەربازاری دەر نەیار. میوە نەڕەست کەفتە زەوی؟

– نا، وەلی تەوحـم فـرە چویە بان کـوردە، تـوامـەی. عـەجـەب کـەفـەڵی دیرت.

– نامـەرد کەم کەم توای حـەسودیم بـجووڵینیت و باریتـە بان وەیراو بەس دوایی پەشیمان ئەومەو.

– زانم لە من ترس نـەیریت هـەزار کـوردە وەتو عـەوەز نـیـەکـەم. وەلی ئەرا یە دەفئە بییە، بایەت ولیا بچم، نەچم؟

– با، بچـو. وەلی وەخــتـی من بیــشـم، وەئیــلا کـارو وەکـار تەرازت. پەرەندە وەقەفەس دەرچت و تویش هیـچ؛ ئیشـم هیـچ یانـی هیـچ هیـچ.

## ١٥٣

یاسـەمین وەک بەپای پەتی و بەسـەر شـووشـەی شکاودا بڕوا ئارام و لەسـەرخـۆ دەڕۆیشـتـە ڕێگەوە؛ شـادمـانی لە ڕوخسـاریدا بنی نابوەوە. کـاتێک ویسـتی لە چەپی شـەقـامی شـانزەلیـزەوە بـەپیـادە ڕەوەکـەدا بپەڕێتەوە، توندو سفت قۆڵی فەلامەرزی گرت و هەر بەو لەسەرخۆییيە پەڕینەوەو. چرای سووری هـاتوچۆی پیادە داگیرسا فـەلامـەرز هەروا لەسـەرخـۆ هـەنگاوی دەنا بەبازووی دەست و مـەچەکی یاسـەمـینی وشارد:

– ئەم بەزمە زۆر دەکێشیت یا ماوەیەکی زوو گوزەرە؟

– من ئامـۆژگـارییـەکـانی پزیشک مـوو بەمـوو ئەنجـام دەدەم، چەند دەخـایـەنێت نازانم؛ بـەڵام دەبێ زۆر هـوشـیـاری جـووڵانـەوەم بم تا تۆزەکێک گەورە دەبێت؛ یەشـتـا ترسی داکەوتنی مـاوە. تامـوڵ کـە زۆر ناخـایـەنێت تەنهـا نۆ مـانگی دیکەیە زدی ئینقـلابێک دێتـە دونیـاوە. لەوەی دڵنیـام شـتـێکی سـەیری لێ دەردەچێت. تێکەڵیـیـەک دەبێت لە ململان.

– بۆ پێت وایە؟

– بۆ نا... تـوخـمی تۆیەو هێلکـەی ئازیتـاو پزدان و خـوێنی من و نۆ مـانگ بارداری. بەلای جەمـهوری ئیسلامییـەوە ئێمـە هەرسێکەمـان بە زدی ئینقلاب دەژمێردرێین. ئەبێ "ئەو" چی لێ وەدەرچێت؟

یەشتا خۆر بەئاسمانەوە دەدرەوشایەوە. با پۆپەی درەختەکانی دوولای شەقامی دەشەکانەوە... برێک بەپەلە دەهاتن و دەچوون، زۆریش ئارام و لەسەرخۆ کاتیان دەبردەسەر. یاسەمین بەسەر ئاماژەی بۆ کافە ڕستورانێک کردو وتی:

– با لەوێڕا قاوەیەکی لێ بخۆینەوە. نەرم نەرم فەلامەرزی پەلەکێش کرد و لە قۆلێکەوە لێی دانیشتن. قاوەخانەی فوکیە جمەی دەهات لە دانیشتواندا. فەلامەرز ڕوو بەشەقام شان بەشانی یاسەمین دانیشتبوو دەینواڕییە هاتوچۆکەراندا. سەدان بیرەوەری لە ئاوەزیدا دەیان دا لەیەک. یەکێک ئارام بەپەنجەیەک دووجار دای بەسەر شانیدا لای کردە لاوە، بۆ ساتێک نەیناسییەوە لەپڕ هەستاو پڕ بەدەم:

– لیلی سەلام.

– سەلام و هەزار سەلام. ڕاستە دەڵێن کەژ و کێو ناگەنە یەک مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤدا دەگەنە یەک. یاسەمین هەروا دانیشتبوو. لیلی ڕووی بەلای فەلامەرزەوەو بەپەنجەیەکی ئاماژەی بۆ یاسەمین کردو وتی:

– ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم ئەمە یاسەمین خانمە، نا؟

– خودی خۆیەتی.

یاسەمین هەستایە سەر پاو لیلی دەستی بۆ درێژ کرد و پێکەوە تەوقەیان کرد و بۆ ماوەیەک یەکدییان بەرئاوردو هەڵسەنگاند. فەلامەرز سەندەلییەکی کێشایە لاوەو "لیلی" لێی دانیشت. سێ کەسی کەوتنە بیرەوە، هەر یەکە بەلایەکدا دەیبرد و دەیهێنایەوە.

سەرئەنجام لیلی هاتە قسە:

– باوڕەم پێ بکەن هەزاران جا بیر و خەیاڵم بەم دانیشتنەوە کردووە. دیارە پەروەردگار منی خۆش دەوێ، ئاواتەکەمی هێنایە دی.

تازە خۆشییەکەی چەندین بەرانبەرە؛ لە نزیکەوە بەخزمەتی یاسەمین خانمیش گەیشتم. ئەمە بۆ خۆی دونیایەک خۆشبەختییە. زۆر جاران بیرم لێت کردبوویەوەو شاکامیم پێ دەبردی.

یاسەمین بزە لەسەر زاری نەدەکەوت بە ڕووخۆشییەوە:

– ڕاستت بوێت ئەمنیش بەم ڕێکەوتەی شادمانم. ڕاستە ئێمە لە دوو سەنگەری جیاو لە دوو دونیای جیاوازدا ژیاوین، بەڵام پێوەندێکی گەورەو بتەو لە نێوانماندا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە. ڕۆژانە لەگەڵ دووریشدا پێکەوە ژیاوین، هەمانبووە بەتاڵی و شرینییەوە. هەر نەبێت من وای تێ دەفکریەم.

فەلامەرز هەروا بێ دەنگ و ئارام وردە وردە مژی لە قاوەکەی بەر دەستی دەدا.

– ماوەیەک لەمەوبەر بەفەلامەرزم وت ڕەنگە "لیلی" خانم لەم شارەدا بێت بۆ بەدوایدا ناگەڕێیت و نایدۆزیتەوە. وەک فەلامەرز دەڵێت دووبارە ژیانی خۆی پێت قەرزارە. ئەمنیش هەروا تێدەفکریەم بەهەر حاڵ چ بمانەوێ و چ نا یەک خێزان و یەک فامیلین و ئەمجارەیان پێکەوە دەربەدەری زۆرو زەونی جەمهوری ئیسلامیین. فەلامەرز وەک قوتابی سەرەتایی لە نێوان لیلی و یاسەمین پەنجەی بەرز کردەوە:

– دەتوانم قسە بکەم.؟

لیلی و یاسەمین بەپێکەنینەوە وەڵامیان دایەوە.

– دونیا زۆر بچووکەو تازە ڕێکەوت و سووڕانەکەشی پڕە لە کەنین و گریان. ئەوەسا وەک دەستەخوشک لیلی و یاسەمین بەسەر مێزێکەوە دەبینم. بۆ خۆتان ئێوە پێتان سەیر نییە؟

تا ئەو دەمە یاسەمین چاوێلکەکەی هەر لەچاودا بوو. دەری هێناو

لەسەر مێزەکە داینا. لیلی سەرسامانە تێی نواڕی، نواڕینەکەی سرنجی یاسەمینی ڕاکێشا بۆیە لەسەرخۆی وتی:

- باشم سەیرکە. تەنها یەک چاوم بۆ ماوەتەوە، گوللەی برادەرانی ساواک وەدەری هێناوە. پێم وایە زۆربەی میللەتی ئێران ئاگاداری بەسەرهاتی منن، وردەکاری تراژیدیای زیندەگیم دەزانن. وا لەم دوا دوایەدا وەک دەبینی لەگەڵ فەلامەرزدا یەکدیمان گرتەوەو وا پێکەوە دەژین. باوەڕ بکە ئەگەر دەتەوێ لام خۆشە بێی لەگەڵمانا بژیت. وەک دەزانی ئیدی هیچ نیازێکی زانیاریمان پێت نەماوە، جگە لەوەی نیازمان بەلاواندنەوە و هاودەردییەکە؛ بەتایبەت لەم غەریبستانەدا ڕۆژگارمان سەخت و دژوار لێ دەگوزەرێ. هەر نەبێت من وای بۆ دەچم.

لیلی دەستماڵ کاغەزیەکی لە بەستەی سەر مێزەکە دەرکرد و چاوی سڕی. فرمێسکی بەرەڵا بووبوو خۆی پێڕانەدەگیرا. یاسەمین دڵسۆزانە دەستی گرت و تکای لێ دەکرد کە نەگری. پچڕ پچڕ وەڵامی دایەوە:

- بەدەستی خۆم نییە، خۆمم پێ ڕاناگیرێت. شەوگارێکی یەکجار زۆری تەنهاییم بەسەر بردووە لەگەڵ بیرەوەرییەکانما. ئەگەر بڵێم سات نییە شێوەو ڕوخساوی فەلامەرزم لەبەرچاو نەبێت، باوەڕم پێبکەن. ئەوی پیاوی دونیا هەیە بەلامەوە نرخ و بایی توێکڵە پیازێکی نییە. ڕاستە وتراوە "عشقی پیری گەر بجووڵێ سەرئەنجامی ڕسواییە" من تەڕی، تەڕم تازە لە باران ناترسم.

فەلامەرز میهرەبانانە هەردوو دەستی لیلی گرت و لەسەرخۆ:

- بیر لە پێشنیازەکەی "یاسی" کەرەوە. ڕۆژگارێکە دەکرێ پێکەوە بیبەینە سەر.

– نه فەلامەرز، نه. ئەوە لەمن تێپەڕیوە. من بەئازارەکانمەوە جوانم و تازە بۆم گەیشتووەتە پلەو پایەی ڕوح زاخاودان و سازندەگی و لەزەت بەخشی. ئەوی تەمەناو ئارەزوومە... جار جار لەگەڵ یاسەمین خانمدا سەرم لێ دەن. بەوەی شاد دەبم، ئەوەم بەسە. یاسەمین لەسەرخۆ دەستی وشارد:

– بەڵێنت دەدەمێ من و فەلامەرز و... ئەویش سەرت لێدەین و جارەو بار بگەینە خزمەتت.

لیلی ڕوومەتی یاسەمینی ماچ کرد. یاسی بەپێکەنینەوە: ئەی فەلامەرز چی؟

– ئەویش ماچ دەکەم، نەک دەم بەڵکو ڕوخسار. بەڵام لە وشەی "ئەو" تێ نەگەیشتم؟

– وەک دەزانی قەتار لە ئیزگەی ئێمە... یانی من تێپەڕیوە... بەزم و بەرنامەیەکی سەیرمان پێک هێناوە. خۆشبەختانە سەری گرت و تا بەئێستا ئاسایی دەڕوا . لەژێر چاودێری پزیشکدا بەشێوەو سیستەمی باروەری نێو لووله ئیدی وا باردارم و دەبینە خاوەنی منداڵ.

– پیرۆزباییتان لێ دەکەم. چاوەڕوانی دیتنیم. ڕوو بەفەلامەرز نیشانەکەم هەمانە. هەمان ئەپارتمان، هەمان ژمارەی تەلیفۆن...

پێم سـەیرە، ئەم پیـاوە بەهـەزار نـاوونیـشـان دەیەوێ لە من دوورکـەوێتـەوە؛ هەڵەیەک لە کـاردایە. لەم چوار مـانگەدا چوار جـار بەیەکـەوە نوسـتـووین و بـەس. چەندی بەچەندە؟ کـوردە لە کـوێنەی کـاری...؟ ئەمـە ڕەسم و ڕەواڵـی خـۆشـەویسـتی و ژن و مـێـردی نیـیـە خـەریکی دەبیـتـە کـاوڕ. هۆشێ کـەرەوە، هەرچی دەیبـەم و دەیهـێنم فەرهاد ڕاستم لەگەڵا ناکا. کوردە هەستاو تەلەفزیۆنەکەی کوژاندەوە ئاوڕی لە سەعاتی سەر مەچەکی داو لە دووی بەیانی تێپەڕی کردبوو فەرهاد یەشتا نەهاتبوویەوە: دوێ شەو وای وت، ئەمشەو چی دەڵێت؟ سـارە شـەو چی پێکەوە دەنێ؟ دەی کـوردە سـەرێکەو هێناوتە گەڕانەوەی ئاسان نییە. خۆم بەخۆمم کردووە. دڵۆپێک فرمێسک لە دوو چاوی چۆڕایە خـوارەوە. تاوێک ڕاوەسـتـاو بەئاڵۆزییـەوە چاوی سـڕی: وا گـریام؟ کێ دەمـلاوێنێـتـەوە؟ تا ئەیراو بەس. ئیـدی ئەمـەی دەیبینم زەبوونییە، خۆ خەڵەتانە، ئەوی بەلایدا نەڕوا عشقە و لێبوردن و سازگاری کەم و زۆری عشقە.

فـەرهـاد لارەلار سـەرخـۆش سـەروملی ئاڵۆز و ژاکـاو وەک لە نێـو ڕەشەبادا وەدەر هاتبێت، هاتەماڵەوە. کوردە یەشتا نەنوستبوو هەروا زاق زاق دەینواڕییـە زەبوونی و تیکەڵاوی و ئاڵۆزیی سـەرو جل و بەرگیدا.

– چییە دەڵێی لێیان داوی؟

– ئەوە دەڵێی بەخەبەری؟

– ئیدی تا سەحەر چاوەڕوانیم کردووەتە پیشە.

– جا کێ دەڵێت چاوەڕوان بیت؟

– وەڵا خۆ ڕاست دەکەی، چاوەڕوانی چی بم؟ کوردە ئاڵۆزانە دوو لەپی بەیەکدا هەسواند:

– چی بکەم؟ نەخۆشم نەخۆش. مەگەر شوورەیییە نەخۆشی؟

– نە، شوورەیی نییە. ئەم جۆرە ڕەفتارانە هەموو شەوێک بەم شێوەو وەزعە پەرپووتە گەڕانەوە شوورەیییە، نییە؟

فەرهاد لە تەنیشت کوردەوە دانیشت دەستی گرت و یەک دووجاران ماچی کرد:

– نیگەران مەبە. ڕاستە نەخۆشییەکەم درێژی کێشا چەند ڕۆژێکەو تەواو دەبێت، ها ئەوەندەی نەماوە؛ باوەڕم پێ بکە. فەرهاد پەنجەی خستە سەر دووچاوی: ئا لەم دووچاوانەم زۆرترم خۆش دەوێیت، لێم گەڕێ لەگەڵ برێک لە دەست ڕۆیشتووانی نێو ئەم شارەدا خەریکی کاروبارو بەرنامەڕێژیم. بگەینە ئەورووپایش خۆ بێ کارو کاسبی دانانیشین. لەیرە وا خەریکی بتەوکاری و کۆنکرێتی دوا ڕۆژی هەردووکمانم. وەعدیان داوە گوزەرنامەو ڤیزەمان بۆ دروست کەن، کاسبیمان لەگەڵا بکەن، دەستمان بگرن، ئەمانە هەمووی تەقالای دەوێ، کات و هەڵسان و دانیشتنی ئەملاو لای دەوێ، پوول و پارەی پێویستە.

– لە ئەملاولا کردن درێخت نەکردووە، ئەوەسا شەوانە بەرەبەیان دەگەڕێیتەوە. پارەشت هەیە، ئیدی چاوەڕوانی چیت؟

– چاوەڕوان نیم، وادەبینی خەریکم. دەڵێم ئەگەر ئەو ئاڵتوونانەی وا هەتە بیکەینە پارە، باشترە. خۆ ئێمە بەپێیان ناڕۆین بۆ ئەوروپا. لە فرۆکەخانەوەو لە خاڵی گومرک و چاودێرییەوە دەگوزەرێین. دەڵێن ئەوانەی لە وڵات دەڕۆنە دەرەوە ئەنگوسیلەی پەنجەشیان وەدەر دێنن، جا لە ئێستاوە بۆ نەیانفرۆشین. پارە هەر چۆنێک بێت دەتوانین بیشارینەوە، ئاسن و ئاڵتون بەکارەبا و ئەلکترۆنیات دەیدۆزنەوە.

– خۆ پارەمان جارێک پێ پێویست نییەو لەوەش دەچێت بەم زووانەش نەڕۆین. تۆ جارێک کاروباری کارخانەو میراتی باوکت ڕوبەراکە. کاری سەفەری ئێمە لەسەر ئەو میقدارە ئاڵتوونی منە ڕانەوەستاوە. وەستاوە؟

– نا، بەڵام کارەو دەبێ ئەنجام درێت و سەڵت و قوڵت لێی بوەستینەوە. ئەو پارەی هەمانە خستوومەتە نێو کارەوە، کاری باش و پڕ دەرئامەدو قازانج. یانی تا پارەکان زۆرتر لەناو کاردا بێت زۆرتر سوودمان پێ دەگا.

– لە کارو بارو پوول و پارە گەڕێ خەوم دێ، خەو.

دەنگی بانگی بەیان هاتە گوێ "ئەڵاهو ئەکبەر. کوردە ڕووی چەرخاندبووە دیوی پەنجەرەکەوە چاوی نەچووبووە خەو لەبیریا دووبارەی دەکردەوە "ئەڵاهو ئەکبەر... ئەڵاهو ئەکبەر" خوایە پەنام بەتۆ، پەنام بەگەورەییت. زۆری نەخایاند بەدەم دەڵهورەو نیگەرانییەوە خەوی لێکەوت. کە هەستا لەخەو، سەرینەکەی تەڕی فرمێسک بوو. هاتەوە بیری دایکی هاتبووە خەوی و دەستی بەسەرو زلفی دەهێناو نازی دەکێشا. فەرهاد چووبووە دەرەوە، بەسەر یەکێک لە کاناباکانەوە دۆش داماو سەر لەسەر ئەژنۆ دانیشت و ژمارەی تەلیفۆنی "شرین"ی

وەرگــرت. شــرین بەهۆی بارداریيـــەوە مــۆڵەتێکی چەند مــانگی لە دایەرەکەی وەرگرتبوو.

– دەتوانی سەرێکم لێ دەی؟

کوردە سەیرێکی کاتژمێری سەر مەچەکی کردو وتی:

– چاوەڕوانتم. کەوتە خـەیاڵـی ئەوەوە بەنووسـین خـۆی بلاوێنـێتـەوە هەرچی کۆشا هیچی پێنەکرا. ڕۆژنامـەکانی دوێنێی گرتە دەستـەوە بەشـەڕەشـەق مانشـێتـەکانـی پێ دەخوێنـرایەوە. کوورەی شـەڕ گـەرمی گەرم بوو؛ هێرشەکان دەکران و بەزۆرەملی دوولا دەکشانەوە. هەسـتا چووە لای قـاوە دروست کردنـەوە. درا لە دەرگاو شـرین هاتە مـاڵەوە، قاوەیان خواردەوە.

– نیگەران دەتبینم.

– ڕاسـتت بوێت ڕۆژ بەڕۆژ نیگەرانیم زۆرتر دەبێت. ڕەنگە ئەوی من تێ دەفکریەم وانەبێت، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ گـومـانەکـانم خـەریکن دەبنە باوەڕ.

– وەک چی و کام گومان؟

– نـازانم. ئەوی خـەریکم پێی دەگەم فەرهـاد ڕاسـتم لەگەڵا ناکـاو زۆر شـتم لێ دەشـارێتـەوە. وەک وتم ئێمـە دەمـانەوێ بـەرەو ئەوروپا بڕۆین. خۆ لە ئێـراقـیشـەوە دەمـانتـوانی بەئاسـانی بڕۆیشـتـینا. بەوەی ڕازی کردم کـارخانـەو ماڵ و ئەمـواڵی باوکی هـەیەو مامـەڵەکانی تەواو دەکـاو ئەودەم دەڕۆین.

– کارخانە؟

– کارخانەی سەنگ تاشین و بەردبڕین.

– ئیدی چی دی؟

– وەڵا بڵێم چی؟

– کوردە خانم! وەک وتم ئەمن دانیّ بەخوشکی بچووکی خۆت. یەکێک لە مەرجەکانی خوشکایەتی، ڕاستگۆییە. کارخانەیەک لە گۆڕدا نییە. کارخانەی باوکی ئێمە تەوشی و کوسرەکانی بوو و بەس. کە کوشتیان کارمان ڕاوەستاو تەواو. ماوەتەوە سەر سیّ چوار دوکانی ئەجارەیی و بەس، ئەویش خاوەنی خۆی هەیە.

– کوشتیان؟ مەگەر دەوڵەت ئیعدامی نەکردووە؟

– نەخەیر! باوکم کاتی خۆی هاوڕێیەکی خۆی کوشتبوو. کوڕەکەی کابرای کوژراو کە گەورە بوو لە تۆڵەی بابیدا کوشتییەوە.

– باشە مەگەر فەرهادیان لەسەر کوردایەتی لە زانکۆ وەدەر نەناوە؟

– خانم فەرهاد بەجرە جرِ دەبیرستانی تەواو کردووە، پای بەزانکۆ نەناوە.

کوردە ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوویەوە لێوی هاتبووە لەرزین:

– یانی من ئەوەندە خام و خرچ و کاڵم، ئەم هەموو درۆ و دەلەسەیەم بەسەردا تێپەڕیوە؟

– تۆ لە دونیای عشق و زەرافەتدا ژیاوی؛ گێلی و گەوجی پێناڵێن. براکەی من نابابەو نامەرد. مەگەر. مەگەر هەستت پیّ نەکردووە، خوو و خسڵەتیشی نامەردانەیە؟

– تا ڕادەیەک با؛ بەڵام کار لەکار گوزەشتووە، تازە دوچار بووم. تکایەکم لێت هەیە، بەڵێنم دەدەیتیّ ئەنجامی دەی؟

– وەک وتم بەخوشکی خۆتم دانیّ، باوەڕ بکە.

– ئەمانەتێکت لا دادەنێم، بۆم هەڵگرە. هەر کات ویستم بمدەیەوە.

– لەوەی دڵنیابە ئەگەر سەریشم تیاچووە ئەو ئەمانەتەت دەپارێزم.

کوردە لەژێر کەنابەکەوە کیسەیەکی دەرهێناو وتی:

– ئەمەم بۆ هەڵگرە تا کاتی خۆی.

شرین پەنجەی خستە سەرچاوی.

هەتا وەکو ئەستێرە هەرە دوورەکانیش بەبنمێچی ئاسمانەوە دەدرەوشانەوەو پەلە پەل جریوەی دووریان دەناردو پەیامی ئەوەسا منم لە کەهکەشان و گومەتی کاکی بەکاکی و بێ سەروبنی ئاسماندا دەنگی دەدایەوە، وەک زەنگی زەوارێکی دوور دەزرنگایەوە. سەگێک دوودڵانە کەوتبووە دوای کۆرش. کە لای بەلایەوە دەکرد سەگە ڕادەوەستا. ئاخری کوچکێکی لە زەوی هەڵگرت و گرتییە سەگەکە لەبەر خۆیەوە: لاچۆ خوێڕی! بنوڕە چۆن کەفتیتە دوام. سەگ دووجار وەڕینی تێکەڵ بەترسی کردو کلکی خستە نێو گەڵی و دوورکەوتەوە. کۆرش شاڵ گەردنەکەی پێچابووە ڕوخسارییەوە، هەستی بەساردی چەقۆکەی باخەڵی دەکرد. کزەبایەکی سارد لە چیای بێستوونەوە هاژەی دەکردو خۆی بەتەواوی کووچە و کۆڵان و شەقامی شاری کرماشاندا دەکرد. دەنگی ئاژیری ئیمبولانسێک لە دووری شار دەهات. لەبەر خۆیەوە: ئمبولانس توات مریت وەدەرەک. دزە ئاوڕێکی لە دوای دایەوە، کلیلی لە گیرفانی دەرهێناو ئارام و لەسەرخۆ لە دەرگادا چەرخاندی. یەکجار و دووجار دەرگا نەکرایەوە: لامەسەب چتە ئەڕا باز نیەویت؟

دیسان چەرخاندی و کرتە لە کیلۆنەکەی وەدەرهات و لنگەی دەرگا نەختەکێک ڕۆیشتە دواوە. کۆرش ئارام پاڵی پێوە نا و ڕۆیشتە حەوشیەوە، لە پشتەوە دەرگای کردەوە. بەپێی باسی فەرهاد دەیزانی

شـــەهبـــاز لە چی ژوورێکدایە. لەســـەر نووکی پەنجـــە بەرەو دەرگـــای ساختمان ڕۆیشت و ئەوەیشی کردەوەو ئارام بەئاسپایی خۆی گەیاندە ژوورەکـەی شـەهباز. بەهەناسـەدان و پرخـە پرخـیدا لـەرەی ورگی لە هەناسەداندا بەسـەر قـەرەوێڵـەکەوە دەردەکـەوت... جارێک و دوو سێ و چوار ژەندی پێوە؛ شـەهباز کەوتە جووڵە. ژوور تاریک بوو. ڕووپۆشـی لەسـەر لاداو شانی گرت تا هەڵسێتەوە. بەدژوار توانی لەسـەر کەمەی قەرەوێڵـەکە دانیشێت. کۆرش پەلەی بوو شەهباز لـە حەوشێ وەدەربا. دەسـتی دا بەبندەسـتی، بەدژوار وەسـتـا بەپێوە کـراسـەکەی گـرت و کێشـای بەرەو دەرەوە بێ ئاگا لەوەی سـاقی پای بە پەت بەسـراوەتە بەقـەرەوێڵـەوە. کـە پەلەی لێ کرد قـەرەوێڵـەی لەگەڵ خـۆدا کـێـشـاو قـورسـی قـەرەوێڵـە هـەنگاوی شـەهبـازی تێکەڵاو بوو ڕمـا بەسـەر کۆرشـدا، هەردووکیـان لە ناوەڕاسـتی ژووردا تەختـی زەوی بوون. لە زرمـەی کـەوتنی شـەهبـازو کـۆرش و جـیـرە و تـەقـەی ڕاکـێـشـانی قـەرەوێڵـەدا "سـەبری" لە خـەودا هات و خـۆی گـەیاندە ژوورەکـەی شـەهبـازو گـلـۆپی داگـیرسـاند. شـەهبـاز تەخـتی زەی بووبوو ئارام دەگریا.

کۆرش بەکردنەوەی گرێی پەتەوە خـەریک بوو، سـەبری سـەرسامـانە دەینوارییە شەهباز و کابرایەکی سەرو مل هەڵپێکاودا. کۆرش ماوەو مەودای سەبری نەداو چەقۆی لە گیرفانی وەدەرهێناو تا مشتەکەی لە سنگیـدا نوقمی کردو پەیتا پەیتا پیامـاڵی. یەکەمین چەقـۆ بەر دڵی کـەوت، ئازا لار بوویەوە سـەر لەش و پەیکەری شـەهبـاز و گـەرمی خوێنی سەبری چکایە سـەر شان و ملی نیوە ڕووتی شـەهبازدا. وەک گوێرەکێکی بەستەزمـانی ژێر دەمی چەقـۆی قـەساو کـەوتە بۆڕە بۆڕ.

کـۆرش درەنگی نەکـرد پەیتـا پەیتـا بـەچەقـۆ بەویشــدا هات و زۆری نەکیشـا ئەویشـی لە جـووڵە خـست. لەسـەر کـەمـەی قەرەوێڵـە دانیـشت، ڕوانـی جل و بەرگ و دەست و پەنجـەو بازووی سووره لە خوێنا کات لە دوانزەی شـەو تێپـەڕیبوو خـۆی گەیانده سـەرشـۆرگـەو دەست و بازووی شـۆرد و گـەڕایەوە سـەر تەرمـەکـاندا ئەنگوشـتـەرێکی زێڕی لە پەنجـەی "سـەبـری"دا دی وەدەری هێناو چۆن هـاتبـووە مـاڵەوە بەو شـێـویە لێـوە دەرچوو. سـەگە خـوێڕییـەکە لەبەر دەرگـادا مـوتکەی دابوو. کە کـۆرشـی دی دوو سێ جـار وەڕینێکی زەبوونانەی کـرد و کۆرش و سـەگەکـە هـەر یەکە بەلایەکدا دوور کەوتنەوە.

سـەرەتاش لە شـێـوەو شـەمـایلی "کـۆرش" خـۆشم نەهاتووە، نە جـوولانەوەی، نە جـۆری قـسـەکـردنی، نـە گـفـتـارو ڕفـتـاری. هـەرچی هەڵیدەسـەنگێنم نە تەرازووی تیادایەو نە پەیڕەوی کەیل و کێشانەشە. مێردە پڕوپووچەکەشم هەمان قوماشە، ئەوانە هەر باشە ئەوی ناتوانم بیسەلمێنم سافی و سادەیی کورە گەوجی خۆمە. ئەدی ئەم ماوە دوورو درێژە بۆچ پەیم بە کەسایەتی و فێڵ و تەڵەکەی فەرهاد نەبردووە...؟ لەلایەکەوە دەڵێن عشق هەزار چاوی هەیەو لەولاشەوە وا باوە عشق کوێرەو بەرپاو ئەمـلاو لای خـۆی نابینێت. چ کوێر بێ و چ خاوەنی هەزار چاو منی دووچاری ئەنجام و سەرنویشتێکی پڕ لە کڵـۆڵی کـردووە. تووش هاتووم؟ بەڵێ پەل و پۆ قـرتاو بێکەس و خێو کەوتوومەتە داوەوە. کوردە بەرانبەر ئاوێنەکە سەرو زڵف ئاڵۆزاو ڕەنگ هەڵپرووزکاو ئاوڕێکی لە خـۆی دایەوە. پەنجەی بۆ خـۆی لەنێو ئاوێنەکەدا درێژ کردو ڕوو بەخۆی:

– کوردە! تا ئەیراو بەس. تۆ کەسێک نیت بەئاسانی وەک تیکەیەکی ساف و لووس و چەور قووت درێیت.

کۆرش تازە گەیشتبووە بەرەوە. بەچاکی زانی لەو دیوی دەرەوە گوێ لە گفتوگۆی نێوان فەرهادو کۆرش بگرێت. فەرهاد لە نێو ژوورەکەدا دەهات و دەچوو:

– باشە دایکمت بۆ کوشت؟

– چارەم نەما. نەمزانی پای شەهباز بەقەرەوێڵەکەوە بەسراوەتەوە، لە دەنگە دەنگدا بەخەودا هات هەم من و هەم شەهباز تەختی زەوی بوو بووین. ئەو چرکانە هی ئەوە نەبوو دوودڵی و درەنگم کردبا. ئەگەر تاوێکی دیکەی بەدەمـــــەوەبا هەرچی دەرو دراوسێ هەیە دەڕژانە سەرماندا تۆش بایتا هەر وات دەکرد، نەتدەکرد؟

– ئەمە کەی بوو؟

– دووی شەو. شەفەق لە شار دەرچووم. فەرهاد ئاوڕێکی لە دەست و پەنجەی کۆرش دایەوە:

– ناشی ئەوە ئەنگوسیلەکەی دایکم بێت لە پەنجەتا؟ لە کاتێکدا مـــژی لە جگەرە دەدا ئاوڕێکی لە جگەرەو پەنجـــە و کلکەوانەکـــەی پەنجەی خۆی دایەوە لەسەرخۆ ڕوو بەفەرهاد:

– با، ئەوە. تازە ئەو بۆچییەتی؟ وا تەواوە.

– وا تەواوە لە پەنجـەی تۆدا بێت و ببـێــتــە بەڵگەو هەم تۆ و هەم منیش تووش کا؟

کوردە زارو گەرووی وشکی وشک بووبوو. دڵی وەک چۆلەکەی نێو قەفەس لە نێو سنگیدا هەڵدەقونی.

– ئەی خوا پەنام بەتۆ! ئەمنت خستـووەتە نێوان چ دێو و درنج و جانەوەرانێکەوە، ئایا سزاواری ئاوا ئاکامێکم؟ بەئەسپایی گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی.

– لە تۆ زیاتر کێ ئەم ئەنگوشتەرە دەناسێت؟ لێگەڕێ با لە پەنجاما بێت باشترە، نا؟

– هەتیو! شرینی خوشکم لەگەڵ ئەو ئەنگوشتەرەدا گەورە بووە، بەباشی دەیناسێتەوە.

– ئەوە من ناناسێت و ئەمنیش نابینێت، ئیدی بۆ وا پڕ لە گێژاوی دەکەی؟ لەوانە گەڕێ با لێوێک تەڕکەین. خۆ خواردنەوەت لەمالا هەیە، نا؟

– مەگەر دەکرێ نەبێت. شتێکە مەزەجاتمان ڕەنگە بەو شێوەی نەبێت، ئەوەندەی دەزانم ماستمان هەیە. خوا بکا خەیاریشمان هەبێ. فەرهاد ڕۆیشتە لای ئاشپەزخانەوە.

کۆرش لە هۆڵەوە قیڕاندی:

– بامە کومەک؟

کۆرش و فەرهاد هەرکات سەرحاڵ بانا بەلەهجەی کرمانشانی دەدوان.

فەرهاد لەوێڕا وەلامی دایەوە:

– ئحتیاج نەیرت مونتەزر وە هالا خەمەی وەر دەستت.

کوردە هەستی کرد تا لەش و ئەندامی داگرتووە بەچاکی زانی لەنێو جێگەدا ڕاکشێت. تەنها لامپی خوێندنەوەکەی ژوور سەری ڕۆشن هێلایەوە ئەویش بەلا زەوی ژووری خەوەکەی تاریک دەنوا. فەرهاد مەزەی دۆغرمەی خستە سەر مێزو بەچاکی زانی سەرێک لە کوردە بدا تابزانی لە چ حاڵ و ئەحوالێکدایە. کاتێک هاتە ژوورەوە کوردە وای وەدەرخست نووستووە، پرخەشی لەخۆ هێنابوو. فەرهاد لەوەی دڵنیا بوو نووستووە بەسەر نووکی پەنجە گەڕایەوەو خۆی خزاندە بندەستی کۆرش و پێکی یەکەمیان هەڵداو بەدروست کردنی دووهەمەوە خەریک بوون. کوردە هەرچی بیری دەکردەوە فەرهادی لای ئەو لە خانەی چ جۆرە جانەوەرێکدا دانا لێی بووە مەتەڵ. ئەو بەدزە گەڕانەوەی بەجارێک خستییە گومانەوە. دڵنیابوو لەبەر هەرچی دیبێت لەبەر خاتری ئاسایشی ئەو نەبووە.

پێکی دووهەمیانیش هەڵدا. فەرهاد و کۆرش نووسابوون بەیەکەوە، جارەوبار دەستیان لە کارابوو مەزەشیان دەکردە دەمی یەکەوە وردە وردە کەوتنە خۆ ڕووتکردنەوەوە. کوردە لە ژووری نووستن هاتە دەرەوە بەئاسپایی خۆی گەیاندە لای دەرگای هۆڵەکە کە نیوە کراوە بوو. وەک کارەبا بیگرێت لە جێگەی خۆیدا ڕاوەستا. هەتاوەکو چاوپرتانیشی پێ نەکرا هەروا بت ئاسا دەینوارِی. ویستی پڕ بەدەم بقیژێنێ گەروو زاری دەقێکی ئاسنینی بەستبوو. هەروا لە جێگەی خۆیدا وەستا. وەک ژن و مێردێک ڕووت و قووت کۆرش بەسەر فەرهادەوەو سەرئەنجام توانی دەستی بجوولێنێتەوەو بەهەردوو دەست سکی گرت و سەرئەنجام بەرەو تەوالێت کەوتە ڕێ. پێش ئەوەی بگاتە تەوالێت ڕێژکەی ڕشانەوەی هێلێکی پێک هێنابوو... ئەوی لە گەدەیدا بوو هەڵی هێنایەوە. ئاوێکی دایە سەرو سورەتیدا بڕیاری دا بێدەنگی هەڵبژێرێ تا هەراو کێشە. دەیزانی لەو غەریبستانەدا نە چاری فەرهاد دەکاو نەدادیشی دەگاتە جێگەی خۆی گێژ بوو چۆن سەر لە گیربوونەکەی وەدەرکا، چۆن؟ بیرو ئاوەزو عەقڵی نەدەگەیشتە هەوارگەی ئاسانکاری بەسەر ژان و دەرد و بۆگەنی و زۆر و زەوت و درۆشەوە سەری بۆ نائومێدی دانەنواندبوویەوە.

کوردە هەر لە جێگەدا بوو، فەرهاد کوپێک چای بەدەستەوە بوو هاتە ژووری نووستنەوە: هەڵناسی بەرچایی بخۆیت؟

– ناساخم.

– چیتە؟ سەرمات بووە؟

– شتێکی وا.

ـ باشە. ئەمن دەڕۆمە دەرەوە، لەگەڵ زەڕنگەرێکدا ڕێک کەوتووم بۆ ئاڵتوونەکانت، نرخێکی باشمان دەدەنێ.

– ئاڵتوونی چی؟

– یانی چی ئاڵتوونی چی؟ مەگەر بڕیار نەبوو بیان فرۆشین.

– تۆ بڕیارت داوە نەک من. تازە ئەو هەموو پووڵ و پارەم بەلاتەوەیە بەس نییەو چاوت بڕیوەتە دوو پارچە زێڕی من؟

– ئەو قسانە یانی چی؟ وا بڕیار نەبوو ئاوا لەگەڵ یەکدا بدوێین. ئەم شێوە قسانەم لا تازەیە.

– نە تازەیە و نەتەڕەماش. هەرکات تۆ کاروباری کارخانەجات و میراتی باوکی ڕەحمەتیت کردە پووڵ و پارە، ئەم دەم یەک ڕۆژە منیش ئەو چەند پارچە زێڕەم دەفرۆشم و دەیکەمە لەپت، باشە؟

– ئەوی لای من کاتی دەوێ و دادگاو چوزانم بەشی شابازی ناتەواو دەبێتە خاوەنی.

– یانی تەواوی کاروباری ڕۆیشتنمان لەسەر نە فرۆشتنی چەند پارچە ئاڵتوونی من ڕاوەستاوە؟

– دەڵێم دەبێ بیانفرۆشین.

– ڕاست دەکەی، بەعەرەقی ناوچاوانت بۆمت کڕیوە بۆیە وا سووری لەسەر فرۆشتنیان.

– دەڵێم دەیانفرۆشی، یانی دەیانفرۆشی.

– گووت خواردووە.

– بەمن دەڵێی گووت خواردووە؟

– بەبابیشت دەڵێم.

کوردە تا ئەو دەمە لەناو جێگەدا ڕاکشابوو فەرهاد پەلاماری دا و چنگی لە زوڵفی گیر کردو بەقژ ڕاکێشان لە نێو جێگە وەدەری هێنا. کوردە بەسەر بێژامەوە گازی لە ڕانی فەرهاد گرت لە زاریدا هەستی بەگەرمی خوێن کرد، فەرهاد هاواری لێ هەستا. کۆرش بەشۆرتەوە هاتە ژوورەوە تا ساتێک هەروا دەینواڕی. فەرهاد قیڕاندی:

– ئەرا وسیایتە ئەی سەلیتە لەلیم دوور خەرەو.

کۆرش کەوتە نێوانەوە. لە دواوە سمت و کەفەڵی کوردەی گرت و بەتەواوی توانایەوە بەرەو خۆی کێشای؛ پای لە زەوی گیر کردبوو لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– دوڵ کون کون ئیتر. کوردە ڕانی فەرهادی بەردا کۆرش بەپشتا کەوت و سمت و کەفەڵی کوردەی هەر لە باوشیدا بوو لەسەرخۆ چرپاندییە گوێی کوردەدا:

– ئوخەیش! چە سەفایی.

کوردە توانی لە کۆرش دوورکەوێتەوە:

– بێ شەرەفینە!

کۆرش هەروا تەختی زەوی بوو. هەردوو دەستی کردە سەرینی سەری ڕوو بەفەرهاد:

– ئەی مەرافە ئەرا چەس؟ جەنگ ئیراق و ئیران دیریم وەلی ئەی جەنگی من دوینم، جەنگ بینلمیلەلە.

– لەی جندە بپرس.

– جندە دایکتە ناپیاوی بێ غیرەت! ڕاست دەکەی، جندە نەباما نەدەبوومە هاوڕێی تۆ.

– لە کوێتە جارێک... زۆرت ماوە تا بیبینی.

– دڵنیابە نایەڵم بەو ڕۆژە بگا.

– جوندە خانم! چی دەتوانێ بکا... دەی بانکە تالیب ئاغای باوکت، یا خانمە ناخانمی دایکت.

– جا چ نیازم بەوانە؟ مەگەر لەم وڵاتەدا دەوڵەت نییە؟ یاسا نییە؟ شەرەف نییە؟ ئەگەر ئەوانە نەبوو، ئەو دەم پێت پیشان دەدەم کوردە کێیە؟

– هەڕەشەم لێ دەکەی؟

کۆرش هەروا لە زەوی نووستنەکەدا ڕاکشابوو لەسەرخۆ وتی:

– ژن یەنی، یە. باریکەلا! مادەشیرەها.

– خوێڕی! تۆ هەستە برۆ دەرەوە وەئیلا ڕسواتان دەکەم.

کۆرش هەستایە سەر پا و دوو لەپی بەرانبەر سنگی ڕووتی خۆی ڕوو بەکوردە پان کردەوە:

- من یەکی میوانم و کار وە مەرافەی ئیوەوە نەیرم.

- کارت بێت یا نا ئێوە هەردووکتان یەک قوماشن. ئینجا ڕووی کردە لای فەرهادەوە:

- ئەگەر شاخت دەرهێناوە نەک مسقالێک لەم ئاڵتوونانەت بدەمێ. ئەو پوول و پارانەش کە لاتن دینار بەدیناری لێت دەسێنمەوە.

- فەرهاد قاقا پێکەنی و بەپێکەنینەوە دەستی بۆ لای کوردە درێژ کردەوە:

- ها بیگرە دەی، جرنگ جرنگ ژماردت؟

کوردە بەرەو سەرشۆرگە ڕۆیشت و لەو دیوەوە دەرگای کلۆم کرد. فەرهاد خۆی پۆشتە کردەوە لەگەڵ کۆرش دا ڕۆیشتنە دەرەوە.

نم نم بەفر دای دەدا، شەقامەکان جوولانەوەی تیادا لەسەرخۆ بووبوو. مانشێتی ڕۆژنامەکان هەواڵی بەدیل گرتنی حەوت هەزار ئەفسەرو سەربازی سوپای ئێراقی ڕادەگەیاند. یەکێک لەناو شەقامدا لە پێش ماشینەکەی. فەرهاددا پای خلیسکاو کەوت. فەرهاد برێکێکی کوتوپڕی کردو کەوتە جنێو دان، دیسان کەوتەوە ڕێ. بێ ئەوەی لا بەلای کۆرشەوە کا:

- ئەی سەڵیتە ئەگەر پیش دەستی نەکەیمن کار وەدەستمانە و دەت. ئیشم دەت، یانی دەت.

- توای بکوشمەی؟

نە نیەتوام. توام پەروەندە سازی ئەڕای بکەم و وەلای دەوڵەتەو گرفتاری کەم. کوشتن گرفتاری هاوە نواوە.

- بیلەی جاری نامەرد. ئەوەل با من کارخۆم وەلیا بکەم ئەو وەخت هەرچە کەیت، بکە.

– وە ئەلی مەگەر بکوشیتەی خۆی تەسلیم نیەکەت کە نیەکەت. من خاس ناسمەی...

– وە تەواو ئیمام! ئەگەر زانیمە تیکەی گورەم گوشم بیە بایەت وەلیا بخەفم، یانی بایەت بخەفم. توو یەکی کومەکم کەیت، نیوەڕو چیمنەو کەمەی یانی کەمەی، تەواوە.

– یەشتا ناتەواوە هەر وەخت کردت ئەو وەخت تەواوە.

– تیکەس ها؟

## ١٥٨

ناوت؟

– کوردە.

– ناوی باوکت؟

– تالیب.

– کوینەریت؟

– ئێراقی.

– تەمەن؟

– سی ساڵ.

– پلەی زانست؟

– ماجستێری زمانی کوردی.

– کارو کردەوەت؟

– ژنی ماڵ.

– شووت کردووە؟

– بەڵێ.

– دانیشتووی کوێی؟

– ناوی گەڕەک و کووچەکە نازانم. زۆر نییە هاتوومەتە شاری تاران، ئەوانەی منیان هێناوە بۆ ئەیرا باشتری دەزانن.

کوردە لە ناوەڕاستی ژوورێکدا بەسەر کورسیەکەوە چاو بەسراو دانرابوو.

– ئێ کوردە خانم! نەتوت ئیشی باوکت چییە؟

– باوکم؟

– بەڵێ بابت.

– بازرگان.

– چ جۆرە بازرگانێک؟

– بسێن و بفرۆش.

– وەک چی؟

– ئازووقەو خواردەمەنی.

– بۆ کێیە؟

– ئەوی من بزانم بازاڕی تەواوی ئێراق.

ـ زانیاری ئێمە وا ناڵێت. دەڵێت بابت چاوساقێکی گەورەی سوپای ئێراقە. لە ئازووقەوە بیگرە تا چەک و تەقەمەنی، یانی پەیمانکارێکی باوەڕ پێکراوی سوپای ئێراقە.

– بابم چەندین خان و دالانی سەر داپۆشراوی ئازووقەی لە شاری بەغدادا هەیەو ئەوی لێی بکڕێت دەیفرۆشێ، ئەلبەتە بەبریکارە باوەڕ پێکراوەکانی.

– یانی دەتەوێ باوەڕ بەقسەکانت بکەین؟

– نیاز بەدرۆ نییە، تا باوەڕم پێ نەکەن.

– بەم حیسابە باوکت پەیمانکاری سوپا نییە، نا؟

– من لەوەی بێ ئاگام.

– لەوە. بێ ئاگایت؛ خۆ لەخۆت ئاگاداری؟

– بێ شک.

– تۆ بەم مەرجانەوە کە هەتە "خوێندەوار، جوانکیلە کچی کابرایەکی دەوڵەمەندو بنەماڵە" بەئێمە ناڵێیت چۆن شووت بەکابرایەکی نە ناسراوی بێ سەرو پای وەک فەرهاد کردووەو پێی ڕازی بوویت؟

– گەوجی و خامی. عشق وای لێکردم بەم دەردەی بردم...

– بەم شێوە خانم عاشق بووە، نا؟

کوردەی چاو بەسراو لە شەرمدا سەری داخست و لەژێر لێوەوە وتی:

– هەرچی نێو دەنەی.

– ئێمە نێوێکی دیکەی لێ دەنەین. لەوەی دڵنیاین کەسێکی وەک تۆ لە خۆڕا دەشت لەبەر ناداو ناکەوێتە دوای کابرایەکی وەک "فەرهاد" و ناوی عاشق لەخۆی بنا. بۆیە لە باوەڕێکداین باوکت و دەستگای ئیتیلاعاتی سوپای ئێراق ئاگاداری هاتنتە.

– ئاخر ئەمە عەقڵ نایسەلمێنێ ژنێکی نامۆی بێ کەس و غەریب لەم وڵاتەدا داخۆ چیم لە دەست بێ و دەتوانم چی بکەم؟

– جا کێ دەڵێت تەنهای؟

کابرای لێکۆڵەوەر هەستاو چاوی کوردەی کردەوە. بێ ئەوەی هیچی لەدەم وەدەر بێت دووسێ جار بەدەوریدا سووڕی خوارد و ئنجا لە پشتەوە هەردوو دەستی خستە سەر شانی و چرپاندی بەگوێیدا:

– گرفتاری گەورە بۆ خۆت دروست مەکە. ئەوەی دەیزانی بیڵێ.

ئێستا نەیڵێی. سبەی دەیڵێی. یا دووسبەی. جا نەخۆت ئەزیەت کەو... نە ئێمەش ماندوو.

– یانی بەحیسابی ئێوە منیان بۆ "جاسوسی" ناردووە؟

– ئافەرین کچی ژیرو تێگەیشتوو. تازە زانیاری دیکەمان لایە، کاتێک لە کۆلێژدا بووگیت جووڵانەوەو هاتوچۆی سیاسیت ئاشکەراو زۆر بووە... دەستگاگەلی ئەمنیەتی ئێراق چۆن نەیانگرتووی؟ پێوەندێکی بتەویشت لەگەڵ زدی ئیقلاب تاقمی حزبی دیموکراتی ئێراندا هەبووە... ئیتر ئەم زانیارانە لە خۆڕا نین... هەن؟

– بەڵێ لە خۆڕان و هیچی بەسەر هیچەوە نییە...

– ئەی زێڕ چی؟ دەڵێن کە هاتوویتەتە ئەمدیوا زێڕ و موجەوهەراتێکی زۆرت لەگەڵ خۆدا وەک دەستمایە هێناوە... نەتهێناوە؟

– کاتێک لەسەر شەریعەتی خواو پەیامبەر شووم کردە مێردە بەڕەڵاکەم، باوکم لە شاری سولەیمانیدا خانوویەکی بۆ کڕیم و دایکیشم چەندین پارچە زێڕی پێ بەخشیم. پێش ئەوەی بەرەو ئێران بێین مێردەکەم هەم خانووەکەی پێ فرۆشتم هەم زێڕو موجەوهەراتەکانم. نەختێکم مابووەوە پێش ئەوەی بمهێنن بۆ ئەیرا . مێردەکەم ئەوەیشی لێ دزیم. ئێستا ئەو پول و پارەیەم هەمووی لای ئەو مێردە بێ سەرو پایەمە. داواکارم بۆم لێ بسێننەوە، شاییەک لە گیرفانمدا نییە.

– دوو مەرجم هەیە. یەکەم یەک دوو شەوێک لەگەڵما بخەوی... دووهەم نیوەی ئەو پارەشە بۆ من.

– جا تۆ لای خۆت نوێنەری یاساو دەوڵەتی ئیسلامییت. ئەمە داوایە

لە ئـافــرەتێکی بێ پشت و پەنا دەکــەیت. پارەکــە "OK" بەڵام فکری لێکەرەوە... بۆچی بۆ خۆت خاوەن خێزان و دایک و خوشک نیت؟

– ئەم جـۆرە قـســانە هی ناو کـتــاوە. مـانەوەت لە وێسـتگادا خـود بەخـود ناچاری ئەو خـەوتنەت دەکـا نە جـارێک و نە دووان و نە دەش. وەرە ژیرانە لە مەسەلەکە بنوە... با بتوانم یارمەتیت بدەم. نە ئینشائەڵا چەندین مانگ و ڕەنگە ساڵانیش بمێنیتـەوە، بێ ئەوەی کەس پرسیارت لێکاو بێتە لاتەوە.

– مـەرگم لا خـۆشـتـرە تا بـڕۆمـە ئـەو ئاسـتـەوە و ئەوا خـۆم دەدەمـە دەست خواوە. هـەزاران ساڵە وتراوە بەزۆر بەحیز نابێت.

– بۆ ئـاگـاداریت تـۆمـەتەکـەت گـەلێک گـەورەیە، دڵنیـام زۆری تیـا دەمێنیتەوە.

– هەرچی خوا بڕیاری دابێ... هەر ئەوەیە منیش خۆم داوەتە دەستی خواوە.

– دیارە گـــەلێک نـائاشـنای دەورو بەرتـی و نازانـی دونیـا بـەدەست کێیە. دەستی بەزەنگ دانا کابرایەک هاتە ژوورەوە:

– ئەمـە ببـە بۆ جـێگەی خـۆی تا بزانـێت مـەنێک ئارد چەند کولێرەی تیادایە.

تەواوی سـۆراخ سـومـبـەی ئەی مـاڵە تـەواوی گـەریامـە هیـچـی پەیدا نەکـردمـە. چمـانـە قـەترەی ئـاوەو چوەتە نـاو زەمـینا. ئیـشـی وەکـویەی خستیە؟

– وە نەزەرم وەناو مـاڵا نەیشـاردیەسـەو وەخـارج مـاڵ داینیـایە. وەلی خـۆمـانین هـا. عـەجـەب مـالیـە. وەئەلی حـەیف کـردی ئەو گـوزارشـە گەیاندیتـە دەوڵەت. ئەگەر وەماڵا بوات چە وەدەسـتی ئەهات؟ گاهگاهـی وەزورو ڕەزا تـەرتـیـیـی ئەدایمن بـالاخـەرە وەل زنـدەگـیـا ئـەسـازیا، تو هـاویتە فکر تەڵاکانیەو منیش خودی خۆی.

– نە تو نایناسـی... وە تەمـام مـەزهـەو وەمالا بیـاسـا کار وەدەسـتمـان ئەداو یا یـەکمـان ئەکـوشت یا بـەرنـامـەڕیزی ئەڕامـان دروست ئەکـرد یارو تەحسیلکەردەو فەرە باهوشـە.

– بیلەم با هـوشـە با هـوشـە. ئەگەر یە زەڕە هـوش وەسـەریا بیا حـاڵ و ئەحـواڵ توی هـەلاجی ئەکرد. لەوانە گوزەشتە یەشتا تام ئەو ڕۆژە هـاوە ژیر زمانم، حەیف دوو مانگ ئازگارە هـاوە زندانا.

– فکر نیـەکـەم هـالا هـالاکـە مـەرەخـەسـی کـەن خـراو ئەڕای کـوتـامـە. فکر لەلی مەکەرەو بیلـە وەکارمان بڕەسیم تو شـەوسـو بایەت حـەرەکەت کەیت ئەرا کرمـان.

وەماشـین یا هـەواپەیما؟ ئا کرمـان فرە دوورە.

– وەهەوا پەیما بچوو. وەل پاشاخانا بارەو ئەوانیش وەماشین ڕەسنتە تاران. پاشاخان ناسی، نا؟

– یەک گلە وەل توا دیمەسەی.

– ئەی سەفەرە شوخی نییە تەواو پولی کە دیرم خستمەسە ناوی. ئەگەر وەسەلامەت بڕەست، پول و پەلای فرەیەک وەدەست تیریم. ڕەفیق یەل ئەیرا هاونە گەرد پاشاخان و هەر جنسەگە گەیشتە تاران، من وەلیا چم تا تەوار مەرز تورکیا.

– بیلەم، سەرم گیژ چت توام یەجرعە بزەنم؛ شعور کەم خونم وسیایەو لە حەرەکەت کەفتیە.

– گریە نەیرت، بچو باڵت هەڵماڵەو تەزریقی کەو تەواو.

– ئەشهەدو ڕاست وتی: ئەوە تەواوە.

# ١٦٠

شرین ڕەحمان؟

– ئامادە.

– همایۆن ئەمجەدی؟

– ئامادە.

فەرموون بۆ ژووری پشکنین.

شـــرین و فـــەرهاد لـەیەک جــوێ بوونەوە هـەریەکــە بەرەو ژوورێکی گــچکەی پەردەدار. زۆری نـەکــێــشــا هـەردوو هـاتنە دەرەوەو دیســـان یەکدییان گرتەوە. ئاژدانێکی زرتە زەلام کـەوتە پێشیان و لە سالۆنێکی سـەر داپۆشراوی گەورەدا لە گۆشـەیەکەوە دانیشتن. بەسـەر دەسیانەوە ژمــارەیەکی چوار ژمــارەیی لەســەر نووســرابوو. هێندەی نەکــێــشــا یاســاوڵێکی ژنـی جل و بەرگ زیندان لە پێــشــەوەو کــورەش لە دواوە هاتنە بەرەوە. کوردە لنگاولنگ دەهاتە ڕێوە. ویستی دانیشێت بەدژوار توانی. شرین بەهاو دەردیەوە:

– چ ڕۆژگارێکە تێی کەوتووی؟

– لە برا بەناموسەکەت بپرسە. بزانە چی بەسەردا هێناو.

– هەرچی بڵێی حەقە و ئەوی جنێوی بدەیتێ کەمەو پڕ پێستیەتی.

کوردە دایە سەر سکیا:

– ئەمــەی دەبینی؟ نـازانم توخـمی کـێـیـە؟ وەک لە مـێـژدا پێم وتی

سەرەتا پارێزم دەکرد لە منداڵ بوون، کە زانیم فەرهاد کوڕی ئەوە نییەو بەحیساب نەخۆشە ئیدی حەب و کۆلاژی دژ بەباردارییم توڕ دایە لاوە. تا یەک ڕۆژ پێش گرتنم فەرهاد و کۆرش دەم و دەستمیان بەستەوە وەک چوار میخەکێشان ڕووت و قووتیان کردمەوە بەبەر چاوی فەرهادەوە هاوڕێی لە خۆی حیزترەکەی کە بەچاوی خۆم دی بووم فەرهادی دەگا سوارم بوو، نەک جارێک سێ جاران تا لە هۆشی خۆم چووم لەیراش شمشێری ئیسلام بەردەوامە تا ئێستا زیاتر لە دە جاران بەزۆر سوارم بوون. سەرەتا زۆر کۆشام ئەم بارەی لەبار بوەم هەر چیم کرد نەخراو هەڵنەکەنرا، تا وا گەورە بووە، ئەمە نیشانەی زوڵم و زۆرو زەوتی جەمهوری ئیسلامی و گێلی و گەوجی خۆمە.

شرین دەگریا، همایۆنیش نەرم نەرم چاوی دەسڕی.

کوردە دیسان دای بەسەر سکیا:

– توخمی چ چانەوەرێکە؟ نازانم. توخمی هەرکەس بێت لە ئاغا فەرهادی ئەعزەمی نییە. مەگەر بۆی نەیەمە دەرێ؟ حەوت ڕوحی هەبێت وەدەری دێنم، ئەو منی کوشت.

– ئێمە بێ دەربەست دانەنیشتووین. باوەڕ بکە دەر نییە لێمان نەدابێ هەتاوەکو ڕۆیشتووینەتە لای چەندین وەکیل. بەهەر حاڵ دەستبەردار نەبووین ئاخرین وەکیل بەدڵنیاییەوە وتی:

– بەڵێنتان دەدەمێ وەدەری بهێنم، ئەوە بۆ من ئاسانە.

کوردە قسەکانی بەهمایۆن بڕی:

– باشە لەو ئەمانەتەی لاتانە بیفرۆشن و بیدەنە وەکیل.

– ئاخر تا خۆت نەڵێی ئەوە ناکەین. وەک دەزانی ئێمەش ئەو توانای مادییەمان نەبووە تا پارەی وەکیلی بدەین.

– بەقوربانتان بم لەم چاڵە مەرگەوە دەرم بهێنن ئیتر پێمەوە نەماوە ها.

– دڵنیابە ئەوی لە دەستمان بێت، کۆتایی ناکەین بەگوێرەی وتەکانی ئەو وەکیلە کە بۆ خۆی لە بنەماڵەیەکی ئاخوندییە، بەزووترین کات ڕزگار دەبێ.

کوردە بەچمکی کراسە یەک ڕەنگەکەی زیندان چاوی سڕی و پەڵمە گریان:

– ئەوەتەی تووش هاتووم، بڕیارم داوە گریان و لاڵکانەوەو ناڵەو نزا بخەمە لاوە و تا بەئەمڕۆ وەک پارچەیەک لە بەرد لە کۆنکریت کوتەبەرد نە گریاوم. ئێستا وا دەمبینی دەگریەم مرۆڤ دەبینم، هاودەرد دەبینم.

جەرەسێکی دەنگ گەورە لە ساڵۆنەکەدا بیسرا بەنیشانەی تەواوبوونی کاتی دیتن. ژنە یاساوڵ هاتە پێشەوەو دەستی کوردەی گرت و بردییەوە بەهەمان ڕێگەدا.

بەندە بەوردی تەواوی پەروەندەکەیم خوێندوەتەوە. ئەوی دەردەکەوێ کەسێک ویستوویەتی پەروەندەسازی و ئەو ژنە گرفتار کا. با وەک ناوی مێردەکەی لەسەر ڕاپۆرتەکان وەدی ناکرێت، بۆ من وەک وەکیلێک دەرکەوتووە مێردەکەی لە پشتی ئەو پەروەندەسازیەوەیە. بۆ؟ نازانم. وەک ژنە دەڵێت لە ڕووی عشقەوە شووی بەمێردەکەی کردووە، بۆ نیوانیان بگاتە ئەم پلەو پایە؟ بێگومان هۆی خۆی هەیە، تۆ هیچی لێ دەزانی؟

همایۆن ڕوو بەپارێزەرەکە:

– دەتوانم جگەرە بکێشم...؟

– فەرموو، ئازادی.

تەلیفۆنی بندەستی وەکیل زرنگایەوە. بەقسەکانیدا دەربارەی کوشتنی کابرایەک و بڕیاری دادگا دەدوا. دوکەڵی جگەرە بەڕاسەری همایۆنەوە لەسەرخۆ بەرز دەبوویەوە. وەکیل تەلیفۆنی داخست و وەڵامی دایەوە:

– فەرمووت هیچی لێ دەزانم؟ جارێک دەمەوێ لەوەی دڵنیا بیت جەنابت چەندە پێوەندیت بەدەوڵەتی ئێراقەوە هەیە، ئەویش هەر ئەوەندە. وەک جەنابت ئاگاداری جارەو بار هەواو هەناسەی عیشقی تەواوی کەیل و کێشانەو تەرازوو تووڕ دەداتە لاوە. ئەم ژنە کچی پیاوێکی دەوڵەمەندی بنەماڵەیەکی کوردی نیشتەجێ و ناسراوی

کوردی شاری بەغدایە و تەنها کچی باوکیەتی. تاقە کچ و دەوڵەمەند و نازپەروەر هێندە کارو بار بەوردی لەیەک ناداتەوە. مێردەکەشی لە ڕووی وەستاکاری و بەرنامەڕێژییەوە خۆی بەعاشقێکی پەریشان نیشان داوە. لە سەرەتاوە چاوی بڕیوەتە موڵک و دارایی کوردە. زۆرتر تا عشقی کوردە. ئەمە هۆی سەرەکیی ناکۆکی نێوانیان نییە. کە کوردە هەست دەکا مێردەکەی تەواو نییەو کڵاوی کردوەتە سەری و زۆرتر مەیلی بەلای پیاوەیە تا ئافرەت، بەجۆرێک پیاوی هێناوەتە ماڵەوەو بەبەرچاوی ئەوەوە تێکەڵاو بوون، تازە ڕۆڵی ژنی هەبووە نەک پیاو. لەوەش خراوەتر مێردەکەی و لفە نێرەکەی ئەم ژنەیان بەزۆر چوار مێخەکێشاوەو بەبەرچاوی مێردەکەیەوە کابرا سواری بووەو ئەویش تەماشاکەری ئەو دیمەنە بووە...

پارێزەرەکە ڕوو بەهمایۆن:

– ئەوە ساڵێک دەبێت جگەرەم تەرک کردووە. داستانی ژیانی ئەم ئافرەتە بەتەواوی ئاڵۆزی کردووم، هەبە جگەرەیەک.

همایۆن جگەرەی بۆ داگیرساند. وەکیل مژێکی دوور و دریژی لێدا هەروا سەیری دووکەڵی جگەرەکەی دەکرد لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئەم ژنە نە بڕیاری بەسەرا دراوە. نە بەڵگەشی لێ گیراوە. دەست بەسەراکێشانی ئەم دوانزە مانگە لە خۆڕا بووە. بەندە کارەکەیم بەئەنجام گەیاندووە، بڕیارە سبەی بەرەڵایان کەن و بیاندەنە دەست منەوە.

– بۆچی پارێزەری خەڵکی دیکەیشی؟

– نەخەیر شتێکە کوردە لە زیندانا کوڕێکی بووە. بۆیە وتم بەرەڵایان دەکەن، چونکە تەنها نییەو ئێستا دووانن.

– کەواتە من و خانم سبەی لەگەڵتا دێین؟

– مەیلی خۆتانە.

همایۆن هەڵسا:

– بەدوعا تا سبەی! لە نووسینگەی پارێزەر وەدەرهات، بەچاکی زانی پیاسە چەند شەقامێک تەی کا. جارەوبار ورد دەبوویەوە لە ڕوخساری مۆن کردووی خەڵکی، یا ئاڵۆزی و پەرپوتی جووڵانەوەو شێوەو شەمایلی هاتوچۆکەرانا. ماندوویی و نیگەرانی و ترس و تۆقیانی شەڕو ئاکامەکانی شەڕ بەزەقی لە ڕوخسارو دیمەنی خەڵکیدا دەبینرا. ئاژیری مەترسی بومبارردومان شاری شەڵەقاند. ئیتر هەر خەڵک و ڕای دەکرد بەرەو سەر پەناو گۆشەو بن دیواران. بڕێک لە ماشینەکانی نێو شەقام لە کەناری شەقامدا ڕاوەستان و بڕێکی دی تیژترو توندتر بەردەوام بوون لە ڕۆیشتندا. لەبەر تیشکی چرا گچکەلەکانی پێشوو دەچوون بەرێگەرە؛ شار کوژابوویەوە. همایۆن خۆی دابووە پاڵ تەنگەبەری دوو دیواردا. خەڵک هوکارەی هاتن و چوونی فڕۆکە دوور پەروازەکانی هێزی ئاسمانیی سوپای ئێراقی بووبوون. هەرکات بۆمباردومانی شارە دوورەکانی نێو ئێران کرابا هەزاران جنێو بەدەوڵەتی فەرانسە دەدرا کە ئەو فڕۆکە میراژە دوور فڕانەیان داوەتە ئێراق و بەفەرامێنی خودی "سەدام" خەڵکی سادەو بێ تاوانی دوور لە شەڕی میللەتانی ئێرانی پێ بۆمبارردومان دەکاو ئەو دەمانە خەڵک ناڕەزایی و نفرینی خۆیان بۆ دەسەڵاتی ئێران و ئێراقی دەنارد و پەنجە مۆری شەڕەئەنگێزی هەردوو لایان دەکرد و کە ئەوی بیری لێ نەکەنەوە خەڵکەو وڵاتەو بەرژەوەندی... همایۆن لەبەر خۆیەوە: نایبڕنەوە. مانەوەی هەردوولا بەبەردەوامی ئەم لافاوی

خـوێنەیە. ئاژیری دووهـەمی نەمـانی مـەترسـی بۆمـبـاردومـان دووبارە ئاسـمـانی شـاری دادڕی. همـایۆن بەرەو مـاڵەوە بوو. تاران لـەژێر ئاسمـانی ترس و ڕوخسـاری بێزیاوی شەڕدا پەلەقـاژیەی بێ دەرەتـانی دەکرد هـەرچی پـەلی دەکوتا دەستی لـە چمکی ژیان و ئاسوودەگی گیر نەدەکرد. ئەمـڕۆی دەدایە دەستی سبـەینیـەوە. چاوەڕوان چرکە ژمـێری داهـاتـوو لە بیـرو فکری خـەڵکیـدا بـووبووە ئاین و ڕەسـم و ڕەواڵی ڕۆژانە. ڕۆژانـی بێ دەربەسـتـی و بێ بـەرنامـەیی شـەڕی نێـوان دوو دەستەی تینووی دەسـەڵات و فەرمـانڕەوایی بەخەڵکی دەسـەلماند شـەڕەو شـەڕەکەش لەسـەر حـەقەو لەسـەر مافـی ڕەوای ژیانە و ئیـتـر هـەردوو لا فوویان بەبۆقی ڕادیۆ و تەلەفزیـۆن و میـدیاکانا دەکرد و وەعدەی سـەر خەرمـانیان بەخەڵکی دەدا.

شـرین و همـایۆن لـە کـەناری شـەقـامـدا ڕاوەسـتـابـوون، هـەرچی تەکـسـی دەهـات سـەرو کـەللەی کـەسـی دیکەی تیـا دەبیـنرا. شـرین ئاوڕێکی لە کاتژمێرەکەی سەر دەستی دایەوە:

– خـەریکە درەنگ دەکـا. دەترسم پیـا ڕانـەگـەین. پێم وا نیـیـە بەو زووانەش بێت. مـەترسـە پیا ڕادەگـەین... تەکسییـەکی خـاڵی ڕاوەسـتـاو سـواربوون. شرین هـەروا دەینواڕییە دەرولادا:

– شـەرمم پێ دێت لەگـەڵ فـەرهـادا یەک خـوێنین و لەیـەک دامـێن کـەوتینـەتە خـوارەوە... دایکم پەیوەسـتـە تا مـرد لە ڕەفـتـارو کـرداری ناڕازی بوو، دەیوت:

– ڕۆڵە! چی بکـەم؟ کورمـە. سـەیر دەکـەی چی بەسـەر ئەو ئافـرەتە بەسـەزمانەدا هێناوە؟ هیچ فلمێکی هیندی ئاوا کارگـەردانی نەکراوە.

گەیشتبوونە بەر دەرگای زیندان و لە دەرەوە چاوەڕوان ڕاوەستان. نەرمە بارانێک دای دابوو. شرین چەترەکەی بەڕاسەیەوە هەڵداو بەهمایۆنی وت:

– وەرە ژێریەوە.

زۆری نەکێشا پارێزەر و کوردە لە دەرگای زیندان وەدەرهاتن. کوردە مەلۆتکەیەکی بەباوشەوە بوو. شرین و همایۆن بەرەو ڕوویان ڕۆیشتن. دوای یەکدی ماچکردن پارێزەر ڕوو بەهەمووان:

– بەندە ئەرکی سەرشانی خۆمم ئەنجام داوە، بەوەی خۆشحاڵم ئازادی مرۆڤێکی بێ تاوانم دووبارە بۆ گێڕاوەتەوە. لام وایە ڕۆڵی من لەیرەدا تەواو بووە، بۆیە لە خزمەتتان مەرەخەس دەبم. یەک یەک تەوقەی لەگەڵیانا کرد و ڕوو بەمەلۆتکەکە:

– بچکۆلە! خوا حافیز. لێی داو ڕۆیشت.

همایۆن و کوردە و شرین بەرەو ماڵ بوونەوە. کوردە ڕوخساری هیچ جۆرە هەستێکی تیا نەدەبینرا جار جارێک دەینواڕییە ڕوخساری بێ تاوانی ساواکەی باوشید. نواڕیینەکەی هیچی تیا هەست پێ نەدەکرا هەر سێکیان بێدەنگ هەر یەکە بەشتێکەوە تێ دەفکران. کوردە چایەکەی بەردەستی تێ ڕادەدا. هەروا دەینواڕییە ساواکەی باوشیدا:

– زۆرم هەوڵدا لە باری بەم، بۆم نەکراو نەکرا... بڕیارم دا دوای لەدایک بوون بیخنکێنم؛ کە دەم و چاوی بێ تاوانییم دی، هیچم پێ نەکراو گەیشتمە ئەو باوەڕە ئەم گیانلەبەرە لە خودی من بێ تاوانترە جا لەناوبردنی ساوایەکی وا ئەویش لەلایەن منەوە وەک دایک، تاوانێکی وا گەورەیە لە تاوانەکانی فەرهاد گەورەترو خوێناویتر هاتە بەرچاوم. بۆیە نەمتوانی و بڕیارم دا ئەرکی دایکایەتی خۆم ئەنجام

بدەم. ئەمەش مافی ڕەوای ئەم ساوا بێ تاوانەیە. لەمانە گوزەشتە، ئێوە. مەبەستم هەردووکتانە، ئەوی بۆ منتان کردووە براش بۆ برا هەروا دەکا. ئەوی داواکارم کارێک دەستان پێکردووە لەگەڵما بیبەنە سەر.

همایۆن جۆری دانیشتنی گۆڕی:

– بۆچی مەشکوکی کە نەیبەینە سەر؟

– نە، لێم مەگرن. مەبەستم لەوەی نەبووە، بەهیچ جۆر وا تێ نافکریەم. وەک دەزانن پەساپۆرتم هەیە، هەر جۆرێک بووە لەم وڵاتە وەدەرم نێن.

– دەتەوێ بگەڕێیتەوە ئێراق؟

– ئێراق؟ بەچی ڕوویەک؟ دەمەوێ خۆم بگەیەنمە ئەوروپا، ئەگەر بکرێت فەرانسە:

همایۆن تۆزێک تێفکراو نەختێکیش ڕاوەستاو ئینجا وتی:

– پێم وایە بەپەساپۆرتی ئێراقی ڕۆیشتن بۆ ئەوروپا ئەویش لە فرۆکەخانەی میهرئابادەوە گەلێک نائاسایی و نەکراو بێتە چاو.

– ئەی چارە؟

– ڕێکخراوی ئێمە برێک کەس دەناسن وەستاکاری دروست کردنی پەساپۆرت و ڤیزەو ئەو جۆرە کارانەی بەڵام برێک گران تەواو دەبێت.

– هەرچەندە گران بێت قەینا. ئینجا ڕوو بەشرین: ئەو ئەمانەتەم دەدەیتەوە؟

شرین هەڵساو هەمان کیسەی ئەمانەتی خستەوە بەر دەستی کوردە و وتی:

– تەماشای کە. تەنها پارچەیەکی زێڕمان لێ فرۆشت ڕەسیدی

زەڕنگەرەکەشی تیادایە بەچەندمان فرۆشتووە بۆ مافی پارێزەر.

کوردە کیسەی هەڵڕێژایە سەر تەپڵەکی بەر دەستی و دوو ئەنگوشتەرە ئەڵماسەکەی لەگەڵ پسووڵەی سەنەدەکەیدا هەڵگرت و ئاورێکی لێ دایەوەو وتەکانی دایکی کەوتەوە بیرو فرمێسک لە چاوانی داچۆڕا.

ئەنگوشتەرە گەورەکە و ڕەسیدەکەی خستە لاوەو بەهمایۆن و شرینی وت:

– ئەو زێڕانە نرخی بازاڕیان ئاشکەرایە. ئەم ئەنگوشتەرە گەلێک بەنرخە، لەگەڵ زێڕەکاندا بیفرۆشن و بیکەنە پارە. ئاماژەی بۆ ئەنگوشتەرەکە کرد:

– تەنها ئەمەیان دێڵمەوە.

همایۆن ئاورێکی دی لە زێڕ و ئەنگوشتەری ئەڵماسی دایەوە:

– ئەوە پارەیەکی زۆرە. پێم وا نییە بەئاسانی بتوانی لە گومرکی فڕۆکەخانەی میهربادەوە وەدەری بەیت.

– تۆ بیکە پارە. با بەلای ئێوەوە بێت توانیتان بۆم بنێرن نەتانیش توانی با بەلای ئێوەوە بێت، تا کاتی خۆی.

– دەتوانم بۆت بنێرم، بەڵام لە باتی گەیشتنیدا پووڵ و پارەیەک وەردەگرن.

– هەرچی وەردەگرن بیدە. بۆ خۆت هەرچی بەلاتەوە چاکە. بیکە.

– ئەگەر بتوانم گوزەرنامەی "لوبنان"ت بۆ پێک بهێنم ڕەنگە بێ دەردەسەرتر بێت، عەرەبیش باش دەزانی.

– بەقوربانت بم هەرچی زووتر. باشتر.

کوردە بڕێک لە زێڕەکانی بەخشیوە شرین. نقیمە ئەڵماسەکەی سەر ئەنگوشتەرەکەی پێش ئەوەی بەرەو فرۆکەخانە بەڕێکەوێ قووت دابوو. پووڵ و پارەیەکی کەم و ئەوی لە گومرک داینابوو هەر ئەوەندەی خستبووە نێو ژانتا دەستیەکەیەوە و ڕەسیدی ئەنگوشتەرەکەشی لە نێو ژانتای جلەکانیدا جێ سازی کردبوو. تا لە فرۆکەخانە نزیکتر دەبوویەوە پرتە پرتی دڵ لەناو قەفەسی سنگیدا زۆرتر دەبوو. شرین و هەمایۆنیش لەگەڵیا هاتبوون بۆ میهرئاباد. لەپڕ هەمایۆن پرسی:

– خانم ناوت چییە؟ کوردە بێ پەشۆکان وەڵامی دایەوە:

– سەلما عەبدولڕەحمان. هەمایۆن بەنیشانەی ئافەرین سەری بۆ لەرانەوە. ئەدی تا لە ئێران وەدەر دەچیت لە پەساپۆرتدا ناوت سەلما عەبدولرەحمانە. میهراباد جمەی دەهات لە خەڵکیدا. هەمایۆن لە چۆنیەتی پەساپۆرت و ڤیزەکە» "سەلما عەبدولڕەحمان" دڵنیابوو. زۆر لە برادەرانی بەو شێوە گەیشتبوونە ئەوروپا. کوردە لە بیریدا سەدان بەرئاورد لە یەکیان دەدا سەرئەنجام کەوتە ئەو بیرەوە کە هەموو کار ڕووبەرایە و نیاز بەنیگەرانی نییە. تەنکە ئارایشتێکی کردبوو جل و بەرگی ئیسلامی پارازتبوو. لە شرین و هەمایۆن جیابوویەوە بەرەو کۆنترۆڵی بلیت و پشکنین ڕۆیشت و بێ دەردەسەر لەوانە تێپەڕی و مایەوە سەر مۆری وەدەرچوون. کابرای پۆلیسی ناو کونەباجەی مۆرلێدانی گوزەرنامە پەڕەی پەساپۆرتەکەی هەڵدەدایەوە. مۆری هاتنە

ژوورەوی نێـو ئێـرانیش بۆ مـتـمـانەی زۆرتر لێـدرابوو. ئاوڕێکی لە روخـسـاوی کـوردەی بەسـەلما بوو دایەوە. کـوردە ئەندازەی تۆقـیـانی چەندین بەرانبـەر بـوو. لەو کـاتەدا منداڵەکـە دای لە گـریان و فـیـزاع کابرای ئەفسـەر بۆ ئەوەی ئەو گریان و فـیـزاعـەی لێ دوور کـەوێتـەوە. ئازا مۆری وەدەرچوونی نەخـشی سەر پەساپۆرتەکەی کردو لە تەلبەنی خاڵی گوزەرنامە ڕۆیشت بەودیوا. کوردە لە خۆشیدا گریانێکی ئارام و بێ دەنگی دەست پێکرد. زۆری نەکـێـشـا ڕۆیـشـتـە نێـو ترمـینـاڵی چاوەڕوانـی سـواربـوونی فـڕۆکـەوە. لەوێش ڕا دووبـارە کـەوتـەوە ژێر پشکنین و تاقی ئەلکترۆنی و سەرئەنجام لە گۆشـەیەکدا لێی دانیـشتن و چاوەڕوانی سـوار بـوون. هێندەی نەکـێـشـا لەدوا دەرگـای ترمـیناڵ گوزەران و بەناو تۆنێلی چوار دەورگیـراودا یەکڕاست تا دەمی دەرگای فـڕۆکـەکە پیادە ڕۆیشت و مـیـواندارەکـە بەبینینی کـارت بۆردەکـەی لەسەر کورسی تەرخان کراودا داینا.

- دەی کوردە: ئەوەندەت نەمـاوە لەم گۆڕسـتـانە وەدەرچیت. چاوێکی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە:

- بۆ خـۆت ئاگـاداری بێ تـاوانیـمـی. ئایا بـەگـوێی بـاوک و دایک نەکردن سزاواری ئاوا سزایەکە؟ هەرچی بوو سوپاسگوزارتم.

دەرگـای فـڕۆکـە داخـراو. کـەوتەڕێ. زۆری نەکـێشـاو پاچکـەکـانی لە زەوی بڕا. بەرەو شاری پاریس.

## ١٦٣

کــوردە توانی بەپێی هەمــان پســوولە لە هــەمــان گــۆگــای جــەواهیــر فرۆشیدا ئەڵماسەکەی تۆزێک بەگرانتر بفرۆشێت و ئەو پارە زۆرەشی خستە بانکەوە، سەرجەم دە ڕۆژێک لە گەیشتنە پاریسی تێپەڕی بوو، کاتی ئەوە هاتبوو بکەوێتــە بیری تۆڵەســەندنەوەی خۆیەوە. لە مـێژدا ڕێگەو ڕەواڵی چۆن دەست پێکردنی هەڵبژاردبوو بەباشی زانی بەرەو یەکـێک لە کافـە ڕسـتورانەکـانی شـەقـامی شـانزەلیـزیە بڕواو لەوێڕا نامەکانی بنووسێت. هوتێلەکەی هێندە لە شـەقامـەکەوە دوور نەبوو. بەعـەرەبانەی منداڵەکـەیەوە. کەوتـە ڕێ و لە قـاوەخـانەیەکـدا لەنگەری خـست و بـەناوی "فـوکـیـە" لە گـۆشــەیەکـەوە دەسـتی بەنـووسین کـرد سەخت بەنووسینەوە خـەریک بوو، عەرەبانەکەشی لە بندەستـابوو لەپڕ منداڵەکــەی زیرەی لـێ هەســتــاو گــریانی دەست پێکرد کــە ڕوانی منداڵێکی تازە پێگرتوو مــــەمــــەکــــەی دەمی منداڵەکــــەی لە دەمی دەرهێنـاوەو خـسـتـوویەتە دەمی خـۆی. لەو گـریان و گـڵــمـەگڵـمـەدا ئافرەتێکی چاوێلکە لەچاو هاتە پێشــەوە. کەنین نەخـشی سـەر زاری بووبوو... یەشتا مەمەی منداڵەکەی کوردە لە دەمی منداڵەکەی دیدا بوو دەیمژی کوردەش مـەمەی سـپێری پـێ نەبوو نەشی دەویست مەمـەکە لە دەمی ئەو منداڵە وەدەر بهێنێت. کـەوتبـووە ژێر کردنەوەی منداڵەکەی خـۆیەوە. ژنـە بەڕاســەری کـوردەوە ڕاوەسـتـابوو یەشـتـا بزەو کـەنین بەسەر زاریەوە بوو بەفارسی لە کوردەی پرسی:

– دیارە کوردی؟

کوردە سەرێکی بۆ لەرزانەوە. ژنە ئاماژەی بۆ منداڵەکەی خۆی کرد. ئەمەش کوردە. دیارە هاوخوێنی کێشاویەتە ئەیراوە. کوردە منداڵەکەی لە ئامێز گرتبوو نەرم نەرم ڕای دەوەشاند. ژنە مەمەی لە دەمی منداڵەکەی دەرهێناو دای بەدەستی کوردەوەو وتی:

– من ناوم یاسەمینە و ئێرانیم و نیوە کوردم.

– دایکت کوردە...؟

– نەخەیر، لوڕم.

– کەواتە لە من کوردتری، هەر نەبێت ئێمەی کورد پێمان وایە. منیش کوردی کوردستانی سەر بەئێراقم. دەستی درێژ کرد و تەوقەی لەگەڵ یاسەمین دا کرد.

یاسەمین گەڕایەوە سەر مێزی خۆی و کوردەش کەوتەوە نووسین. چەندین نامەی نووسی بۆ نووسینگەی ئیمام خومەینی، بۆ سەر کۆماری جومهوری ئیسلامی بۆ وەزیری داد، بۆ دادیاری گشتی وڵات بۆ پەرلەمانی ئێران. بۆ شرین لە تەواوی ئەو نامانەدا بەوردی چۆنیەتی کوشتنی "سەبری و شەهبازی" تیا کردبوو، هەروەها بەشداربوونی فەرهاد و کۆرش لە باندو دەستەی قاچاخچیەتی هیرۆئین بەشێوەی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەکیش چۆنیەتی ژیانی تایبەتی نێوان فەرهاد و کۆرش و لە نامەکەی شریندا ئاماژەی بۆ ئەنگوشتەرەکەی دایکی کرد کە لە پەنجەی کۆرشدایە و فەرهادیش بەوەی دەزانی.

چوار مانگ تێپەڕیبوو بەسەر گرتنی فەرهاد و کۆرش، چوار مانگ

لێکۆڵینەوەو دادگـا . ســەرئەنجــام دادگـا بـڕیاری خــۆی دا . تەواوی بەڵگەکـان لەبەر دەســتی دادگـادا ڕوو کـرابـوو. دان پیــانانی خــودی تاوانبـاران، ئەندازەیەکی زۆری هیـرۆئـین لە مـاڵی فـەرهاددا گـیـرابوو لەگـەڵ ژمـارەیەکی زۆری قـاچاخـچی نێـودەوڵەتی لەیـەک ڕۆژدا لەیەک سەعاتدا فەرهادو کۆرش لە زیندانی قەسردا لە سێدارەدران.

# تەواو

ئەمشەو بەرەبەیانی ١٥-١٢-٢٠٠٥ دوای پێنج ساڵ ژیان لەگەڵ قارەمانەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیانێکی تێکەڵاوی شەو و ڕۆژی وا بەرەو لەیەک دابڕان دەڕۆین. خۆشحاڵم و غەمگین! خۆشحاڵم کە زەحمەتێکی گەلێک زۆرم کێشاوەو تەواو بوو. غەمگینم ئیتر لەو کەسایەتییانە دادەبڕێم و دووردەکەومەوە. ژیانیش هەروایە. سەرەتاو پایانێکی هەیە. ئومێدەوارم ڕۆمانی "دەربار" توانیبێتی کتاوخانەی کوردی دەوڵەمەند کردبێت. ئومێدەوارم!

٢٠٠٥/١٢/١٥
بەرەبەیانی ڕۆژی هەڵبژاردنی
ئەندامانی پەرلەمانی ئێراق
خوسرەو جاف
هەولێر

# فەرهەنگۆک

قفە: بەلەمێکی گەورەیە لە نێوان ڕوباردا دادەمەزرێت و لەمسەر و لەوسەری ڕوبارەوە ڕادەکێشرێت و شتی پێ دەپەڕێننەوە.

پابەرجا: دامەزراندن "نەسب".

ئوردوگا: خەیمەگا.

بازوو: قۆڵ.

فەرمانبەردار: مەئموور.

جیبی ڕووسی: جۆرێکە لە جیب بۆ سوپای ئێراقی هێنراوە.

پیر: پێشەوا، گەورە پیاوی ئاینی.

ژاوەژاو: هەرا.

ئەمن: دەستگای داپڵۆسێنەری سەدام حوسەینە.

ڕۆسمان: جۆرێکە لە جگەرە.

مەعشوقەکانی خەیام و حافز: برێک تابلۆی هونەری ""میناتور""ی ئافرەتەکان چاوو ئەبرۆ پەیوەست و زڵف شۆڕ و قەد و قامەت درێژ و کەمەر باریک.

بەگلاس: ئەمڕۆیانە پەروەردە بوو.

ئەبوغورەیب: بەناوبانگترین زیندانی سەردەمی سەدام و ئێستاش.

مەعاش: مووچە، ڕاتب.

عەریزە: پێشنیاز.

تافتەی زەڕبافتە: بە شتێکی نایاب دەوترێت.

خان خانی: بێ یاسایی، زۆرەملی.

ناوخۆ: داخلیە.

خلە: مەحموود.

بلە: ئیبراهیم.

ڕێنما: موشرف، چاودێر.

یەدەک: ئحتیات.

سیرموزە: زەردەواڵەی گەورە.

نک نائومێد: لە نائومێدی زۆرتر.

میکرۆسکۆپ: دەستگای شت گەورە کردنەوە.

کونکور: تاقیکردنەوەی تێکڕایی بۆ زانکۆکانی ئێران.

بەراورد: هەڵسەنگاندن.

تیسفون: پایتەختی دەسەڵاتی ساسانی.

ساسانی: ئیمپراتۆریەتی ئێران لە لایەن ئیسلام و عەرەبەوە هەروژراو ئێران داگیرکرا.

یە وەزعە: ئەمە وەزعە.

دێرین: کۆن.

وەی: لەم.

چە کردی؟: چیت کردووە؟

وەوەجه ئەحسەن: بە شێوەیەکی باش.

دیرم: هەمە.

مەنیتە: ماوەتەوە.

نەیرم: نیمە.

لە نەزەر ڕوحی: لە بارودۆخی سایکلۆژییەوە.

مەسخەرەس: گاڵتەیە.

سنە خاپور وت؟: بۆچی شاری سنە دەهوروژێت؟

کاورا: کابرا.

ئامێختە: تێکەڵاو.

بایتەو: بگەڕێتەوە.

دەردەسەر: گرفتاری.

چیمن: دەڕۆین.

وەلتا: لەگەڵتا.

نەبایەت: نەدەبوو.

مەعروفیەت: ناسراو.

بام: بێم.

زات: جورئەت.

کاریەلە: کارەکان.

ترسم: دەترسم.

نێڕەسن: ناگەن.

توار: باڵندەی تۆقیاو و بەرزەفڕ.

موفت: بەلاش.

مەردانەگی: پیاوەتی، ئازایەتی.

بنوڕ... بنوڕ: سەیر.. سەیر.

چە دیرین: چیمان هەیە؟

چرا نەوتی: بۆچی نەبوو

ورسی: برسی

تەوحم: حەزم

فرەیە: زۆرە؟

خایەو ڕوین: هێلکەو ڕۆن.

ڕەسمە: دەگەمە.

بچیمن: بڕۆین.

ئەورە: ئەوێ.

وەدەم عیشاوە: دەمەو ئێوارە.

دەنگ دەستم: دەنگی دەستم.

ئەڕام وتیە: پێی وتووم.

شەمسی تەبریزی: کەڵە شاعیری ئەدەبیاتی فارسی و دەستەگێڕەی وژدانی مەولانا مەولەوی لە سوکرەکانیا.

باڵامبو: چیایەکە لە نزیک هەڵەبجەوە

هەرچی و پەرچی: سەرسەری، بێسەروپا

ڕیتمدار: مەوزوون: سەرسەری

شێخ عەلی خانی زەنگەنە: گەورە پیاوێکی ئوستانی کرماشان بوو.

عەلی ئەکبەر خانی زەنگەنە: گەورە ناودارێکی کوردی کرماشان بوو.

ئەرزش: قیمەت.

پەشیز: پول و پارەیەکی زۆر کەمی بێقیمەت.

بێستوون: چیای سەر بە ئاسمان کێشاوی نزیکی شاری کرماشان و هەوارگەی "فەرهاد"ی کێوکەن.

شەودیز: ئەسپە ئەفسانەیەکەی خوسرەوی پەروێز.

سەیلات: جۆرێکە لە شرینی لە خورما دروست دەکرێت.

زاورەتەرەک: ترساو، تۆقیاو.

وەک مەردوم: وەکو خەڵکی.

ناسنەی: نایناسن.

بیشمەرات: بۆت بڵێم.

کەسی چوو: کەسێکی وەک.

دیریمن: هەمانە.

بڕەسیم: بگەین.

سازنم: دروستی دەکەم.

خەریول: دەوڵەمەند، پارەو پوول زۆر.

دەرموقابیل: لە بەرانبەردا.

کوشیەت: دەکوژرێت.

نفلەشدە: لەناوچوون.

بێسەروپا: سەرسەری و هەرچی و پەرچی.

کۆمەک: یارمەتی.

وەڵگەرد: خوێڕی.

بێئاس و پاس: هەژار و نەدار.

دووچەرخە: پایسکڵ.

بگوزەریم: لێیگەڕێ.

پایان: تەواو.

بەچە ئادەم: وەک کوڕی باش.

زرانی: چۆک.

کەفەڵ: دوای ژن و پیاو. بۆ ئەسپ وماینیش دەوترێت.

لەندەهوڕ: زل زەلام، نێرە حەیتە.

هەتیوچە: سورتک.

ئەمیرە چرچەی موکریان: پیاوێکی گەورەی سەردەمی قاجارپە بووە لە موکریان.

داودخانی کەلهوڕ: گەورە ناودارێکی ناوچەی کرماشانە.

کۆما: لە هۆش چوون.

وسیایە: وەستاوە.

ڕوخسەت: ئیجازە، مۆڵەت.

شنەفتم: بیستم.

بەهرە: قانزاج، سوود.

نوکەرتم: خزمەتکارتم، پێش خزمەتم.

قۆنەرەی بە کری: جۆرێک بوو لە پێڵاو جیرەی دەهات. شیریان لێدەدا بۆ ئەوەی جیرەکەی زۆرتر بێت ئەو کاتانە جیرە باو بوو.

دەلە: ئەوەی قاوەی عارەوی تیا دەگێڕن.

سیسی: جۆرێکە لە پێوانەی یەک جار ڕیز و وردیلانەی ئاو و سەوائیل.

ماوخیزم: ئەوانەی لەزەت لە ئازاری خۆ دەبین.

سوپەر مۆدرێن: گەلێک تازە بابەت

بالاتەنە: لە ناوک بەرەو ژوور.

گوزەرنامە: پەساپۆرت.

ڤیزە: ڕویداد.

نەیرت: نییەتی.

چنین کەس: ئاوا کەسێک.

ئیشتیبا: هەڵە.

وەیرانەس: لەیراوە.

ئیجور: ئاوەها.

بڕوبەرگەرد: ئەملاولا.

سەهل ئەنگاری: بێدەربەستی.

بەس مەعرەکەس: کڵاوی با بردوو.

گوش: گوێ.

تەشنە: تینوو.

شلوخ: قەرەباڵغ.

فەدایی: ڕێکخراوێکی چەپگەرای ئێرانییە.

چە وتمە؟: چیم وتووە؟

خەرتوخەر: بەلەبەشوو، هەرکەس بۆ خۆی.

گلێم: بەڕە، جۆرێکە لە مافوور.

عەروسی: ژن هێنان، شایی.

گرفتە: کپ، ماتەم زەدە، غەمگین.

بیلاخەرە: سەرئەنجام.

میرزانووس: ئەوانەی سەوادیان هەیە.

غودەی سەرەتانی: هەڵئاوساوی لە ئاکامی نەخۆشییەوە.

دەس وەردار: لێنەگەڕاندن.

کاخ: کۆشک.

شەوسو: سبەی.

ئەلەم شەنگە: هەراو بەزم، مەرافە.

مەخفیانە: بە دزییەوە، بە ئەسپایی.

قیرات: ئەندازەیەکە بۆ ئەڵماس و بەردە نایابەکان دەوترێت.

یەک نەواختی: هەروا بوون و یەک سەلەفی.

تەتەر: نامەڕەسان.

ئەنجامی وەزیفە: ئیجباری، سەربازیکردن.

ئارتش: سوپا، جەیش.

موشەک: ساروخ.

ویرد: دوعا.

سلولی مێشک: زەرەیەک لە مێشک.

ئۆپۆزسیۆن: موعارەزە.

شیر داو داپیردا: ئەوەی کە ناکرێت و ناوترێت وەک ئەوە وایە پیرەژن بێشیر.

بەسیج: هێزێکی میللی ئێرانە.

تیپی کۆچەری: هێزێکی میکانزمەی کۆمەکی حەرەس جەمهوری سەردەمی سەدام بو لە هەرکوێ شەڕی قورس بایە دەیان نارد.

مارش: مۆسیقای سەربازی

ژنەتیک: ئەندازەیە بۆ بەرئاوردی ڕەگەز.

فرانگشتاین: وا باوە.

جموجور: ڕێکوپێک.

لەیرانە: ئالەیرە.

نەوبەر: نەوبەرە.

داخورماو: هەروژاو.

پلکان: قاڵدرمە.

چوارڕیانی حەسەن ئاباد: یەکێکە لە چوارڕیانە بەناوبانگەکانی نێو شاری تاران.

بێخودە: بێسوودە.

ئەلەم شەنگە: هەراوقیژە.

نایاب: دەگمەن.

ئیبلیس: شەیتان.

ئەار وسیایتە؟: بۆچی وەستاوی؟

دایەنە پیم: داویانە پێم.

وەقەوڵ: بەقسەی.

لامەسەو: بێ دین، بێویژدان.

ناقولا: فێڵباز.

نفلەکەی: بیکوژی.

سادە: ئاسان و سەهل.

وەی سەبەبە: بەم هۆیە.

منیتەو: دەمێنێتەوە.

حیرفەیی: کارامە، پسپۆڕ.

موشکیل: گرفتاری، گرێ.

داڵک: دایک.

ئوتاق: ژوور.

موازب: هوشیار.

ژنیەل: ژنان.

ئاخروئۆخر: سەرەتای پایان.

تەلا: ئاڵتوون، زێڕ.

لوخت: ڕووت.

مادەرزاد: وەک ئەوەی لەدایک بووە.

خەلاف کردە؟: درۆم کردووە؟

وەلی: بەڵام.

خەربازی: حەماقەت، گەوجی.

دەرنەیار: دەرمەهێنە.

نەڕەست: نەگەیە.

کەفت: دەکەوێ.

توامەی: دەمەوێ.

عەجەب کەمەڵی دیرت: وەی چ دوایەکی هەیە.

جوممەی دەهات: قەرەباڵخی زۆر.

سەندەلی: کورسی.

دلهورە: ترسان، دڵەکوتە.

کۆسرە: ئەو ئامێرەی ئاسن و بەردی پێ دەبڕن.

دەبیرستان: پاش ناوەندی.

کاکی بە کاکی: بێ بن و بێخ.

کوچک: بچووک.

ئاژیر: شاور.

کیلۆن: نێرومێی دەرگا.

کەمە قەرەوێڵە: لێواری سەریری خەو.

مەزەجات: کۆی مەزە.

بامە کومەک؟: بێمە یارمەتیەوە؟

ئەرا وسیایتە؟: بۆچی ڕاوەستاوی؟

خەمەی: دەیخەم.

سەلیتە: بێحەیا.

خزمەتگوزار: بە خزمەت.

سەردەمی ئەمەویان: زنجیرەی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لە دوای خولەفای ڕاشدییەوە دامەزراو لەلایەن عەباسیەکانەوە ڕیچەڵەک وەدەرهاتن.

ساوما: دەستگای ئاسایشی ئێران.

خانەخراب: ماڵ وێران.

لەلیم: لێم.

دولکون: دەبەریدە.

چە سەفایی: چەند خۆشە.

مەرافە: شەڕ، هەرا.

ئەرا چەس: بۆ چییە.

بەینولمیلەلە: نێودەوڵەتییە.

جندە: قەحپە.

یەنی یە: یەعنی ئەمە.

مادەشیرە: دەڵەشیرە.

توای بکوشمەی؟: دەتەوێ بیکوژم؟

تیکە: پارچە.

گوشم: گوێچکە، گوێ.

کەمەی: دەیکەم.

تیکەس ها: ماڵە ها، شتە شت.

شاییەک: پارەیەکی کەم و بێ نرخ.

سوراخ: کون و قوژبن.

زەمینا: زەویدا.

تەرتیبی ئەدایمن: دەیکەن.

تەحسیلکەردە: خوێندەوار.

ئەرای کوتامە: بۆیم دروست کردووە.

پاشاخان: ناوی قاچاخچییەکی ئەفغانییە.

یەک گلە: یەک جار.

دیمەسەی: دیومە.

پول و پەلا: پارەومارە.

جنسەکە: ماڵی قاچاخ.

یە جورعە: ئەندازەیە بۆ هیرۆئین لە ڕەگ دان.

بزەنم: لێیدەین.

ئاژدان: ئینزبات، یاساوڵ.

وەکیل: پارێزەر، محامی.

لفەنیرەکەی: هەتیوبازی.

مەتولکە: منداڵی ساوا.

کۆنترۆڵ: چاودێری.